# لە سەر باڵی سیمرخ

گەلاوێژ

# لە سەر باڵی سیمرخ

نووسینی: گەلاوێژ

| |
|---|
| لە سەر باڵی سیمرخ |
| نووسینی: گەلاوێژ |
| بەرگ: مەحمود خۆشناو |
| چاپ: چاپی نوێ / ٢٠١٨ |
| تیراژ: ١٠٠٠ دانە |

## پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز، وا "لە سەر باڵی سیمرخ"تان دەخەمە بەردەست کە باس لە ڕووداوی چوونە کۆنفرانسێک دەکات. بە ڕاستی وەکو دەڵێن، زۆری ئەو کۆنفرانسانەی دەگیرێن و خەڵک بە هەڵەداوان و سنگدەرپەڕاندنەوە بۆی دەچن کە گوایە ناودار و هەڵبژاردەن بۆیە بانگ کراون بۆ کۆنفرانس، کەچی لە ڕاستیدا بەشی زۆری ئەو کۆنفرانسانە (ناوی گەورە و دێی وێرانن) و زۆری ئەو کەسانەی بۆی دەچن، وەک پاڵەوانەکانی "لە سەر باڵی سیمرخ"یان لێ بەسەر دێت.

خوێنەرانی بەڕێز، لێم ببوورن کە کتێبەکەم دیسان بە کوردیی پەتی نووسیوە و ئەو وشە و کەلیمە تازە سەیرانەم تێ نەخستووە، چونکە من لێیان تێ ناگەم و حەزیشیان لێ ناکەم، بۆیە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم.

**گەلاوێژ**
**٢٠٠٤/٤/٢٠**
**سلێمانی**

# له سەر باڵی سیمرخ

به خوا خۆشـه، هەر ئێسـته دەگەمه لایـان و پێیـان دەڵـێم که هەمـوو کارەکـان تەواو بـوون. ئەو کـارانەی ئەگەر یەکێکـی دیـکه خەریکیـان بوایه، به ده ڕۆژی تریش تەواو نەدەبوون. با بزانن من چەند بەکارەم و چەند ئازام. بەدەم ئەم قسانەوه شێرزاد پێچی کردەوه ناو شـەقامی دەستەڕاسـتی و له بەردەمـی مـاڵی بـرا گەورەکەی ئوتـومبیلەکەی ڕاگـرت، به خۆشـییەوه پەلامـاری جانتـا دەسـتییەکەی دا و له ئوتـومبیلەکەی هـاته دەرێ. چەند هەنگاو بەرەو مـاڵەکه چـوو، دیسـان گەڕایەوه لای ئوتومبیل، به چاکی سەیری کرد و لەبەر خۆیەوه گوتی

لە خۆشیاندا وام زانی دام نەخستبوو، کەچی داشم خستبوو.

گوڵزار خانمی براژنیشی لە ژووری نوستنەکەی سەری قاڵ بوو، ئەویش بە دڵێکی خۆشی پڕ لە ئومێد جانتای جلەکانی داخست لە دوای ئەوەی کە دڵنیا بوو هەموو شتە پێویستەکانی بە زیادەوە تێ خستووە. ئەو شتانەی کە بۆ چوونی شوێنی یەک ڕۆژی یاخود چەند سەعاتی لێ جیا نەدەبوونەوە، چ جای بۆ ئەم سەفەرە کە بە لای کەمەوە هەفتەیەکی پێ دەچوو.

بۆیە جانتاکەی لە پەنایەکی ژوورەکەی دانا، ئینجا کەوتە پشکنینی جانتا بچووکەکەی دەستی و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەمە لیستی شتی مناڵەکان کە داوایان کردووە بۆیان بێنم. ئەمەش فرچە و دەرمانی ددان. کریمی نیڤیا. بنیسکە سابوونی ڕەقی، هەرچەندە لە ناو جانتا گەورەکەشمدا قاڵبێکی تەڕنەکراوم پێیە. ئەمەش دەفتەرە بچووکەکەم. قەڵەم. دەسڕ. کلینکسی تەڕ.

گوڵزار خانم هێشتا هەر خەریکی ژماردنی شتەکانی بوو کە ئەحمەد بەگی مێردی کردی بە ژووردا و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

- ها گیانە لە چیدای؟ خۆتت ئامادە کرد؟

گوڵزار بە گەرمییەوە وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەرێ وەڵا، هەموو کارەکانم کرد. ئێستە حازر و ئامادەم. بەیانی زوو کە هەستام، هەر دەم و چاوم دەشۆم، نوێژەکەم دەکەم و ئیتر تەواو.

ئەحمەد بەگ گوتی:

- زۆر چاکە دەستت خۆش بێت. منیش هەموو شتێکم حازرە، تەنانەت حەبی سەرئێشە و ئەو شتانەشم هێناوە. گوتم ئێ دونیایە پێویستمان پێیان بوو، شەوێکە، ڕۆژێکە، سەرگێژە و دڵتێکەڵهاتنێکە، بە تایبەتی کە بەشێکی ڕێگەکەمان بە پاپۆڕە و لە ناو دەریادا دەبین. ئەگەرچی لە ناو فڕۆکە و پاپۆڕ و ئەو شوێنانەدا شتی وا و دەرمانی دیکەش دەست دەکەون، بەڵام خۆمان پێمان بێ باشترە. ئەحمەد بەگ لەسەر قسەکەی ڕۆشت و گوتی:

- ئینشائەڵاچەند ڕۆژێکی خۆش دەبەینە سەر. ئینجا هاتە نزیک گوڵزار خانمی ژنیەوە و بە دڵسۆزانە و دڵپێوەبوونەوە دەستێکی خستە سەر لامل و ڕوومەتی و گوتی:

- با چەند ڕۆژێک بۆ خۆت پشوویەک بدەیت و هەندێ لە قڕە و تەگەرەی ماڵ و مناڵ دوور بکەویتەوە. ماڵت ئاوا بێت، بە ڕاستی کەسم نەدیوە وەکو تۆ ئەوەندە خۆشی و ژیانی خۆی و هەموو هەستی هەر بە لای مناڵەکانیەوە بێت، نەخوازە لە ئێستەدا نەوەی

شەیتانیشی هاتووەتە سەر، ئیتر هەر بە جارێک خۆتت فەوتاند. وتمان ئەوە شکور مناڵ هەموو گەورە بوون و ئیتر دەبێت بڕوا بە خۆیان بکەن و ئێمەش هەندێ بحەسێینەوە، کەچی مەسەلە ئەڵمانییەکە گوتەنی: تا منداڵ بچووکن، تەگەرە و موشکیلەشیان بچووکە و کە گەورە دەبن، موشکیلەشیان گەورە دەبێت لەگەڵیان.

گوڵزار خانم بە نازێکەوە دەستی مێردەکەی لە سەر ڕوومەتی خۆی لابرد و گوتی:

– بەس لەم قسانەم بۆ بڵێ، تازە خوویە گرتوومە بە شیری، بەری نادەم بە پیری، ناگۆڕێم، من هەر وام و وا دەمێنم، بە دەست خۆم نییە. ئەو ڕۆژەی گوێم لە پێکەنینی منداڵێکم دەبێت، لای من ئەوە هەموو خۆشییەکی دونیا دەهێنێت و ئەوپەڕی بەختیاریم دەبێت. کە یەکێکیان بە ماتی دەبینم، گورج هەست دەکەم دونیام لێ تاریک بووە، ئینجا نەخوازەڵا کە یەکێکیان ببێت بە خاوەن منداڵ. ئەوە هەر بە تەواوی وا دەزانم ئەوانە لە ناو پەڕەی دڵمەوە هاتوونەتە دەرێ. هەر وەک مەسەلە عەرەبییەکە دەڵێت: مافی اعز من الولد الا ولد الولد.

ئەحمەد بەگ پێکەنی و گوتی:

– ئەمە ئەم مەسەلانەش دەزانی؟

گولزار خـانم بەدەم ڕێکخسـتن و داخسـتنی جانتـاکەی دەسـتیەوە بە زەردەخەنەوە گوتی:

- ئەی چـۆن، وا دەزانـی هەر تـۆ هەمـوو شـتێک دەزانـی؟ کە خەڵکـی خوێندەوار بوو، هەموو شتێک دەزانێت و هەموو ڕۆژێک شـتێکی تـازە و بیرێکـی تـازە فێـر دەبێـت. بە ڕاسـتی خوێنـدن و خوێنـدنەوە وەک ڕوونـاکی و چـرای ژیـان وان. مـن سـەرم لە هەنـدێ کەس سـوور دەمێنێ کە دەڵێن تاقەتمان دەچێت لە ماڵەوە و هەر ئەوەندەت زانـی فڕکوهـوڕ چـووەتە دەرەوە و گەڕان و مـاڵی ئەم و ئەو و ناوبـازاڕ، هیـی وایـان هەیە ئەگەر ڕۆژێـک نەچێـتە دەرەوە، لە لای دونیـا ئـاخر زەمـان دەبێت. کەچـی منـیش خواخـوامە کە هەنـدێ مـاوەم هەبێـت و دەسـتم بەتـاڵ بێـت بـۆ ئەوەی تـۆزێ بچـمە ژوورەکەم و چەنـد لاپەڕەیەک بخوێنمەوە.

ئەحمەد بەگ پەلی ڕاکێشا و گوتی:

- دەسـتت خـۆش بـێ و لە خوێندنـەوە خۆشـتر نییە. کتێـب باشـترین هـاوڕێ و هـاودەمی مـرۆڤن، بەڵام جـارێ هەسـتە بـڕۆین بـزانین. وا بزانم گوێم لە دەنگی شێرزاد بوو. خوا بکات کارەکانی ڤیزە و بلیت و ئەو کارانەی جێبەجێ کردبێ، ئەگینا فریـا نـاکەوین. ئـەمڕۆ سـیویەکی مـانگە. دووی مانـگ کۆنفرانسـەکە دەسـت پـێ دەکـات بە تـایبەتی کە

فڕۆکەکەمـــان ڕاســـتەوخۆ ناچێـت بـۆ ئەوێ، یەکەم جـار دەبـێ لە جزیـــرەیەک دابەزیـــن و لەوێـــوە بە پـــاپۆڕ دەڕۆیـــن بـــۆ ئەوێ. دەعوەتنامەکە وای لێ نوسراوە، دەبێ بلیتەکانیش بەو جۆرە بڕرابن.

ئەحمەد بەگ و ژنەکەی بە جووتە لە ژوورەکە هاتنە دەرێ و ڕوویان کردە ئەو ژوورەی دەنگی شێرزادی لێ دەهات.

شێرزاد هەژدەهەژدە کەوتبووە قسە لەگەڵ پەروینی برازای و باسی ئیشـەکانی بـۆ دەگێـڕایەوە کە ئـەمڕۆ چیـی کـردووە و چەنـد ئـازایی نواندووە تاوەکو توانیویەتی ئەو ڕیزە دووررودرێژەی خەڵک بپشکنێ و پێشـیان بکەوێـت، نەک لێیـان بپـاڕێتەوە کە ڕێگـەی بـدەن، بگـرە خەڵکەکە بە خۆشـی و ڕەزامەنـدیی خۆیـانەوە ڕێگـەیـان داوە کە پێش هەموویـان بکەوێـت و بە پەلە بگـاتە بەردەم کاربەدەسـتانی ڤیـزە و پاسـپۆرت و ئەو کـارانە، لەبەر ئەوەی زانییـان مـن کـوردم و کـورد لە ئەورووپا چەند خۆشەویستن و چەند بەزەییان پێمـان دێتەوە، هەمـوو باسـی هەڵەبـجەی شـەهید و ئەنفـالکردنی کـورد دەزانـن. شـێرزاد بە گەرمیـیەوە لەسـەر هەمـان هەڵچـوون و ڕووداوگێـڕانەوەی بـوو کە ئەحمەد بەگی براگەورەی و براژنی گەیشتنە لای.

شێرزاد هەر چـاوی پێیـان کەوت، سـەرکەوتوانە دەسـتی دایە گیرفـانی و دوو پاسپۆرت و دوو بلیتی فرۆکەکەیانی هێنایە دەرێ و گوتی:

- ئەوەتە، نەموت دڵتان هیچ نەکات، ئەمڕۆ من واز ناهێنم تاوەکو جێبەجێیان نەکەم.

براکەی گوتی:

- هەر بژی، بە ڕاستی هەرچەندە خۆمان ئامادە کردبوو، بەڵام زۆر دڵنیا نەبووم کە ئەو کارانەمان وا زوو جێبەجێ بکرێت، بە ڕاستی هەی ئافەرین.

ئەحمەد بەگ پرسیی و گوتی:

- ئەی ڤیزە و کاری ئەوانی تر؟

شێرزاد بە هەناسەبڕکێ و خۆشییەوە گوتی:

- ئۆهۆ، هیی ئەوان هەر زوو بۆم وەرگرتبوون، لە پێرێوە داومەتە دەستیان. بەڵام ئەمەی ئێوە خەتای پاسپۆرتەکانتان بوون، چونکە دەبوو تازە کرانایەوە. خوا ڕەحمی کرد ئەویش هەڵپەهەڵپی من نەبوایە کە چەند جار چوومە سەریان و دەعوەتنامەکەم بۆ بردن، وا زوو تازە نەدەکرانەوە.

شێرزاد ئەوەندەی تر گوڕی دایە خۆی و کەوتە باسی لێپرسراوی سەفارەتی یۆنانی کە چیی گوتووە و چۆن گوتوویەتی حسابی تایبەتی بۆ ئەحمەد و هاوڕێکانی دەکەین، من لە زووەوە ئەحمەد بەگ دەناسم و ناوبانگیم زۆر بیستبوو. کاتێ لە سەفارەتی خۆمان بووم لە

بەغدا و هێشتا بەینی کورد و حکومەتی بەغدا وا تێک نەچووبوو، دوو سێ جار لە کۆبوونەوە و زەماوەنددا ئەحمەد بەگم دیبوو و دەمناسی. شێرزاد دەستێکی دا لە سنگی خۆی و قسەکەی درێژە پێ دا و گوتی:

- لێپرسراوەکە وتی خەبەرمان داوە بەوانەی دێن بە پیریانەوە، کە گەیشتن، چییان بۆ بکەن و چۆن بە گەرمی پێشوازییان لێ بکەن و چۆن ڕێ و جێی تایبەتیان بۆ تەرخان بکەن، چونکە ئەمان کوردن و لێقەوماون، دەبێ ڕەفتاری تایبەتیان لەگەڵ بکرێت.

گولزار خانمیش هەر بەوەدا دەگەیشت کە لە بەینی قسەکانی شێرزاددا کە دەیکردن، بڵێت:

- هەی دەستت خۆش بێت. هەر بژیت. بە خوا ئەو کارە زەحمەت و قورسانە هەر لە خۆت دێن و هەر بە خۆت دەکرێن. بەڵام ئەحمەد بەگ زۆر دڵی خۆی خۆش نەکرد بە قسەکانی شێرزادی برای. چونکە یەکەم براکەی خۆی دەناسی کە چەند قسە گەورە دەکات و چەند دڵپاک و خۆشباوەڕیشە. هەروەها سەفارەت و ئەو جۆرە شوێن و کەسانەش دەناسن کە ئەوان چەند بەپێی مەسڵەحەتی خۆیان کار دەکەن، ئەوەندە گوێیان لە ناسیاوی و ئەو شتانە نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد بەگیش خەریک بوو هەندێ بڕوا بکات، شێرزادی

برای چونکە ئەوەندە بە گەرمی و خۆشییەوە قسەی دەکرد، وەکو مەسەلەکە و بەهاری بە جارێک هێنابووە چۆکان بۆیان.

بەیانی سەعات هەشت ئەحمەد بەگ و ژنەکەی بە جانتاوە لە فرودگای هیثرۆی لەندەن لە ئۆتومبیل دابەزیبوون و شوێن کاکە شێرزادی دەمڕاستیان کەوتبوون بەرەو شوێنی سەیرکردنی پاسپۆرتەکان و چوونەژوورەوە بۆ سواربوون. هاوڕێکانی تریشیان گەیشتبوون کە ئەوانیش دەعوەت کرابوون بۆ ئەو کۆنفرانسەی کە لە یۆنان بە ناوی دیفاع لە هەقی گەلانی زۆرلێکراو دەبەسترا. کۆمەڵگەی حقوقی ئینسان لە ئەورووپا ئەم کۆنفرانسەی ساز دابوو و گەلێ خەڵکی ناسراو و نووسەر و هونەرمەندی بانگ کردبوو، لەو کەسانەش ئەحمەد بەگ و هاوڕێکانی بوون کە بریتی بوون لە چیرۆکنووس شەوکەت هەورامی و خاتوو نەزیرەی ژنی کە کاتی خۆی لە وڵات موعەلیمە بوو و ئێستە لە سوید ئاگای لە پیرەمێرد و پیرەژن بوو. هاوڕێیەکی تریشان ناوی دکتۆر عادل بوو، ئەو لە لەندەن دەژیا. کاتی خۆی لەگەڵ ژن و دوو کوڕی هاتبوو بۆ ئەوێ، بەڵام ئێستە لە ژنەکەی جیا ببووەوە. ژنەکەشی دوو منداڵەکەی بردبوو و بۆ خۆی چووبوو بە جیا دەژیا. کاتی خۆی ئەو دکتۆرە چووبووە شاخ گوایە لە دەست حکومەتی بەغدا ڕای کردبوو بۆ ناو

پێشمەرگە و بەینێک لەگەڵیان مابوو و هەندێ عیلاج و برینپێچییشی بۆ کردبوون، دوایی و هەرزوو بە بیانووکەیەوە خۆی گەیاندبووە لەندەن و لەوێ مابووەوە، ئەویش هەر بە ناوی دکتۆری کوردی لێقەوماوەوە بانگ کرابوو. ئەو ڕۆژە ئەویش خۆی گەیاندبووە هێژرو تاوەکو لەگەڵ ئەوانەی تر پێکەوە بڕۆشتنایە بۆ ئەو کۆنفرانسە. هاوڕێی سێیەمیشیان ناوی سەیفەدین بوو و هەولێری بوو، ئەویش چاوی لەو خەڵکە کردبوو کە دەڕۆن بۆ دەرەوەی وڵات و بۆ ئەورووپا و ئەو ناوە، هەرچەندە لە هەولێر حاڵی باش بوو و دوکان و خانوو و ئوتێلی هەبوو، ژنەکەی لە یەکێک لە دائیرەکانی حکومەت مامور بوو، بەڵام لەبەر چاولێکەری، ئەویش ئەوەتەی هەولێر گیرابوو لە لایەن پارتی و حەرەس جمهوریی سەدامەوە، لەگەڵ ژن و مناڵەکانی خۆی گەیاندبووە سوید.

فڕۆکە بەرز بوووەوە. نانیشیان بۆ هاتبوو کە بیخۆن، بە نانخواردنەکەش هەندێ ڕایان بوارد، بە تایبەتی گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرە کە نەیاندەوێرا بە باشی نانەکەیان بخۆن لە ترسی گۆشتی بەراز، هەرچەندە دیاریش بوو کە ئەوەی بەردەمیان گۆشتی مریشکە، بەڵام هەر منگەمنگیان بوو، بۆیە کەوتبوونە خواردنی نان و کەرە و زەڵاتە و ئەو شتانەی تر.

هەرچەندە سەیفەدینی خاوەن قاوەخانە و ساندویچخانە شارەزایانە بۆی ڕوون کردبوونەوە کە ئەمە مریشکە، بەڵام فایدەی نەبوو، بۆیە پیاوەکانیان نانیان کەوتبووە ڕۆنەوە، چونکە ئەوان بەشە گۆشتەکەی ئەوانیشیان خواردبوو. دوای ئەوەی میوانداری فرۆکە خواردنەکانی کۆ کردەوە، ئیتر ئەمانیش کەوتنە قسە و باس لەگەڵ یەکتر.

پیاوەکان سەریان نابوو بەیەکەوە، هەریەکەیان قسە و نووسینی حازر کردبوو کە لە کۆنفرانسەکە بیخوێنێتەوە، یا هەر هیچ نەبێت بیانتوانیایە بیاندایەتە دەستیان کە تیایدا سکاڵای حاڵی کورد کرابوو کە حاڵی حازر چۆن دەژین و چەن فەقیر و بێخانوو و ئاوارە هەیەن چۆن دێهات و ماڵی خەڵک هەمووی کاول کراوە، باسی ئەنفال و هەڵەبجە، مناڵی هەتیوی بێسەرپەرشت و بێدەرمان و بێدەرامەت، تاوەکو هەندێکیان باسی کەمئاوی و بێئەلەکتریکییشی کردبوو، بە تایبەتی ئەحمەد بەگ و مامۆستا شەوکەت یەکی دە دوانزە لاپەڕەیان نووسیبوو. لەو کاتەدا هەریەکەیان نووسینەکانی دەرهێنابوو و پیشانی ئەوی دیکەی دەدا.

خاتوو نەزیرە کە قسەخۆش و گاڵتەچییش بوو، زۆرزانانە سەیرێکی کردن و گوتی:

- ئەیەڕۆ خۆ هەر خوێندنەوەی نووسراوی هەریەکەتان ڕۆژێکی دەوێت. ئەمە چۆن ئەو هەموو ماوەیەتان بۆ تەرخان دەکەن؟ ئێستە ڕەنگە سەدان کەس وەکو ئێوە کاغەز و سکاڵای خۆی هێنابێت، کەواتە ساڵێکی دەوێت هەر بۆ خوێندنەوەی نامەکانتان.

دکتۆر عادل گوتی:

- ئێمە دەڕۆین و دەیبەین، ئیتر بزانین چۆن دەبێت. بەڵام وەکو کاک شێرزاد پێی گوتین، حسابی زۆرمان بۆ دەکەن و ئەو گوتی چی دەنووسن بنووسن، مەسەلەی کورد تایبەتی دەبێت.

شەوکەتی چیرۆکنووس هەڵی دایێ و گوتی:

- وایە وایە، دەبێ حسابی تایبەتی بۆ ئێمە بکەن. دەستی بردە بەردەمی و دوو سێ کتێبی دەرهێنا و گوتی ئەمانەشم هێناوە کە پێشکەشیانی بکەم

سەیفەدین باوێشکێکی دا، وا دیار بوو زۆری خواردبوو و گوتی:

- ئینجا ئەوان چووزانن کوردی بخوێننەوە؟

شەوکەت کتێبەکانی گەڕاندەوە ناو کیسەکە و گوتی:

- کاکە من بۆیان دەبەم، ئیتر خۆیان دەزانن چی دەکەن و چیی لێ دەکەن.

گوڵزار خانم کە چاوی بە کتێبەکانی مامۆستا شەوکەت کەوت، بە گەرمییەوە گوتی:

- ئەوە چییە دەڵێی کتێب و چیرۆکی تازەت نووسیوە، ئەی بۆ ئێمە نەمانزانیوە؟

مامۆستا شەوکەت ویستی تۆزێ خۆی وەک هونەرمەندێکی زۆر قورس و دەستوپەنجەزێڕین پیشان بدات، بۆیە لەسەرخۆ گوتی:

- بەڵێ، لەم بەینەدا کتێب و چیرۆکێکی تازەم نوسیوە بە ناوی تازە، وا هەفتەیەکە لەژێر چاپدایە، دەردەچێت و دەکەوێتە بازاڕەوە، ئینشائەڵڵا بۆت دەنێرم.

گوڵزار خانم وەڵامی دایەوە و گوتی:

- یا ڕەبی دەستت خۆش بێت، وەڵا زۆر باشت کردووە. ئەوە کامیانە تازەکە، بێزەحمەت ئەگەر بمدەیتێ، هەروا بە پەلە سەیرێکی بکەم.

مامۆستا شەوکەت بە نابەدڵی گوتی باشە بە سەر چاو، دەستی برد و دوو کتێبی بۆ دەرهێنا، دانیە دەستی و گوتی:

- بە داخەوە هەر ئەم چوار ژمارەیەم پێیە، ئەویش لە سەرم نووسیوە و پێشکەشم کردوون، بۆیە ناتوانم بتدەمێ.

گوڵزار خانم گوتی:

- دەزانم دەزانم، زۆر سوپاست دەکەم، گوتم هەروا چاوێکیان پیادا دەخشێنم.

گوڵزار خانم کتێبەکانی لێ وەرگرت. پێش ئەوەی کتێبەکە بکاتەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- بە ڕاستی ئینسان خەریکە خوێندنەوەی بیر دەچێتەوە لە تاو ئەم بابەتانەی کە بوونەتە مۆدەی ئێستە و ئەم وشە و کەلیمە سەیرانەی کتێب و ڕۆژنامە و ئەو شتانەی پێ پڕ دەکەنەوە، حەرام بێ، زۆر جار غەزەتە و هەندێ کتێب دەگرم بە دەستمەوە کە بیانخوێنمەوە، بەڵام ئەوەندە تووڕەم دەکەن، دەڵێم بە ڕاستی ئەو کەلیمە تازانە چییە ئەم نوسەرە تازانەی ئەم سەردەمە کردوویانە بە عەلمۆدە؟

مامۆستا شەوکەت دیسان عالمانە وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئاخر دونیا گۆڕاوە و دەبێ نووسینیش بگۆڕێ بۆ چەشنێکی تازە.

گوڵزار خانم زانیی کە ئەویش ڕەنگە لەو وشە بێسەروبەرانەی بەکار هێنابێ. بۆیە گوتی:

- خۆ وەڵا قەینا دونیا گۆڕاوە و دەبێ نووسینیش پێشتر بکەوێت، بەڵام نەک لە خۆیانەوە. ئەو کەسانە لە خۆیانەوە وشە و کەلیمەیان دروست کردبێ و بە کەیفی خۆیان کە سەر لە خوێنەوار دەشێوێنێ و

دەبێت بۆ یەکێک بگەڕێیت تاوەکو لێی بپرسیت کە مەعنای ئەو کەلیمە و وشە چییە؟

ئەحمەد بەگ هاتە قسە و گوتی:

– هەمووی هەروای لێ هاتووە. ئەی بۆ باسی ئەو شیعرە سەروپۆتەلاک شکاوە تازانە ناکەن؟ بڕواتان بێت لەو ڕۆژانەدا شتێکم خوێندەوە لەو بابەتە تازانە کە پێی دەڵێن شیعر، هەر سەرم سووڕ ما. هەر ئەوە نەبوو بڵێیت بامێ خوێنی ڕژاوە، کوولەکەش چووەتە حەپسخانەوە، مەسینەی ماڵی دراوسێکەمان دڵی زۆر تەنگ بووە بۆیان.

هەموویان بە شیعرەکەی ئەحمەد بەگ دەستیان کرد بە پێکەنین و کەوتن بە گازی پشتدا و گوتیان ئەمە چ بوو؟

ئەحمەد بەگ بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– وەڵا بە قەبری باوکم شیعرەکە ئەوەندە فەرقی نەبوو لەگەڵ ئەمەی من. بگرە ئەمەی من زیاتر ئینسان لێی تێ دەگات. لە هەمووشی خۆشتر ئەوەیە کە هەرکەس هەستا و دوو سێ دێڕی لەم بابەتانە نووسی، ناوی دەبێت بە ئەدیب و نووسەر و شاعیر. ئەو ڕۆژە کاک بەکر لە وڵات گەڕابووەوە، دەیگوت ڕۆژ نییە بە چەندەها کتێب لەم جۆرە نووسین و شیعرانە بڵاو نەبێتەوە. بەڵام بە خوا هەر لەوێدا

دەکەون و کەس هەر تاقەتی نییە سەیریشیان بکات. جەماعەت بەم قسە و باسانە سەری خۆیان قاڵ کردبوو، هەندێکیان چاویان چووبووە سەر یەک، هەندێکی تر هەستان چوون بۆ دەست بە ئاو گەیاندن و دەستشتن. حەزیان دەکرد کە کاتەکەیان بەرنە سەر.

دوای ماوەیەک زەنگە بچکۆلەکەی بەردەمیان لێی دا و گوتی:

پشتێنەکانتان ببەستن، وا فڕۆکەکە دادەبەزێت، گەیشتین.

هەموویان دڵیان خۆش بوو و لەگەڵ خەڵکەکانی تر کەوتنە خۆیان.

گوڵزار خانم کتێبەکانی دایەوە دەستی مامۆستا شەوکەت و گوتی:

- ئۆخەی، باسی شیعر و کتێب سەرقاڵیان کردین، شکور هەر بە خۆشمان نەزانی کەوا گەیشتین.

ئینجا کەوتنە پیشتێنبەستن و باسی ئەوەی ئاخۆ چەند لەو جزیرەیە بەند دەبن؟ دەبێ کێ بیانباتە لای دەریا و پاپۆڕەکە؟

دکتۆر عادل گوتی:

- بە قسەی کاک شێرزاد، لە بەردەمی فڕۆکەکە دادەبەزین، خەڵک لەوێ چاوەڕێمان دەکات و هەموو شتێکمان پێ دەڵێن. تۆ جارێ با دابەزین، خوا گەورەیە.

کات پاشنیوەڕۆ بوو، بەڵام لەبەر فەرقی سەعات درەنگتر بوو. جزیرەکە لەو بەرزییە و لە فڕۆکەکەوە زۆر بچکۆلە دیار بوو.

ئەوانەی لە پەنجەرەکەوە سـەیریان دەکرد، سـەریان سـوورِ مـابوو کە چۆن ئەم فرِۆکەیە دەتوانێت لە سـەر ئەم جزیـرە بچـووکە دابەزێت؟ ژنەکان بە یەکتریان دەگوت پەنا بە خوا دەڵێیت ئێستە لە نـاو دەریـاکە دەنیشـێتەوە. ئیتـر وردەوردە فـرِۆکەکە خەریکـی دابەزیـن بـوو، بە دەوری جزیـرەدا دەخـولایەوە، دیمەنـی ئەو دەریـا و ئەو جزیـرە خـرِە سـەوز و شاخاوی و جوانە یەکجار دڵفرِێن بوو. ئاخری کە دابەزین، سەیریان کرد هیچ ئەو جزیرەیە ئەوەندە وا بچووک نەبوو وەکو بۆی دەچـوون و ئەمە هەمـوو دەشـت و هەمـوو شـەقامی پـان و بەریـن و گـوڵ و گـوڵزار و بـاخە و ئوتومبیـل فرِکوهورِیـانە، خـانوو و مـاڵ و خەڵکێکـــی زۆر بە جـــادە و شـــەقامەوەن. دابەزیـــن و شـــتەکانیان وەرگرتەوە، سەیریان کرد نە کەس چاوەرِێیان دەکات و نە کەسیش هەر هـــات بە لایـــانەوە و چـــوونە دەرێ، وایـــان زانـــی کە لە دەرێ کەسێک بۆیان وەستاوە و چاوەرِێیان دەکات. هـاتنە دەریشـەوە کەس نەبـوو و هەر خەڵـک بـوون سـواری تاکسـی دەبـوون و دەرِۆیشـتن. یەکێکیان گوتی:

- باشە ئێمە ئێستە بۆ کوێ بچین و لە کێ بپرسین؟ بە تاکسی بڵێین بمانباتە کوێ؟

دکتۆر ویستی خۆی بکات بە چاوساغیان، گوتی:

هەر ئێســـتا دەچـــم لەم لێپرســـراوەی فرودگـــاکە دەپرســـم و دەعوەتنامەکەمانی پیشان دەدەم.

دکتـۆر بەرەو لای لێپرسـراو چـوو. تـا ئەو چـوو و هـاتەوە، ئەمـانی تریش کەوتبوونە قسە و ورتەورت.

ئەحمەد بەگ لە دڵی خۆیدا گوتی:

– نەمگوت شـێرزاد قسـەی گەورە دەکات و وا دەزانـێ هەمـوو شـتێک بە فیشاڵ و قسەی ئەو دەبێت.

گوڵزار خـانمیش هەناسـەیەکی هەڵمژی و هەڵڕشـت، لەبەر خـۆیەوە و بێ ئەوەی کەس گوێی لـێ بێت، گوتی خـۆ بە قسـەی شـێرزاد بـوایە، ئێستە هەر یەکێکمان بە کۆڵی یەکێکەوە دەبووین.

مامۆســتا و خــاتوو نەزیــر و ســەیفەدین هەریەکەیــان قســەیەکی کــرد. دکتۆر گەڕایەوە لایان و گوتی: بڕۆن زۆر ئاسانە، خەڵکی دیکەش وەکو ئێمە بۆ ئەوێ دەعوەت کراون. بەرنـامەکە وایە کە لە بەر دەرگـا سـواری تاکسـی بـین و بچـین بـۆ ئوتێل و لەوێ لەو ئوتێلە نـان بخـۆین و پشـوو دەدەین. بۆ سـەعات شـەش دەڕۆیـن بـۆ ئەسـکەلە تـا سـواری پـاپۆڕ ببـین. ئەمشـــەو لە پـــاپۆڕدا دەبـــین، بەیـــانی ســـەعات دە دەگەیـــنە (ئەســـینا) و لەوێشەوە دەمانبەن بۆ ئوتێل و لەوێ هەموو شتێکمان پێ دەڵێن.

ئەحمەد بەگ وتی:

- ئەی باشــە بــۆ پــارە چــی بکەیــن؟ لە کــوێ پــارە ورد بکەیــنەوە؟

بێگومان لێرەش و لە ئوتێلیش بانک هەیە، با بچین.

دکتۆر گوتی:

- پارەمان ئەوەندە ناوێت. ئوتێل و خواردن هەمــووی لەســەر حســابی کۆنفرانسەکەیە.

سواری تاکسی بوون و دوای بەینێک گەیشـتنە بەردەم ئـوتێلێکی پێنج ئەســـتێرەی زۆر نایـــاب. چـــوونە ژووری و دوای ئەوەی کـــاغەزی دەعوەتەکەیان پیشانی لێپرسراوی ئوتێلەکە دا، ئەوانیش بردیـاننە سـێ ژوور. دوو پیـاوە سـەڵتەکە، دکتـۆر عـادل و سـەیفەدین، لە ژوورێکـدا، ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانم ژوورێک و مامۆستا و خـاتوو نەزیـریش ژوورێــک. ژوور و ئــوتێلەکە ئەوەنــدە خــۆش و دڵگیــر بــوون، هەر ئینسان حەزی دەکرد نە نـان بخـوات و نە ئـاو بخواتـەوە، چونکە هەر بە سەیرکردنی ئەو دیمەنە جوانانە ئیتر تێر دەبوو.

ئـوتێلەکە لە سـەر بەرزاییـەکـی لـەبەردەڵان و پـاک و دڵگیـر دروسـت کرابوو کە بە سەر دەریاییەکی شینی بێسنووردا دەیڕوانی.

کەسێک کە لە ژووری ئەو ئـوتێلە دانیشـتایە، ئەوەنـدە هەسـتی بە هێمنـی و خۆشــی دەکــرد کە دەتگــوت دوو ســێ حەبــی ڤــالیۆمی قــوت داوە. شـڵپوهوڕی ئەو شـەپۆلە بەرز و کەفاوییـانە کە شـوێن یەک دەکەوتـن و

به پەلە خۆیــان دەدا لەو بەرد و بەرزاییــانەی ئەو نــاوە، دیســانەوە بە پەلە دەگەڕانەوە ناو دەریاکە، دەتگوت کەسێک بە تێلاوە ڕاویان دەنێن. نەخوێندەواریشــی دەهێنــایە ســەر ئەوەی دانیشــێت و شــیعر و گــۆرانی بەســەر ئەو دەریــا و دیمەنەدا هەڵبدات و بڵێت. ئەوەنــدەی پــێ نــەچــوو هاتبوونــە نــاو ژوورەکانیــان کە لە دەرگاکانیــان درا تــا بێن نــان بخــۆن و ئیتر بڕۆن بەرەو قەراغ دەریا تاوەکو سواری پاپۆڕ ببن.

خاتوو نەزیر گوتی:

- بە خوا ئەگەر لێم گەڕێن مـن بـۆ خـۆم ئەم یەک دوو سـەعاتە لێرە بم، هیچی دیکەم ناوێ، وەک پاڕانەوە ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی تو خوا با لەم ژوورە خۆشـە پاڵ بکەوم و سـەیری ئەم دەریـا جـوانە بکەم. تۆ بڕۆ. کە هاتیتەوە، پاروویەکم لەگەڵ خۆت بۆ بێنە.

مێــردەکەی کە لە دەســت و دەم و چــاو شــتن ببــووەوە و هەنــدێ حەسابووەوە، گوتی:

- کچێ حەیامان دەچێت، پارووی چیت بۆ بێنم. بە پێکەنینەوە گوتی: هەستە وەرە لەگەڵم، لێرەش مەکر مەنوێنە. ئەی چا ناخۆیتەوە؟ بە چ مەعلوم شوێنی نانخواردنەکەشی هەر عەینی ئەم دیمەنانە دیار نییە.

خـاتوو نەزیـرە چـاری نەمـا، هەسـتا و بە گـاڵتەوە مسـتەکۆڵەیەکی بە مێردەکەیدا کێشا و گوتی:

- دەبا ئەمەم بۆ بکەیت، چی دەقەومێ؟

ئیتر پێکەوە چوونە دەرێ بۆ لای ئەوانی تر. هەموویان سواری ئەسانسێر بوون بۆ چینی خوارەوە کە ڕێستۆرانەکەی لێ بوو.

خواردەمەنییەکی زۆر لە سەر مێزێکی زۆر درێژ بە ڕیز دانرابوو لەگەڵ قاپ و ئەو شتانە و چا و قاوە. خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆمەڵ بووبوون، هەریەکەی قاپی خۆی بە دەستەوە گرتبوو و بۆ خۆی دەبوو حەزی لە چییە، بیخاتە ناو قاپەکەیەوە، ئینجا بچێت لە سەر مێز دانیشێت و بیخوات. دیارە خواردنەکانیان وەک هیی ئەوان نەبوو، برنج و گیپە و کفتە و یاپراخ نەبوو، خواردنی ئەوان بریتی بوو لە چەند جۆرە زەڵاتەی خۆش و گۆشتی مریشک و گۆشتی گای سوورەوەکراو و چەندەها جۆری پەتاتەی سوورەوەکراو و برژاو و هێلکەی کوڵاو بە ساغی و پاککراوی و چەندەها جۆر کێک و شیرینی و کاستەر و محەلەبی و چا و قاوە و نانی بۆر و سپی.

هەندێک لەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە دەوری مێزی نانخواردنەکەیان دابوو، قاپەکەیان پڕ دەکرد. تا دەچوونە سەر مێزەکە، نیوەی دەکەوتە خوارێ. هاوەنتەچی و دەتگوت لە دەمی گا بەربوونە، هیی وا هەبوو دوو جار و سێ جاریش قاپەکەی پڕ دەکردەوە، دەتگوت هەنگی لە دارا دۆزیبووەوە. دیار بوو ئەو کەسانەش ئەورووپی نەبوون و

خەڵکی میلەتانی تر بوون، چونکە ئەورووپی زۆر بە ناسکی نان دەخۆن و دەزانن کە مەعیدەیان مەشکە و هەمانە نییە کە پڕی بکەن و گوێ نەدەنە سیحەت و تەندروستیی خۆیان. لە جەماعەتی کوردەکانیش تەنیا سەیفەدین زۆر زیادەخۆریی کرد و دوو جار قاپەکەی پڕ کردەوە، بەڵام ئەوانی تر زۆر بە جوانی و بە ڕێکی، وەکو نەدی و بدی پەلاماریان نەدا و شەرمیان لێ هات کە خەڵک بۆ ورگی وا حەیای خۆی بەرێت.

نانخواردن و چا و قاوەش تەواو، ئیتر دەبوو بڕۆن بۆ قەراغ دەریا و سواری پاپۆڕ ببن. هەموویان گوتیان بێگومان لەوێ ڕێپیشاندەرمان دەبێت و ڕەنگە لەوێ چاوەڕێمان بکەن. چونکە لێرە پێویستی بە زانینی نەبوو و هەموو شتێک ئاسان بوو.

دیسان سواری تاکسی بوونەوە و کابرا بردنی بۆ ویستگەی دەریایی کەشتی. دابەین و هەر کەسە جانتاکەی خستە بەردەمی خۆی و چاویان گێڕا لە دەوروبەری خۆیان، حەپەسان و چاویان زەق بوو.

پاپۆڕ لە قەراغ دەریاکە ڕاوەستابوو. دەتگوت شارێکی چەند چینییە، دەرگای خوارەوە کە لەوێوە خەڵک و ئۆتومبیل دەچوونە ناوی، دەتگوت ماڵ و ئەشکەوتی ئەژدیها و دێو و ئەو چەشنە جانەوەرە گەورە و بەسامانەن. لە بەردەمی ئەو دەرگا ئاسنە دوو دەروازە

ئەژدیهـانەدا بە سـەدان خەڵـک وەسـتابوون و چووبـوونە نـاو یەکەوە. بەشی هەرە زۆریشیان کرێکار و عەمەلە و خەڵکی هەڵهاتوو و باندی قاچـاغچی بـوون و قڕەقرێکیـان دەسـت پـێ کردبـوو، وەک مەسـەلەکە گوتی، سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە.

ئەحمەد بەگ و هاوڕێکانی و ژنەکان هەر سڕ بووبوون و نەیاندەزانی چی بکەن و چۆن ئێستە ئەمـان پێیـان دەکرا بچنە نـاو ئەم لێشـاو و دەیـان و ئەم جـۆرە خەڵکـانەوە، هەر وەک ئەمـان، لەمـلا و لەولاش خەڵکی بەسەروسیما و لێوەشاوە ڕاوەستابوون کە بۆ ئەو کۆنفرانسـە بانگ کرابـوون. بە دامـاوییەوە سـەیری یەکتریـان دەکرد کە ئەمە چـی بکەن و چۆن بتوانن لە ناو ئەم عەشامە زۆرەدا خۆیـان دەربـاز بکەن و بچنە نـاو پاپۆڕەکەوە، ئەوەش تەنهـا دەرگـا بـوو کە هەمـوو لەوێوە بچن و لەوێشەوە بچنە سەرێ بۆ ناو پاپۆڕ. ئاخری ناچار وتیـان چـی بکەیـــن، هەر دەبـــێ بـــڕۆین و وا بڵێـــین، نەشمانویســـت بـــڕۆین و بشگەڕێینەوە، چۆن بگەڕێینەوە فڕۆکە؟ خۆ تاکسی نییە بچین سـواری بین و بگەڕێینەوە.

ناچار بە بۆڵەبۆڵ و حەپەساوی دەستی یەکتریان گرت تـاوەکو لەیەک جیا نەبنەوە و لەیەک ون نەبن.

پۆلیسێکی زۆر کەوتبووە ناویان، ئەوەندە غەڵبەغەڵب و قیڕە و شاتەشات بوو، هەرکەس گوێی لەوی تر نەبوو.

گوڵزار خانم گوڕی دایە خۆی و ڕووی کردە مێردەکەی و بە هەموو هێز و توانای قیڕاندی کە بەشکەم مێردەکەی گوێی لێ بێت، گوتی:

- قوڕ بەسەرمان نەبێت، بە سەری پێغەمبەر (ص) من هەر ئێستە دەستبەجێ دەمرم و ناگەمە هیچ کوێ. ئەمە بۆ ئەوەندە دەقیڕێنن ئەم ئاگرتێبەربوانە.

ئەحمەد دەستی خستە پەنا دەمی، ئەویش هەر وەک ئەو قیڕاندی و گوتی:

- ئەمە بە خێرێ پاسپۆرت سەیر دەکرێت، لێرە و لەبەر قاچاغچی و فرتوفێڵ ئەم هەموو پۆلیسەش لێرەیە.

خاتوو نەزیرە کە زۆر تووڕە بووبوو و خەریک بوو کراسی خۆی دادڕێت، بە هەموو هێزی قیڕاندی و گوتی:

- کورە باوکم با بگەڕێینەوە، کۆنفرانسی وام کاول کرد، بە خوا باوکم من دووپێم نایەت.

دکتۆر عادل گوتی:

- ئێوە تەحەمولتان هەبێت، هەر ئێستە دەچم داوای یارمەتی لەم پۆلیسانە دەکەم و دەڵێم نەخۆشمان لەگەڵە و ئێمە پیرین و هەموو

سەرسپین، ناتوانین بە ناو ئەم هەموو عەشام و قەرەباڵغییەدا تێ پەڕین. بەشکەم چارێکمان بکەن.

دکتۆر خۆی کرد بە ناو خەڵکەکەدا، پاسپۆرتەکانی هەمووشیانی برد لەگەڵ خۆی و گوتی: بەشکەم بە هۆی ئەم پۆلیسەوە خۆم بگەیەنمە شوێنی سەیرکردنی پاسپۆرت.

سەیفەدین گوتی:

– وەڵا زۆر باشە، منیش دێم لەگەڵت، بە هەردووکمان هەر دەتوانین شتێک بکەین. بە چاوترووکاندنێک هەردووکیان لە چاو ون بوون و کەوتنە ناو قەرەباڵغییەکەوە. بوو بە نیو سەعاتێک هەر کەسیان نەهاتەوە، بوو بە سەعاتێک هەر نەبوون دیار. ئەمانی تریش لە داخاندا خەریک بوو شێت ببن. دوایی سەیریان کرد وا سەیفەدین بە شەلەشەل و لێو و چەناگەی ئاوساو و سەروپۆتەلاکی شێواوەوە گەڕایەوە، دەتگوت لە حەرب و غەزاوە هاتووەتەوە و هەموو بە حەپەساوی چوون بە پیریەوە و بە بەرزی گوتیان ئەوە چیتان بەسەر هات؟ ئەوە بۆ وا دەشەلی.

سەیفەدین دەسرەکەی بە دەم و لێویدا هێنا و بە بەرزی گوتی:

– کەوتم، کەوتمە ئەرزی پاپۆڕەکە، هەمووی ڕۆنی پیا ڕژابوو، ڕۆنی مەکینە و ئەو شتانە. ئیتر نەمزانی و خلیسکام و بە دەمدا کەوتم،

قاچیشـم وا بـزانم شـکاوه، چـونکه زۆر دێشـێ و نـاتوانم لەسـەری ڕاوەستم.

هەموو ناڕەحەتیی خۆیان بۆ دەربڕی و گوتیان ئەی کوا دکتۆر؟

سەیفەدین دەستی دا لە ئەژنۆ و قاچی و گوتی:

- هەر نازانم چیی لێ هات، وا بزانم پاسپۆرتەکانی گوم کرد.

هەموو کێشایان بە دەستی خۆیان و بە پەرۆشەوە گوتیان:

- چیی؟ پاسپۆرت ون بوون؟ ئەی باوکە گیان ئینجا چی بکەین؟ ئەی بـۆچی نەچـوو بـۆ لای پـۆلیس. خـۆ ئەو گـوتی دەچـمە لای پـۆلیس و داوای یارمەتییان لێ دەکەم.

ئەوان لەم قسـە و بـاس و دڵەکـوتێیەدا بـوون کە سـەری دکتـۆر لە دوورەوە و بە دەست ڕاوەشاندنەوە دەرکەوت و ئیشارەتی دەکرد کە وەرن، تاوەکو ئێوە نەیەن، پاسپۆرت مۆر ناکرێت و نایەڵن سوار بن. بـاش بـوو دکتـۆر هەمـوو پاسـپۆرتەکانی بە دەسـتەوە بـوو و لەوە دەچوو دۆزرابنەوە. جەماعەت کەوتنە خۆیان و هەر کەسـە جانتـاکەی ڕاکێشا و هەڵگرت سـەیفەدین نەبێت کە لەبەر قـاچی بە هیچ جۆرێک توانای ئەو کـارەی نەمـابوو. لەپڕ زەلامێک هـات بە لایەوە کە دیی وا قـاچی شـەل بـووە و ناتوانێـت جانتـاکەی هەڵگرێـت، هـاتە لایەوە بە عەرەبییەکی سەیر کە لە مەغریبی دەچوو، گوتی:

- یارمەتیت بدەم؟ من حەماڵم.

هەموویان پێیان خۆش بوو، گوتیان ئەرێ وەڵا خێرت بنووسێت و پەلاماری جانتای سەیفەدینی دا و جانتای گوڵزار خانمیشی خستە سەر، چونکە ڕەوڕەوەیەکی بچووکی پێ بوو. کابرا پێشیان کەوت و گوتی دوام بکەون بۆ لای لێپرسراوی پاسپۆرت. هەموویان چوون و کەوتنە ناو قەڵەباڵغییەکە کە هەندێ سووک بووبوو. دەنگیش باشتر بووبوو کە لەپڕ سەیریان کرد نە کابرا و نە جانتاکان دیارمان. هەموو پرتەپرتیان پێ کەوت، بە تایبەتی سەیفەدین و گوڵزار خانم. سەیفەدین لەسەر پاسپۆرت ڕانەوەستا و کەوتە پەلەقاژێ و ڕاکردن و هانابردن بۆ پۆلیس، بە ئیشارەت و سویدی ئینگلیزی و کوردی تێکەڵکردن کە بەشکەم پۆلیسە یۆنانییەکان تێ بگەن کە هەندێ ئینگلیزییان دەزانی و دەبوو بزانن لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە جێی گەشت و سەیرانکەری جۆراوجۆری میلەتان بوو، بە تایبەتی ئەورووپی کە لە تاو زستان و بەفر و باوبارانی وڵاتەکانیان ڕایان دەکرد.

سەیفەدین بە دەست و بە دەم و چاو بە شەلەشەل و بەبێ گوێدان بە ئێشی قاچی، هەر پەلاماری ئەم و ئەوی دەدا و وای دەزانی کابرای

حەماڵن، کەچی ئەو هەر وەکو بەفر توایەوە و گوم بوو، سەیفەدین بە پەرۆشی و شپرزەییەوە بە هەولێری و کۆییانە دەیگوت:

- چما هەر دەمزانی دەم و چاویشی چۆنە و چیی لە بەردا بوو؟ ئەمن قەت وا بێدەسەڵات نەبوویمە، ئەمە بۆ ئەمرۆ وام لێ بەسەر هات؟ خۆ هەرچییەکم هەیە، لە ناو ئەو جانتایەدایە. ئەی ئەمن لە کۆنفرانسەکەی چی لە بەر بکەم.

گوڵزار خانمیش لە ناو قاوقریشک و پاڵەپەستۆی خەڵکی دەوروبەری لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- دە بڵێ من بۆ جانتاکەمم دایێ، دەبا خۆم ڕام کێشایە، هەرچەند قورسیش بوو، بەڵام با هەر بە خۆم بوایە. ئێستە من چی بکەم؟ هەرچی جلە باشەکانم هەیە، لەوێدان، بە خێری تاوەکو ڕۆژی کۆنفرانسەکە بیکەمە بەرم بۆ دوای کۆنفرانس واوچۆنی وابرێیت.

ئەحمەد بەگی مێردیشی بە توندی پێی گوت:

- ماڵت کاول بێت بۆ دوو سێ ڕۆژ ئەو جانتا زلەت بۆ چ بوو، دەچووی بۆ سەفەری جزیرەی واق واق؟ بۆ سەفەری حەج و مەکە و مەدینە؟ ئەم هەموو کەلوپەل و جلەت بۆ چ بوو.

ئەویش بە تووڕەبوونەوە وەرامی دەدایەوە و دەیگوت:

- من چووزانم وامان بەسەر دێت و دەکەوینە ئەم ڕۆژە؟ بۆچی غەیبم پێ بوو. ئەگەر دەمزانی، بە خوا هەر لە لەندەنەوە تاوەکو ئێرە ئالتونیان بۆ هەلڕشتبام، پێم نەدەهات.

پاسپۆرت تەواو بوون و وەرگیران. هیی سەیفەدینیشیان وەرگرتەوە. ئەگەرچی دکتۆر و مامۆستا چووبوون بەدوای کابرای حەماڵدا بگەڕێن کە لەبەر قەرەباڵغی و ماندویێتی و حەپەساوی هەر نەشیاندەزانی کێیە و چیی لە بەردا بوو.

ئەوەندەی پێ نەچوو لە دوورەوە سەیفەدین و دکتۆر گەیشتنە لای ئەحمەد و دوو ژنەکەی کە بە دیار جانتای خۆیان و ئەوانی ترەوە لە پەنایەکدا ڕاوەستابوون. هەموویان بە پەرۆشەوە هەر لە دوورەوە پرسییان چی بوو و چیتان کرد؟

- سەیفەدین قیڕاندی و گوتی:

- دۆزیمانەوە دۆزیمانەوە، تاوەکو هاتە نزیک دکتۆر گوتی: وەڵا جانتاکانمان دۆزییەوە، کابرای قوڕبەسەر لە ناو کۆمەڵە جانتاکانی خەڵکی دانابوو لە لای پێپلیکەی سەرکەوتنەسەرێ.

سەیفەدین بە بەزییەوەکەوە گوتی:

- ئەو نەگبەتە هەر ناشزانم چیی لێ هات و چەند فلسێکیشمان نەدایێ.

خاتوو نەزیر پرسیی: ئەی شەوکەت چیی بەسەر هات؟ یا ڕەبی شکور کە جانتاکانتان دۆزییەوە.

دکتۆر گوتی:

- مامۆستا شەوکەت بە دیار جانتاکانەوە مایەوە، دەی زوو بکەن، هەستن با ئیتر بڕۆین و سەرکەوین، وا دەنگیشیان دا، ئیتر ئەوەندەی نەماوە کە کەشتییەکە بکەویتە ڕێ.

هەرکەسە پەلاماری کەلوپەلەکەی دا و شوێنی دکتۆر کەوتن، هەرچەندە قەرەباڵغییەکە سووک بووبوو، هەموو سەرکەوتبوونە سەرێ بۆ چینی دووەم، بەڵام هێشتا هەندێ جار هەر تووشی پاڵەپەستۆ دەهاتن، بە تایبەتی لای پێپلیکانەکان.

تا گەیشتە لای پێپلیکانەکان، خاتوو نەزیرە دوو جار خلیسکا و خەریک بوو بە دەمدا بکەوێت، بە تایبەتی کە پێڵاوەکەی لە پاژنە بەرزەکان بوو کە هەر بۆ چوونەماڵان و سەر دەعوەت و ئەو جۆرە شوێنانە بە کەڵک دەهات، نەک بۆ سەفەری وا کە ڕاکەڕاکە و ڕۆیشتنی زۆری بە پێ دەوێت. بەڵام خاتوو نەزیرە تازە ئەو پێڵاوەی کڕیبوو و گوێی نەدەدایە تەمەن و لۆمە و تانەی کەس، ئەوەی دەکردە بەری و پێی کە خۆی حەزی پێ دەکرد، هەرچەندە هەندێ جار ئەو حەزانەی زۆر زەق بوون بۆ تەمەن و عومری ئەو، تاوەکو

نزیکترین کەسیش لە دەروونی خۆیدا گاڵتەی پێ دەهات، تاوەکو چەندەها جار لەگەڵ کچە گەورەکەشیدا کە بەشوو بوو و منداڵدار بوو، دەبوو بە مشتومڕیان لەسەر ئەو جۆرە خۆڕازاندنەوانەی، ئەویش گوێی نەدەدایە کەس و دڵی زۆر تەڕ بوو. کە خەڵک چەند دڵی تەڕ بێت، هیچ نەبێ دەبێ وا لە خۆی نەکات کە ببێتە جێی لۆمە و تانەی کەسانی تر، ئەگەرچی لە ئەورووپا پیرێژنی وا دەبینرێت کە پشتی وا چەماوەتەوە خەریکە لووتی بەر ئەژنۆی بکەوێت، کەچی بەو حاڵ و چرچی و لۆچی و داماوییەوە هێشتا لچەکەی سوور دەکات و دوو تەپۆلکە سووراویش لە سەر ڕوومەتەکانی دادەنێ و کەسێ بەو حاڵەوە بیانبینێ، بەزەییان پێیاندا دێتەوە و دەڵێن تو خوا دڵیان بەوە خۆشە چەند ڕۆژێکیان ماوە، دەبا وا بکەن. بەڵام خاتوو نەزیرە پیری وا نەبوو و هێشتا بەگوڕ و هێز و توانا و لێهاتوو بوو، تەمەنی نزیک شەست بوو، کەچی حەزی دەکرد جلی کچۆڵەی بیست ساڵانە لە بەر بکات. بۆیە ئەو ڕۆژە بە دەست ئەو پێڵاوە پاژنە بەرزانەیەوە دامابوو.

هەرچۆنێک بێت، جەماعەت خۆیان دەرباز کرد و بە هەنکەهەنک شوێن یەک کەوتن، جانتا و کەلوپەلەکەیان سەر خستە سەرێ، چونکە پێپلیکەکەش زۆر نالەبار بوو، هەمووی ئاسن بوو و تەسکیش بوو،

ئەگەرچی پاپۆڕەکە ڕێگەی تری ئاسانتری هەبوو، بەڵام نەتدەزانی کە بۆچی هەر دەبوو خەڵک هەموو لەوێوە بچنە ژووریّ.

گەیشتنە سەریّ. سەرێی چی؟ ئەو خەڵکانەی لە خواریّ بەسەر یەکدا هاتبوون، بەشی هەرەزۆریان لەو هۆڵە گەورەیەی سەریّ بە کۆمەڵی ڕاوەستابوون و تێک خزابوون، کەسایەتییە ناسراوەکان کە بانگ و دەعوەت کرابوونە ئەم کۆنفرانسە، هەموو داماو و لە سەر جانتا و کەلوپەلەکانیان دانیشتبوون و هەرچی ئەوەی ڕێزی گرتبوو لە بەردەم لێپرسراوانی وەکو دەڵێن (ئیستعلامات)ی کەشتییەکە و هەر وەکو هیی ئوتێلەکان کە لە لای ئەوانەوە کلیل وەردەگری بۆ چوونەناو ژوورەکان، هەموویان باندی قاچاخچییەکان بوون، ئەوانی تر بە هیچ جۆریّ توانای ئەوەیان نەبوو کە پێشیان بکەون و بچن کلیل وەربگرن و بڕۆنە ژوورێک و شوێنێک و هەندیّ پشوو بدەن، بە تایبەت پیرەمێرد و پیرەژنی وایان تێدا بوو هەر خەریک بوو بە پێوە ڕۆحیان دەربچێت، ئەوەندە ماندوو و هیلاک بووبوون.

گوڵزار خانم کێشای بە خۆیدا و گوتی:

– ئاهـ قوڕ بە سەری باوکم، خۆ وتمان ئیتر تەواو، وا دەچین دادەنیشین، کەچی سەیرکە، سەیری ئەم جەهەنمەی ئێرە بکە.

ئەوانــی تــریش هەر ســڕ بووبــوون و هەرکەســەیان لە دڵــی خۆیــدا و لەژێــر لێــوەوە نــاڕەزایی و تــووڕەیی خــۆی دەردەبــڕی، هیــی وایــان هەبوو بە بێئومێدی دەستی بە دەستدا دەدا و دەیگوت:

- وەڵا بۆ خۆم ئیتر هەر لەم پەنایە دادەنیشم.

ژنەکان کەوتنە چرپەچرپ:

- کچێ دایکم لە ڕێی خودا، لە کوێوە بچینە حەمامێک سـەرئاوێک، خۆ خەریکە بەرمیزەڵدانمان دەتەقێ، ئێوارە بوو لە ئوتێلەکە، وا ئێستا شەوە.

ئەو خەڵکـانە کە بـۆ کۆنفرانســەکە هــاتبوون، کە نەوەد ســەد کەســێک دەبــوون، وردەوردە بە ســەیرکردنی یەکتــری لەیەک نزیـک بــوونەوە و کەوتنە بۆڵەوخـوتە و باسـی ئەم کۆنفرانســە سەیروسـەمەرەیە. لە نـاو ئەو کەسانە چەند ژن و پیاوی ئەمەریکاییان تێدا بوو، چەنـدین پیـاوی گەنج و پیـری سـویدی، لە هەموویـان سـەرنجراکێشـتر، هەنـدێ پیـاو و گەنجی ئێرانی بوون لەگەڵ چەند ژنێکی لەچکبەسەر، یەکێکیان جانتای دەستی کردەوە کەلوپەلی فشارپێوانی خوێنی دەرهێنا و کەوتە فەحس و فشــارپێوانی کــچە گەنــجەکەی لەگەڵیــان بــوو. دیــار بــوو لە زمــانی فارسی گەیشتن، ئەمانیش کەوتنە سەلام ئاغا و سەلام خانم لێیان، بە تایبەتی دکتۆر عادل پێش هەموویان کەوت و چووە لایان و گوتی:

- من دکتۆرم، دەتوانم یارمەتیتان بدەم ئەگەر موشکیلەیەکتان هەیە.

دکتۆره ژنەکە سوپاسی کرد و گوتی:

- ئەم کچە زۆر تێک چووە و بوورایەوە و فشاری خوێنی بەرز بووەتەوە، ئێمە پێش ئێوە بە فڕۆکەیەکی تر لە هۆڵەندەوە هاتووین، ئەمانی تریش نازانم لە کوێوە هاتوون.

خەریک بوو بۆ دوو سەعاتێک دەچوو کە ئەمان بەو حاڵەوە ڕاوەستابوون، نە بەریان دەکەوت بچنە پێشەوە بۆ لای لێپرسراو، نە کەس هەر دەهات بە لایانەوە بڵێ چیتانە. ئیتر بێزاری و ناڕەحەتی خەریک بوو بگاتە ئەوپەڕی کە خاتوو نەزیرە پریاسکەکەی دەستی دایە مێردەکەی و خۆی گورج کرد هەر وەک بچێت بۆ زۆرانگرتن و پەلاماردانی دوژمنێکی سەرسەخت کە گوڕی دایە خۆی بێ ئەوەی کەسیش ئاگادار بکات، وەک گوللە و برووسکە و بە هەموو هێزی پاڵی بەو خەڵکەوە نا، ئەوانەی ڕیزیان گرتبوو، هەر قڕە و شاتەیان بوو لەگەڵ مامورەکانی ئەوێ. پاڵی بە هەموو کەسەوە نا و گوێی نەدایە جنێو و پاڵپێوەنان و هەموو شتێک تاوەکو خۆی گەیاندە لای لێپرسراو. کاغەزی دەعوەت و پاسپۆرت و ئەو شتانەی گرت بە دەستیەوە و بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە بردیە بەردەمی مامورەکە و قیڕاندی بەسەریدا و گوتی:

- ئەوە چییە؟ ئەم جەهەنم و ناو ئاگرە چییە؟ ئێمە لە کن خۆمان لەسەر دەعوەتین و حکومەتی یۆنانی هەموو کارەکانی بۆ کردووین و قەول بوو خەڵک بێن و ڕێ و جێمان پیشان بدەن. ئێمە لە سەعات هەشتی بەیانییەوە لە ناو تەیارە و فڕۆکە و تەکسیدا بە ڕێوەین، یەک دوو کەس لە میوانەکانی دەوڵەت خەریکە هەر ئێستە دەمرن، نەخۆشیی دڵیان هەیە. کە حاڵتان وایە، بۆچی بە خەڵک دەڵێن وەرن. پاپۆڕ کەی وایە؟ ئەمە قەبرە، پاپۆڕمان دیوە خۆشترین شوێنە و جێی کەیفە، شتی وامان قەت نەدیوە و نەبیستووە.

خاتوو نەزیرە کە سوور هەڵگەرابوو، دەستی دەلەرزی و دڵی پەلەپەلی دەکرد، لە تووڕەییدا وای لێ هاتبوو کە ئەگەر پێی بکرایە، کابرای لێپرسراوی دەدایە بەر چەپۆک.

خاتوو نەزیرە لەسەر قسەکانی ڕۆشت و گوتی:

- بۆ ئەم هەموو خەڵکە دوو کەس دانیشتوون و ڕاییان دەکەن؟

دوو کابراکانی ناو کۆشکی کارەکەیان بە حەپەساوییەوە سەیری خاتوو نەزیرەیان دەکرد. یەکێکیان بە ئینگلیزییەکی هەندێ شڕ قیڕاندی بەسەریدا و گوتی:

- بەس بقیڕێنە، ستۆپ.. ستۆپ. ئەوە چیتە ئەوە بۆ وا دەکەی؟ هەر ئێستە پۆلیست بۆ بانگ دەکەم.

خــاتوو نەزیــرە بە هەڵچــوونێکەوە وەرامــی دایەوە کە دەمــی گــۆی نەدەکرد لە توورەییدا گوتی:

- تۆ پۆلیسم بۆ بانگ دەکەی؟ وەڵا من ئێستە تەلەفۆن بۆ سـەفارەت و حکـومەت و لێپرسـراوی حقـوقی ئینسـان دەکەم کە ئـێمە بـۆ سـەر دەعوەتی ئەوان هاتووین.

کە کـابرا گـوێی لەو قسـانە بـوو، هەنـدێ سسـت بـوو و کەوتە قسـەی نەرم و گوتی:

- تۆ هەموو ئەم خەڵکە دەبینی؟ ئەوەتا ئێمە هەر دوو کەسـین. دوێنـێ و ئەمڕۆ هەر تەعتیلە.

نـاوی دوو سـێ جەژنـی بچـووکی گـوت، جەژنـی ئەیسـتەر و جەژنـی چـی، گـوتی بـۆیە وا هەمـوو شـتێک شـیرازەی پسـاوە و وای بەسـەر هاتووە.

خاتوو نەزیرە گوتی:

- ئێمە هەقی ئەوانەمان نییە کە تۆ باسیان دەکەیت، ئێمە شوێنمان بۆ گیراوە لەم پاپۆڕەدا و ژوورمان هەیە و ئەمە ژمارەی ژوورەکان.

یەکێک لە کابراکـان سـەیری هەنـدێ کـاغەزی بەردەمـی خـۆی کـرد کە دیار بـوو پێیـان گوترابـوو کە ئەو خەڵکـانە دێن و هەر زوو ژووریـان بۆ گیرابوو، بەڵام زۆریی ئەو هەموو کەسـەی کە بەشی هەرە زۆریان

خەڵکــی قاچــاغ و هەڵهــاتوو و بێکــارە بــوون لەگەڵ قاچــاغچییە سـەرەکییەکان و ئەوان وەک باندی مافیا وابوون لە سـەر ئەو قەراغ دەریا و سـەر سنوورانە بۆ دەربازکردنی خەڵک بە پارە و دیاریش بوو کە لە ناو ئەو چەشنە کاربەدەستانی حکومەتەکانی ئەو شوێنانە شـەریک و هەمکار بوون، هیچ کەس و هیچ پۆلیسیش نەیاندەتوانی بەر بە لێشاوی هاتنیان بگرن، چونکە لە هەموو شوێنێک شـەریکیان هەبوو.

خاتوو نەزیر و کابرا دیسان بە پاڵپەستۆ و زەحمەت خۆیان گەیاندە لای ئەوانی تر، مێردەکەی تووڕە بووبوو و هەر ئاگری دەکردەوە. ئەوانــی تــر خاویــان دەکــردەوە. ڕێبــوارە ئێرانــی و ئەمــەریکــی و سویدییەکانیش هەر کەسێک شتێکی دەگوت کە خاتوو نەزیر و کابرا گەیشتنە لایان.

کوردەکان کلیلی سێ ژووریان درایێ، بەوانی تریش درا و کابرا پاسـپۆرت و کاغەزەکانی بردن و لەگەڵ دوو کەسـیان چوو ئیشـی ئەوانیش جێبەجێ بکات. هەموویان لە دڵی خۆیاندا دوعایان بۆ خاتوو نەزیر کرد. مێردەکەی کە ئەوسا تووڕە بووبوو، دوو سێ ئافەرین و دەستخۆشیی بۆ کرد لەگەڵ ئەوانی ترا.

گوڵزار خانم دەستی دایە کەلوپەلەکانی خۆی و بەدەم ئەو کارەیەوە گوتی:

- ئا خوشکم ڕەبی ماڵت ئاوا بێت، بە خوا ئازایەتیی تۆ نەبوایە، تاوەکو سبەینێش هەر لێرە دەماینەوە.

خاتوو نەزیر هەندێ سەروپۆتەلاکی خۆی ڕێک خست و کەوتنە شوێن یەک بۆ ئەو شوێنەی کابرا پێی گوتن. دیسانەوە سەر پێپلیکەیەکی تر کەوتنەوە. خاتوو نەزیرە سەرکەوتە سەرێ و بە هەنکەهەنک جانتاکەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و گوتی:

- ئەی چۆن، بە خوا برا ئەوەندە تووڕە بووم و لەرزیم و دڵم پەلەپەلی کرد، بە مەرقەدی ئەو غەوزی گەیلانییە، ڕۆحم بە قوربانی بێت، ئەوەندە تووڕە بووبووم، گوتم هەر ئێستە دەکەوم و هەڵناستمەوە و دڵم ڕادەوەستێت، چونکە ئەمە حاڵ نەبوو، سەعاتێک دوان سیان، لە خوارەوە هەر عەینی بەزم، بە هەزار قوڕبەسەری و کەوتن و خلیسکان و ونبوون و جانتا ونبوون، تاوەکو گەیشتینە سەرێ، کەچی وەرە لێرەش وابێت، دە ئەمانە بە خێرێ وڵاتن و خاوەن دەوڵەت و سەفیر و سەفارەتن، ئەگەر ئێمەی کوردی بەدبەدخت هەر چارەک چارەکی ئەم جۆرە وڵاتانە سەربەخۆیی و سەربەستی و هەق و مافمان هەبوایە، ئیتر بە خوا لە هەموویان

پێشکەوتووتر دەبووین. کورد بەو چەند ساڵ و لەتە و بەو هەموو هەرەشە و گورەشەیەی حکومەتەکەی بەغدا و بەو هەموو شەڕی ناوخۆ و براکوژییە هێشتا لەو شوێنانەی کە پێیان دەڵێن دەوڵەت و هەڵا هەڵا، باشترین.

مامۆستا شەوکەتی مێردی هاتە قسە و بۆی تەواو کرد و گوتی:

- هەر لێ گەڕێ، بە خوا هەڕەشە و گوڕەشەش قەیناکا، هەر ئەو شەڕی ناوخۆیە نەبوایە و هەمووومان وەکو یەکەم جار یەکدڵ و یەک بووینایە، بزانە ئێستە ئەو کوردستانەمان نەبووبوو بە بەهەشت؟ بەڵام ئاخ نازانم بۆچی کوردەکان و سەرۆکەکانیان ئەوەیان لە بیر نییە کە کورد چەند بێکەسە و ئەگەر خۆیان پشتی یەک نەگرن، دوژمنەکانیان هەروا تەپڵ و تۆپێنیان پێ دەکەن. ئەم دەکەن بە گژی ئەوی دیکەدا ئینجا ئەگەر یەکێکیان نەما و لەناو چوو، ئینجا بە ئاسانی ئەو لایەی تریش لەناو دەبەن. ئاخ، ئاخ خۆزگە قەت کوردەکان ئەوەیان لە بیر نەچوایە.

دکتۆر کە لە دوایانەوە بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- جارێ لێمان گەڕێن با بگەینە پەنایەک و پشوویەک بدەین.

ئینجا مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرە ژووری ٢٢٥ و ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانم ژووری ٢٣٠ و دکتۆر عادل و سەیفەدین پێکەوە

ژووری ٢٣٤یان وەرگرت. هەر کوتومت دەتگوت لە ئوتێلن، ژوور بە تەنیشت یەکەوە و ڕاڕەو و دالان و هۆڵ و هەموو شتێک. مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرە چوونە ژووری خۆیان. ژووری گوڵزار خانم و ئەحمەد بەگ ژوورێکی گەورە بوو، دوو کورسیی نوستنیان تیادا بوو لەگەڵ حەمام و تەوالێت و دەستشۆرێکی خنجیلانە، هەروەها سەهۆڵبەندێکی بچکۆلەی تیادا بوو کە ئاو و بەفر و کۆکا و ئاوی میوە و ئەو شتانەی تیادا دانرابوو. خوارووی ژوورەکەش دوو تاک قەنەفە و دوو سێ کورسییشی لێ بوو لەگەڵ مێزێکی ناوەڕاست. ژوورەکە دوو پەنجەرەشی هەبوو کە دەیڕوانی بە سەر باڵکۆنێکی خڕی دووردرێژ کە بە دەوری ئەو پاپۆڕ و کەشتییەدا هاتبوو وەکو پشتێن و لەوێشەوە دەریا و دەرەوە دیار بوو و پەنجەرەکانیش پەردەیەکی ئەستووری باشیان پێوە کرابوو.

گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرە هەر وەک بوراوە خۆیان بەردایە سەر جێگەکان و بەدەم بۆڵەوخوتەوە لە ژوورەکانیان دانیشتن. کە لە دەرگاکەیان درا، هەمووی هێشتا نیو سەعات نەبووبوو گەیشتبوون.

ئەحمەد بەگ چووە بەر دەرگا و گوتی: ئێ ئێ ئەوە کێیە؟

سەیفەدین بوو و هەندێ بە پەرۆشەوە گوتی:

- ئەحمەد بەگ، دەبێ بڕۆینە خوارەوە، ڕێستۆرانەکە لە دوای سەعات هەشت و نیو ئیتر دادەخرێت. بۆیە دەبێ بێن تاوەکو نان بخۆین، پارەشی ناوێت، هەر دەعوەتنامەکە پیشان دەدەین و دەچینە ژووری.

ئەحمەد بەگ پێش ئەوەی وەرامی بداتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ماڵت ئاوا بێت. ئەوە کەی گەیشتی و چ زوو ئەم هەموو دەنگوباسەت بیست. دوایی ئاوڕی لێ دایەوە و گوتی:

- بە خوا کاکە سەیفەدین ئەوەندە ماندوو و بێتاقەتم، ڕەنگە هەر نەتوانم بێم، هەر هیچیشم پێ ناخورێت.

گوڵزار خانم لەوێوە هاواری کرد و گوتی:

- ئەگەرچی خەریکە شێت دەبم بۆ پیاڵەیەک چا، ئەوەندە سەرم ژان دەکات، بەڵام بە خوا هەموو کەشتییەکانی یۆناشیشم لەسەر تاپۆ بکەن، هەنگاوم لەم ژوورە نایەتە دەرەوە تاوەکو دەگەینە جێ.

سەیفەدین هەر لە بەر دەرگاکەوە لەگەڵ ئەحمەد بەگ پێکەوە ڕاوەستابوون، بە گەرمی و بەپەرۆشەوە قسەی دەکرد، دەتگوت نە بای دیوە و نە باران، بەو لێو و دەم و چەناگە ئاوساوەوە و بەو قاچە شەلەوە ئەوەندەی پەلە بوو کە بڕوات نان بخوات، چونکە نەوسن بوو و زۆری حەز لە خواردن بوو، گوتی:

- کوره کاکه بێن باشتره. له ئێستەوه تاوەکو بەیانی زۆرتان برسی دەبێت. خۆ شار نییه بچیت شت بکڕیت و بخۆیت. له کەشتی و پاپۆڕداین و له ناوەڕاستی دەریاداین، وا کەوته ڕێش، ئەمشەو تاوەکو بەیانی له ناو دەریادا به ڕێوه دەبن، ئیتر تاوەکو بەیانی نه نان هەیه و نه هیچ، چونکه ڕێستۆرانەکه دادەخرێت تاوەکو هەشتی بەیانی، ئەوسا دەتوانین بڕۆین نان بخۆین. سەعات دەش دەگەینه جێ.

ئەحمەد بەگ ناچار بوو لەگەڵی بڕوات، بەڵام گوڵزار خانم نەیتوانی و خەریک بوو گێژیش بێت. چونکه پاپۆڕەکه کەوتبووه ڕێ و هەندێ بایەکەش قایم بوو، بۆیه لەبەر شەپۆلی بەهێز و بەگوڕ کەوتبووه هەڵتەک هەڵتەک و بەرزبوونەوه و نزمبوونەوه. خاتوو نەزیر خۆی گورج کردبوو. ئەگەرچیش گوتبووی که ناچێت و هیچ ناخوات و زۆر هیلاکه، بەڵام له کۆتاییدا لەگەڵیان چوو. دوای ئەوه، ئەویش چینێک له گوڵزار خانم پاڕایەوه که بچێت لەگەڵی و پێشی گوت که ئەویش وەکو ئەو ماندوو و بێتاقەته، بەڵام هەر چوونەکه باشتره. گوڵزار خانم خەریک بوو ئەوەندەی تر گێژ بێت و سەری دەسووڕایەوه و لێیان پاڕایەوه که وازی لێ بێنن و ئەو له پاڵکەوتن زیاتر هیچی دیکەی ناوێت.

جەماعەت شوێن یەک کەوتن بۆ ڕێستۆرانەکە، ئەگەرچی ئەوەندەی نەمابوو کە دابخرێت، بەڵام بە هیمەتی سەیفەدینی نەوسن هەر خۆیان گەیاندێ و فریا کەوتن.

(ڕێستۆرانەکە) هۆڵێکی بەرین و خۆش بوو، لایەکی وەکو ژوورەکان دەیڕوانی بە سەر پشتێنە باڵکۆنەکەی و دەیڕوانی بە سەر دەریادا. بە کۆمەڵ و چوار چوار و شەش شەش و بۆ دوانزە کەسیش مێز و کورسی ڕیز کرابوون. خواردن ڕیز کرابوو لەگەڵ زەڵاتە و نان و سەموون و کەرەی ئەورووپی. کە نان دانرا، دەبێ کەرەی لەگەڵ بێ بۆ هەر سێ ژەمەکە، هیی وایان هەیە خۆشترین خواردن لە لای نان و کەرەیە، بە تایبەتی مناڵەکان، هیی واشیان هەیە لە ترسی قەڵەوی، جۆرە کەمچەورییەکان هەڵدەبژێرن.

سەیفەدین پێش هەموویان کەوت و بە پەلە قاپی خۆی لێ پڕ کرد، هەر وەک ئەوەی بڵێت دەی فرسەتە نەوەکا هەڵگیرێ. چوون لە سەر مێزێکی درێژی دوانزە نەفەری دانیشتن، ئەگەرچی خۆشیان پێنج کەس بوون. خاتوو نەزیرە هەر خەمی گوڵزار خانمی بوو، بۆیە ناوەڕاستی سەمونێکی بە چەقۆ لەت کرد و ناوەکەی پڕ کرد لە گۆشتی مریشک و زەڵاتە و ئەو شتانە، دوو هێلکەی کوڵاو و هەندێ پەتاتەی سوورەوەکراویشی لای هێلکەکەوە دانا، هەمووی خستە

کیسەیەکی پاک و جوانەوە کە لە ناو جانتا دەستییەکەیدا بوو، لە سوچێکی مێزەکە داینا و گوتی ئەمەش بەشی گوڵزار خانم.

مێردەکەی سەیری کرد و گوتی:

- ئەم کیسەت لە کوێ دەرهێنا؟ تۆ بڵێی بهێڵن نان بەریتە دەرێ؟

خاتوو نەزیر بە بڕواوە سەیری کرد و گوتی:

- ئەی قابیلە؟ ئەگەر کەسێک نەخۆش بکەوێت یان توانای نەبێت بێتە ئەم شوێنە و بمرێت لە برسانا، چۆن نان بخوات؟ من خۆم لە پیاوە لێپرسراوەکەم پرسیی، گوتی دەتوانی و هەندێ کەس ئەگەر نەتوانن بێن، خۆمان بۆیان دەبەین ئەگەر خەبەرمان بدەنێ. کەچی تۆش دونیات بە قوڕ گرت. لە جزیرەکە کە گوتم ناتوانم بێم، پاروویەکم لەگەڵ خۆت بۆ بێنە، سەری دنیات لێ هاتەوە یەک.

هەموو گوتیان وەڵا باوکم هەی ئافەرین، هەموومان دەستەپاچە و بێدەسەڵاتین، تۆ نەبوویتایە، بە خوا ئێستەش لەو هۆڵە چەقیبووین.

خاتوو نەزیر پێکەنیی و گوتی ئەم زەمانە بێدەسەڵات بەشی خوراوە، دەبێ خەڵک نەهێڵێت هەقی بخورێت و لەسەر خۆی بکاتەوە. خاتوو نەزیرە درێژەی دا بە قسەکەی و گوتی وەکو مستەر چەرچڵ گوتوویەتی "ان لم تکن ذئبا اکلتک الذئاب." پیاوەکان پێکەنین و گوتیان

وەڵا بـــاوکم ئەم خوشـــکە خوێنـــدەوارانە خەریکـــن هەر بە پەنـــد و مەسەلهێنان تەواو دەمانخەنە کونەوە.

ئەحمەد بەگ بە خۆشییەوە هەڵی دایێ و گوتی:

- ئەرێ بـــاوکم، ئێســـتە نیـــوەی دونیـــا ژن حـــوکمی دەکـــات، ئیتـــر مەســـەلهێنانی چـــی و پەنـــا و پاســـاری چـــی. ئەوەتـــا مســـز تـــاچەری ســـەرۆکوەزیری بەریتانیـــای عوزمـــا بـــۆ دوو جـــاریش لەســـەر یەک بردیەوە و هەڵبژێررا و نزیکەی دوانزە ساڵ حوکمی بەریتانیای کرد. ئەی مەلیکەی هۆڵەندە، مەلیکی چەند شوێنێکی تر هەر ژنە، ڕەئیس جمهوری چەند شوێنی تر هەر ژنە، سەرۆکوەزیرانی هندستان مسز گانـدی هەر ژن نەبـوو؟ بـێجگە لە مـدیر عـام و سـەرۆکی حیـزب، سەرۆک شەریکاتی گەورە گەورەی دنیان.

مامۆستا شەوکەت هەڵی دایێ و گوتی:

- من هەمیشە ڕەئیم لەسەر ژن باش بووە، ئەویش لەبەر دایکم، بە خوا ئەوەی بە منـاڵی لە دایکمـم دیـوە، ئـازایی و غیرەتـی وابـوو و ئەوەی ئەو دەیکرد، بە چوار پیاو نەدەکرا، دە کوڕ و کچی بەخێو کرد، هەمووومـان بووبووین بە پیاویش، کە چاوی لێ مۆڕ دەکردین و دەیگوت ئەو ئیشە نابێت وابێت، کەسـمان زاتمـان نەبـوو پێـی بڵێـین نەء، دە کـوڕ و کچـی گەورە کـرد هەموویـان بە ناوبـانگی بـاش و خوێنـدەوار و سـەنعەتزان و

ڕێکوپێک، باوکمان هەر ئاگاشی لێ نەبوو کە چۆن گەورە بووین. ئەو هەر دەچوو کاسپیی دەکرد و دەیدایە دەستی، ئیتر هیچ، باوکم زۆر فەقیر و بێدەسەڵات بوو، بەڵام ژنی وەکو دایکم کەم بوو.

سەیفەدین و دکتۆر عادلیش بەدەم چاخواردنەوەوە یەکی شتێکیان گێڕایەوە، ئیتر هەستان بڕۆن، خاتوو نەزیر پەرداخێ چاشی بۆ گوڵزار خانم وەرگرت و لەگەڵ کیسەکەی هەڵی گرت و ڕۆیشتن بەرەو ژوورەکانیان. ئەحمەد بەگ کیسە و چایەکەی لە دەستی خاتوو نەزیر وەرگرت، سوپاسی کرد و گوتی ئیتر تۆ ئەزیەت مەکێشە و خۆم بۆی دەبەم و دەڵێم ئەوە نەزیرە خانم بۆی هێناوی.

گوڵزار خانم لە ژوورەکەی کەوتبوو، ڕەنگی بووبوو بە لیمۆی زەرد، لێوی سپی بووبوو و چەند جارێک ڕشابووەوە و حاڵی زۆر پەرێشان بوو. دەست و پلی شتبوو و گەڕابووەوە سەر جێگەکەی، سەری بە لەچکێکی سپی جەڕاندبوو، پاڵ کەوتبوو و خەریک بوو چاوی دەچووە سەر یەک و هەندێ مات بووبوو کە تەقەی دەرکی ژوورەکەیان هات و ئەحمەد بەگ بە کیسە خواردن و پەرداخە چاوە گەیشتە لای، بە پەرۆشەوە گوتی:

- چۆنی؟ باشتر بووی تۆزێ نوستی بۆ خۆت؟

گولزار خانم وەک نیوە بێهۆشیێک زۆری لە خۆی کرد کە بتوانێ وەرامی بداتەوە، چاوی کردەوە و بە زمانێکی هەندێ قورسەوە گوتی:

– ئۆ هەر لێی گەرێ، بە خوا هەر گەیشتمە قەراغ قەبر و گەڕامەوە، ئەوەندە حالم خراپ بوو، هەر بە جارێک پەکم کەوت. یاخوا هەرچی کافر هەیە، سواری پاپۆڕی ڕەزاگران بێت. خۆ خەلک نیوەڕۆح دەکات.

ئەحمەد بە دلپێوەبوونێکەوە گوتی:

– مالت بە قوڕ نەگیرێ، ئەوە چییە خۆ ڕەنگت پێوە نەماوە. ئەوە بۆ وات لێ هات؟ خۆ تۆ بەرگەی هیچ ناگری، ئەوەی سەر و قەلافەتت ببینێت، وا دەزانێت پالەوانیت، کەچی نازانن بە نیو سەعات چیی لێ هات؟

ئەحمەد بەگ زۆر ناڕەحەت بوو بۆ ژنەکەی و بەزەیی بە ڕەنگ و سەر و لەچکەکەی و بە بێحالییەکەی هاتەوە و ئارامی نەما، نەیزانی چی بکات، شتەکانی دەستی دانایە سەر مێزەکە و گورج گوتی:

– ئەوە چایە، چایەکی گەرم و خۆشە. ئەوە خاتوو نەزیرە بۆی هێنای، وا پارووشی بۆ هێنای. دە هەستە قومێ چا بخۆرەوە، ئێستە دلت دێتەوە سەر خۆی، دە هەستە دەی.

ئەحـــــمەد بەگ ڕانەوەســــــتا لەســــــەر وەرامـــــى ژنەکەی و بە دەستەپاچەییەکەوە گوتی:

- دەڵێی چی؟ ئەگەر زۆر بێتـاقەتی، بـا بچـم بڵـێم بەشـکەم دکتۆرێک هەبێت با جارێ بڕۆم خاتوو نەزیرە بانگ بکەم.

گوڵزار خانم کە هەستی کرد مێردەکەی زۆر شپرزە بووە و خەریکە ســــەری دونیـــــای لـــێ دێـــــتەوە یەک، گـــــوڕی دایە خــــۆی و بە زەردەخەنەیەکی بێتینەوە هەستا دانیشت و بە زۆری لەبەر دڵی ئەو گوتی:

- ئەیەڕۆ دکتـۆری چــی و خــاتوو نەزیـرەی بەســـەزمانی چــی؟ بەو هیلاکی و ماندوێتییە بێت چی بکات. من زۆر باشم، هیچم نییە، هەر ئەوە بوو لەبەر هەڵتەک هەڵتەکی پاپۆڕەکە هەندێ گێژ بووم، ئەگینا ئێستا زۆر باشم. بۆ دڵنیایی مێردەکەی، قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

- ئەمە چایە؟ وەڵا کارێکی باشتان کردووە. هەر ئێستە دەیخۆمەوە و ئیتر هەر بە تەواوی چاک دەبمەوە.

ئەحمەد بەگ هاتەوە سەر خۆ و بە خۆشییەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا، ئەمە ئەو بۆی هێنای لەگەڵ ئەم دوو پارووەش.

گوڵزار خانم چایەکەی لە دەست مێردەکەی وەرگرت و بە سوپاسەوە گوتی:

- کاری ڕاست بێت، بە خوا زۆر ژنێکی مەرد و ئازایە. ئەمڕۆ فریای هەموومان کەوت، خوا چاکی بۆ بکات.

بەیانی زوو سەیفەدین خەبەری بووەوە. بە چاوی خەواڵوو و نیوەکراوە و بە پەرۆشەوە هەستا و لە سەر جێگەکەی دانیشت و چاوی نا بە سەعاتەکەی دەستیەوە. لەپڕ ڕاپەڕی و گوتی:

- خۆ زۆر درەنگە، ئەوە چۆن بوو وا درەنگ خەبەرم بووەوە، دەستی بە سەروسەکوتیدا هێنا و هەستایە سەر پێ، ڕووی کردە دکتۆر و گوتی:

- کاکە دکتۆر، وا بزانم زۆر درەنگە، دەبێ هەستین ئیتر.

دکتۆر خەبەری بووەوە، ئەویش سەیری سەعاتەکەی دەستی کرد. دوای ئەوەی عەینەکەکەی کردە چاوی و بە زمانی خەواڵووەوە گوتی:

- ماڵت ئاوا بێت، درەنگی چی؟ خۆ هێشتا سەعات پێنج و نیوە.

سەیفەدین کە لەگەڵ دکتۆر ئەم ژوورەیان بەرکەوتبوو. قومێ ئاوی خواردەوە و گوتی:

- نا نا کاکە، بە سەری تۆ زۆر درەنگە، تاوەکو هەڵدەستین و خۆمان کۆ دەکەینەوە و دەچین بۆ ڕێستۆرانەکە نانی بەیانی دەخۆین، هەر فریا ناکەوین.

دکتـۆر پـێخەوەکەی ڕاکێشـایەوە سـەر خـۆی و خـۆ هەڵگێـڕایە سـەر لایەکی تری و نوستەوە، بەدەم ئەم کارەیەوە گوتی:

- کورە کـاکە درەنگی چـی و فریانەکـەتنی چـی؟ تـاوەکو سـەعات نـۆ ڕێسـتۆرانەکە کـراوەتەوە، وا گریمـان داشـخرا، دنیـا ئـاخر نابێت، دوو سێ چایخـانە و جێی سـاندویچی هەیە، دەچین دەیکڕین و دەیخۆین، ئیتر ئەم پەلەپەلەی بۆ چییە؟

سەیفەدین کە هەر پەلەی بوو بۆ هەسـتان و خۆئامـادەکردن، وەرامـی دکتۆری دایەوە و گوتی:

- کـورە بـابە، تـاوەکو ئـێمە هەڵدەسـتین و ئەوانـی تـریش دێـن، دەبێتە درەنـگ، بـۆچی بچـین لە چایخـانە و ئەو شـوێنانەی دی نـان بکـڕین و بیخۆین؟ ئەدی ئێمە لەسەر دەعوەتی کۆنفرانس نـین؟ خۆشـت دەزانـی پـــاپۆڕەکە زۆر قەرەبـــاڵغە. ئێســـتە هەر هـــیچ نامێنێـــت و ئەو ڕەشوڕووتانە هەمووی وەکو حەڵوا هەڵدەلوشن.

دکتـــۆر لەســـەر هەمـــان پـــاڵکەوتن و نوســـتن مایـــەوە و هەر نەشـــجووڵایەوە، بەڵام وەرامـــی ســـەیفەدینی دایەوە، لەســـەرخۆ هەر وەک بیەوێت خەوەکەی بزڕێت، گوتی:

- کـاکە گیـان، وا بـزانم بـۆ خـۆت هەنـدێکی تـر بنوویت باشـترە، هـیچ نەبێت بـا حەوت هەسـتین ئەگەرچـی ئەوسـاش زۆر زووە، بەڵام قەینـا

ئەلحوکمولیلا، ئیتر نان و بەرچایی چی و هەڵلوشینی ڕەشوڕووتی چی؟ بۆچی ئەو ڕەشوڕووتە قوڕبەسەرانە دەتوانن بچن لەو ڕێستۆرانەن نان بخۆن؟ پارەیان لە کوێ بوو؟ بۆچی تۆ وا دەزانی ژەمی نان لەو ڕێستۆرانەی شەوێ نانمان لێ خوارد بە چەندە؟ ئەوە ئێمە لەسەر دەعوەتین، بۆیە پارەیان لێ نەسەندین، هەر ئەو کەسانەی لێ بوو کە لە هۆڵەکە دیبوومان و لەگەڵ ئێمە دەعوەت کراون. چاوت لێ بوو ئەو چەند ماڵەی تر کە دەبوو پارە بدەن چەندیان دا؟ دکتۆر لە دڵی خۆیدا تووڕە بوو و بە هەندێ بێزارییەوە گوتی:

- کاکە ئەگەر تۆ دەتەوێت بڕۆ، منیش دوایی دێم. بە خوا جارێ زووە، هەڵناستم.

سەیفەدین چاری نەما و گوتی:

- کەیفی خۆتە، لەبەر تۆمە.. وای گوت و چوو بەرەو حەمام و تەوالێت و خەریکی خۆی بوو.

سەیفەدین خۆی تاسولووس دا و جلی گۆڕی، لە ژوورەکە چووە دەرێ و یەکسەر بۆ بەردەرکی مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیر، لە دەرگاکەیانی دا و گوتی:

- مامۆستا شەوکەت، دەی هەستن، درەنگە ئیتر.

خاتوو نەزیرە خەبەری بووەوە و مێردەکەی خەبەر کردەوە و گوتی:

- هەستە دەنگی کاک سەیفەدین دێت، لە بەر دەرگا دەڵێت هەستن درەنگە.

مامۆستا شەوکەت پرسیی:

- بۆچی سەعات چەندە؟

خاتوو نەزیر دوای ئەوەی سەیری سەعاتەکەی کرد، گوتی:

- سەعات شەش و نیوە، ئەیەڕۆ هەستە، پیاوەکە لە بەر دەرگایە، وای گوت و بە پەلە ڕاپەڕی و چووە بەر دەرگا و گوتی:

- کاک سەیفەدین چی دەفەرمووی؟

سەیفەدین جوابی دایەوە و گوتی:

- وەڵا دەڵێم هەستن باشە، با زوو بچین بەرچاییەکەمان بخۆین و خۆمان ئامادە بکەین. سەیفەدین لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- کورە بابم هەستن، سەیری ئەم دیمەن و دەریا جوانە بکەن، سەیری ئەم شارە کەشتییە زلە بکەن، خۆ ئێمە هیچمان نەدیت لە شەڕەشەق و نوستن زیاتر.

خاتوو نەزیر گوتی:

- باشە وەڵا ڕاست دەکەیت، وا هەڵدەستین و خۆمان کۆ دەکەینەوە.

سەیفەدین واشی لە ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانم کرد.

ئەوانیشی خەبەر کردەوە بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن. گوڵزار خانم باشتر بووبوو و هاتبوویەوە سەر خۆی، بەڵام دیمەن و شکڵی دەتگوت لە نەخۆشییەکی چەند ڕۆژە هەستاوەتەوە.

سەعات هەشت هەموویان لە بەر دەرکی ڕێستۆرانەکە ڕاوەستابوون، چونکە هێشتا داخرابوو. هەرچەند هەموو شتێکیان ئامادە کردبوو و ئیشکەرەکان هەموو بە گورجی خەریک بوون.

دەرگا کرایەوە و هەموو خۆیان کرد بە ژووردا. هێشتا هەر بە دەوری خواردنەکاندا دەسووڕانەوە. دکتۆریش گەیشتە لایان، دکتۆر بەیانی باشی لێ کردن و بە زەردەخەنەیەکی وەک پێکەنین ڕووی تێ کردن و گوتی: لە سەعات پێنج و نیوەوە کاک سەیفەدین خەبەری کردوومەتەوە و دەیگوت درەنگە هەستە، کەچی ئەوەتە ڕێستۆرانەکە لە خۆمان و ئەو ماڵە ئێرانییە زیاتر هێشتا کەس نەهاتووە.

سەیفەدین خەیاڵی لای دکتۆر نەبوو، چونکە لە مشتومڕدا بوو لەگەڵ خۆی کە چی هەڵگرێ و چی هەڵنەگرێ و کام پەنیر خۆشە. نازانێت یەک هێلکەی کولاو هەڵگرێت یان دوان، ئەی ئەوەی لە ناو ئەو قاپەدا چییە؟ ئەویش لە هێلکەی شلەقاو دەچێت، با هەندێکیش لەوە هەڵگرم، خراپ نییە بزانم تامی چییە. ئینجا کەوتبوویە ناو نانەکان، سەموون بێ یا کولێرە بە کونجی یا بەبێ کونجی، نا، لە هەریەکەیان هەر

هەبێت باشە، هیچی تیا نییە، خۆ ڕاناکات لە دەستی، با بچێت دانیشێت. ئەگەر هیی تریش نەبوو، دەتوانی جارێکی تر و دوو جاری تریش بێیتەوە، بەڵام ئاخ، با ئەو شوانە خوێڕییەی مامی بۆی ڕاوەستێت، ئەگەر ئەو بێشەرەفە ئەم دوو سێ ڕۆژە لەجیاتیی شەهلای ژنی لە دوکانەکە کاری بکردایە و یارمەتییەکی نەجمەدینی بدایە، ئەوسا شەهلاش دەیتوانی بێت و بۆ خۆی هەندێ ڕابوێرێت وەکو ئەم ژنانە و ئەم نانە خۆشانەی بخواردایە. دکتۆر لە خەیاڵی دا و گوتی:

- ها کاک سەیفەدین، ئەوە خەیاڵت لە کوێیە چاوت لێیە هێشتا کەسی وا نەهاتووە؟

سەیفەدین گورج بووەوە و بەدەم هێشتا چاوگێڕان و بژاردنی خواردنەکانەوە گوتی:

- ئاخر کاکە گیان، گوتم با هەندەک زوو هەستین و بە ناو ئەم پاپۆڕەدا بگەڕێین، هەر دەڵێی شارێکی تەواوە.

دکتۆر گوتی:

- زۆر باشە، با بچین دانیشین نان و چایەکەمان بخۆین، ئەوسا دەچین هەندێ دەگەڕێین. پێکەوە چوونە لای ئەوانی تر و دانیشتن و کەوتنە نانخواردن. ڕێستۆرانەکە زۆر دڵگیر و خۆش بوو، بۆن و

هەڵمــی چــاو و قــاوە و نــانی گەرم ئیشــتهای خەڵکــی دەکــردەوە، ئەگەرچـی زۆر کەسـیش لە نـاو پـاپۆڕ و دەریـادا زۆر تێک دەچـن لە بۆنی دەریا و هەڵچوون و بەرزبوون و دابەزینی شەپۆلەکان کـاتێ کە بای قایم هەڵدەکات و پاپۆڕ شەکان شەکانی پێ دەکات، وەکو شـەوی گوڵزار خـانم کە زۆر تێک چـوو و نەخـۆش کەوت، بەڵام ئەو بەیـانییە دەریا و شـەپۆلەکانی ئارام و لەسـەرخۆ بوون. هەواکەشی کز و هـێمن بوو، بە پێچەوانەی دوێنێ ئێوارە کاتێ کە سوار بووبوون.

گـوڵزار خـانم بە زۆر هـاتبوو، بە تـایبەتی لەبەر دڵـی خـاتوو نەزیـر کە زۆر بە دەوریـدا هـاتبوو و حەزی کردبـوو کە ئەویـش بێـت. بە چەنـد ڕاڕەودا تێ پەڕین، چەنـد ڕارەوێک بەسـەر یەکەوە بـوون و کورسـیی لــــێ ڕیــــز کرابـــوو، لەمـــلا و ئەولاش هەر دەرگـــا بـــوون و هەر دەرگـایەکیش دەچـووە شـوێنێک. خەڵـک پەرشـوبڵاو ببـوونەوە و لە ناویـدا و لە پەنـا و پاسـاریدا دوان و سـیان و چـواریش بە کـۆمەڵ دانیشـتبوون، زۆریـان کـوڕی گەنـج و پیـاوی بازووئەسـتوور و بەهێز بوون، یەکی کۆڵێکی بە کۆڵەوە بوو هەر لە لێفە و جل و هەرچییەکـی هەبـوو، دەتگـوت مـاڵ و حـاڵی هەر ئەوە بـوو کە بە کـۆڵیەوەیەتی و هەموو شتێکی لە ناودا بوو، ئەوانە دیسـان دەنگیـان لـێ بەرز کردبـوو و دەچـوون بەگـژ یەکدا، یـاخود هەنـدێکیان دەیانـدایە قاقـای پێکەنـین،

چەند کەسێک دەچوون بەگژ یەکێکدا، هیی دیکەشیان دیار بوو مشتومڕی حساب و پارە و جێ و ڕێیان لەگەڵ قاچاغچییەکان دەکرد، یاخود باسی نهێنی و بەڵێنیان بوو لەگەڵ یەک. خەڵکانێکیش هەبوون بە بێدەنگی بۆ خۆیان لە سەر ئەو کورسییانە دانیشتبوون، ئەوەی غەزەتەی بە دەستەوە بوو و ئەوەی کتێبی پێ بوو، ئەوەی چای دەخواردەوە و ئەوەی پارچە کاغەزێکی بە دەستەوە بوو و شتێکی دەنووسی، ئەوەی لە پەنجەرەکانەوە سەیری دەریاکەی دەکرد. لەپڕ سەیفەدین گوتی:

– ئەوها، وەڵا لە دوورەوە ڕەشاییەک لە شار و ئاوایی دەچێت، سەیر بکەن خۆ ئەوەندەی لەم پاپۆڕەداین، لە ئەرز و دونیا دابڕاوین.

ئەوانی دیکەش سەیریان کرد و گوتیان:

– وەڵا وایە، کەواتە نزیک کەوتینەوە.

بەینێکی تریش هەروا بە ناو پاپۆڕدا پیاسەیان کرد و چوونە دەرەوە، لە قەراغ شورا ئاسنەکەیدا ڕاوەستان و سەیری ئەو دیمەنە دڵڕفێنەیان دەکرد، هەرچەند چاویان بڕی دەکرد، هەر ئاو و دەریای بێبن و بێسنوور بوو، هەندێکیان مات دەبوون و بیری لەو مێشک و بیرە بلیمەتانە دەکردەوە کە ئەم جۆرە شتانەی دروست کردووە، وەک فڕۆکەی ئاسمانی کە ئەو هەموو خەڵک و مرۆڤە بە منداڵ و

گەنج و پیرەوە و بەو هەموو بار و جانتا و کەلوپەلە قورسانەوە دەچنە ناو ئەو ژوور و خانووە ئاسن و تەنەکەیەوە و چۆن دەفڕێت و بە سەر ئەو هەموو ئەرز و شاخ و داخ و دەریایانەدا تێ دەپەڕێت و بە چەند سەعاتێک مرۆڤ لەوپەڕی دونیاوە دەگەیەنێتە ئەوپەڕی.

هەر وەک لە ناو تەلەفزیۆن و دەنگ و باسیشدا دەیبینین، نەک جانتا و کەلوپەلی ڕێبوار و موسافیر، بگرە دەبابە و ئوتومبیلیش دەخرێتە ناوی کاتێ شەڕکەرەکان ئەو دەبابە و چەک و تفاقانە دەگوێزنەوە بۆ لای شوێنی پێویستیان.

ئوتومبیل و شەمەندەفەر ئەوە هەر دەسگا و دروستکراوی زۆر ئاسانن لەچاو فڕۆکە و ئەم جۆرە پاپۆڕانەدا. تۆ وەرە ئێستە ئەم خانووە چەند چینە ئەژدیهایەی سەدان بە هەزار قورسییە، بەم هەموو ژوور و شوێن و ڕێستۆران و مەتعەم و شوێنی حەسانەوە و حەمام و چەندەها جۆر چایخانەیە بۆ خۆی لە ناو ئەم دەریایەدا دەڕوات و تێ دەپەڕێت و بە خۆشی نازانێت.

بیریان لە مێشکی بلیمەت دەکردەوە کە خوای گەورە بە مرۆڤی داوە و هەروەها بە جانەوەر و حەیوانی بێزمانیشی داوە کە بتوانن خۆیان بژێنن و ئیش و کاری خۆیان بە ڕێوە ببەن. هەر لە مێروولەوە کە بچووکترین گیانلەبەرە تاوەکو فیل.

هیـی واشـیان هەبـوو ئەمـانەی دەبینـی و ئەو بیـرانەی دەکـردەوە، دەسـتی بە دەسـتدا دەدا و سـەیرێکی ئاسـمانی دەکـرد و دەیگـوت سـوبحانەڵلا، سـوبحانەڵلا. هیـی واشـیان هەبـوو کە ئەم دیمەنانـەی دەبینـی و ئەو بیـرانەی دەکـردەوە، بە سەرسـوورِمان و بڕوایـەکەوە سـەیرێکی ئاسمانی دەکرد، دەستی بەرز دەکردەوە و چەند جارێک دەیگوت:

- سـوبحانەڵلا. خـوای گەورە ئەو مێشـکەت چـۆن دروسـت کـردووە. ماڵت ئاوا بێت لە هەمـوو گەورەیەک گەورەتر، لە هەمـوو دەسـەڵاتێک بەدەسەڵاتتر. کە دەتوانی بە چاوتروکانێک گەورەترین و بە سـەروەت و سـامانترین کەس بە ژانێـک پێچـی پـێ بـدەیت و لـوولی بکەیـت و بیدەی بە ئەرزدا. خوایە چەند گەورەی.

نیو سەعاتێک دەبوو گەیشـتبوونە یەکێک لە شـارە گەورەکانی یۆنـان، هەمـوو دابەزیبـوون، بـاش بـوو لەوێ ڕێپیشـاندەیان هەبـوو و دوای سەیری پاسـپۆرت و ئەو شـتانە، دەبرانە هـۆڵێکی چاوەڕوانی. چـونکە ئەوێ شـار بـوو، ئێسـتگەیەکـی ڕێکـوپێکی دەریـایی بـوو و ڕۆژی چەندەها پاپۆڕ دەگەیشتنە ئەو شوێنە و بەتاڵ دەکران، هەر لە ڕێبوار و سـەیرانکەرەوە تـاوەکو مەکیـنە و ئوتومبیـل و هەمـوو شـتێکی بازرگانی. جەمـاعەت دیسـان شـوێنی یەک کەوتـن بۆ نـاو هـۆڵەکە بۆ

ئەوەی لەوێوە بیانگوێزنەوە بۆ ئوتێل. بەدەم ڕۆیشتنەوە بەرەو هۆڵی چاوەڕوانی، جەماعەت خۆشیی خۆیان دەردەبڕی بۆ یەکتری و کەوتبوونە ورتەورت لەگەڵ یەکدا، هیلاکی و ناڕەحەتییەکەیان بە خۆڕایی نەڕۆیشت، چاوت لەم شوێنەیە؟ ڕاستیان کرد، ئەوە نەبوو خەڵکیان ناردبووە ناو کەشتییەکە و دەیانپرسی دەعوەتکراوەکان کێن با بفەرموونە ئەم لایە. وا دیارە ئیتر کەیف دەکەن و نۆرەی خۆشییانە.

ئەحمەد بەگ خەیاڵی چوو بۆ لای نووسینەکانی کە سبەینێ چۆنی پێشکەش بکات. تۆ بڵێی ماوەی بدەنێ خۆی بیانخوێنێتەوە یاوەکو خاتوو نەزیرە گوتەنی ئێستە دەیان کەسی دیکە و لەوەش زیاتر سکاڵانامەیان نووسیوە. ئەوە چۆن بەر هەموویان دەکەوێت کە یەکە بە یەکە بیخوێننەوە، بە خوا زۆر زەحمەتە.

مامۆستا شەوکەت بە بزەیەکەوە و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئەم دوو کتێبەم زۆر دوورودرێژیش نین، یەکی دووسەد لاپەڕە نابێ، ئینجا ئەگەر دوایی بۆم تەرجەمە بکەن بە چەند زمانێک، چەند زمانی چی، وەڵا خوای دەکرد بە یەک زمانیش تەرجەمە دەکرا، هەر سوپاس بۆ خوا، بە ڕاستی دەنگێکی زۆر گەورە دەدەنەوە.

سەیفەدینیش لە دڵی خۆیدا هەر جنێوی ئاوداری بۆ شوانەی ئامۆزای دەنارد و هەر خەریکی ئەوە بوو کە گەڕایەوە، هەقی ئەوەی لێ بکاتەوە کە نەیهێشت شەهلای ژنی ببێنێت. بە خوا لەوانەیە هەر خەبەری لێ بدات کە ئەمە بە فێڵ هاتووە و پارەش لە حکومەت وەردەگرێت، بە دزییەوە دوو سێ ئیش دەکات و درۆ دەکات، هەر نەخۆش و دەردەداریش نییە، با بۆی ڕاوەستێت، ئەگەر ساختەچیی وای نەناردەوە هەولێر، پیاو نەبێت.

گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرە سەریان کردبووە سەر دکتۆر، وەکو شتێ دەیانوروژاند تاوەکو لە بابەت ئەم سەفەرەوە قسەیان بۆ بکات.

گەیشتنە هۆڵی چاوەڕوانی. پێیان گوترا لێرە دانیشن، ئێستە پاسەکان دێن دەتانبەن بۆ ئوتێل.

جەماعەت سەیری دەوروپشتی خۆیان کرد خەڵکانێکی زۆر دانیشتوون و چاوەڕێیان دەکرد. دووسەد سێسەد کەس زیاتر دەبوون. زۆریان خەڵکی ماقوڵ و بەسەروسیما بوون، هەر لە سەرۆکوەزیرانی کۆنیان تیادا بوو تاوەکو زابتی کۆن و تەقاعود و لەکاردەرکراو کە کاتێ لە وڵاتەکانیان کودەتا و ئینقیلاب کراوە، ئەوان ڕایان کردووەتە وڵاتانی تر، یا لە لایەن حکومەتەکانیانەوە دەرکراون

و دوور خــــراونەتەوە، تێکـــڕا ئەو کەســـانە بـــوون کە دژایەتیـــی حکومەتەکانیان و ناحەزیان بوون. هەروەها خەڵکی گەنج لە پیاو و لە ژن و لە دکتۆر و لە پارێزەری جۆراوجۆری میلەتانیشیان تیادا بوو. ئەمـانیش چـوونە ناویـان و دانیشـتن. هەرچەنـدە کورسـییان دەسـت نەکەوت لای یەکتـرییەوە، بەڵام چەنـد زەلامێکـی نزیکیـان کە زانییـان ئەمـان پـێکەوەن و لە زۆر شـارەزاش نـاچن و دەڵێـی ناشـین لەچـاو ئەوانـی تـردا، دەتگـوت تـازە لە دێهاتەکـانی کوردسـتانەوە هـاتبوون، دکتۆر نەبێت کە ئەو هەر زوو لە خـۆی گۆڕابـوو و کەوش و کڵاشـی بـابە گەورەی لە بیـر بردبـووەوە هەر وەک کە هێشـتا لە پـاپۆڕەکەدا بوون. ئەوەندە کەلیمە و وشەی ئینگلیزیی بەکار هێنابوو، گوڵزار خانم و خـاتوو نەزیـرە خەریـک بـوون یەخەی خۆیـان دادڕن لە ڕقانـدا، لە پەنـاوە کەوتبـوونە گـاڵتەکردن بە خـۆی و بە زمـانەکەی کە خـوار و چەوتی دەکرد و ئەو هەموو قسە ئینگلیزییـانەی بەکـار دەهێنـا تـاوەکو خاتوو نەزیرەی ناچار کرد کە تەریقی بکاتەوە و پێی بڵێت:

- ئەیەڕۆ کاکە دکتـۆر، دەڵێـی کوردیت بیـر چـووەتەوە؟ ئەی چـی بەو منــــاڵانە بڵێـــین کە لەم وڵاتـــانە گەورە دەبـــن؟ خـــۆ ئـــێمەش و مناڵەکانیشـمان لە دەمـێ سـاڵەوە هـاتووین بـۆ سـوید، بەڵام بە خـوا باوکم ئێستەش نازانم بە باشی قسە بکەم. مناڵەکانیش لە خوا بە زیاد

بێت ئەوەندە کوردییەکەیان باشە، دەڵێی دوێنێ لە سابوونکەرانەوە هاتوون. هەرچەند مامۆستا شەوکەتی مێردی چاویشی لێ مۆڕ کردبوو کە بۆچی پیاوەکەت تەریق کردەوە و هەقت چییە، بەڵام ئەو گوێی نەدابوویێ و هەر لەسەری ڕۆیشت. دکتۆریش وەرامی دابووەوە و گوتبووی:

- ئاخر بە درێژایی ڕۆژ لەگەڵ ئینگلیزدا کار دەکەم، لە ماڵیشەوە هەر لە تەلەفزیۆن و غەزەتەش هەمووی هەر ئینگلیزییە. لە ماڵەوە کەسم نییە بە کوردی قسەیان لەگەڵ بکەم.

خاتوو نەزیرەش پشتی تێ کردبوو و لچی لێ هەڵقورتاندبوو و لە دڵی خۆیدا گوتبووی:

- ئۆهـ لەبەر چاوباشقاڵییەکانت مرم کە بەم پیری و سەری سپییەوە وەکو دەڵێن لە لەندەن هەر خەریکی چاوباشقاڵی و چاوبڕکێیت. تۆ و ئەوانەی وەکو تۆ هەر حەیای کوردیشیان برد. بە خوا بەینێکی تر ڕەنگە کەس ڕووی نەیەت بڵێت کوردم، ئەم هەڵاتووە ساختەچی و دەستبڕانە ئەوەندە خراپە و دزی و بلوف و کاری خراپ دەکەن.

ماوەیەکی چاکی بەسەردا چوو، هەر کەس نەهات بە لای ئەو خەڵکەوە بڵێت هەستن وا پاسەکان هاتن. خەریک بوو دانیشتوان بێزار دەبوون و کەوتبوونە هەمەهەم و کۆکەکۆک. هەندێک هەستابوونە

سەر پێ کە بچن بپرسن. هەندێک سەرقاڵی قسە و مشتومڕ بوون کە هەر لایەکیان لەسەر حزبێک و کۆمەڵ و ڕەنگە لەسەر حکومەتێکی دەکردەوە. ئەوانی تریش دەچوون بە گژیاندا کە وا نییە، ئەوان بەکرێگیراو و خۆفرۆشن و ئەوانی تریش هەڵدەچوون بە ئاسماندا و دەیانگوت نەخێر ناماقوڵیتان کردووە، وەڵا بەکرێگیراو و بێمەبدەئـ و دز و درۆزنی وەکو ئەوانی تر هەر دروست نەبوونە لە سەر کورەی زەمین. ئەم قڕەقڕکەرانە وا خۆیان سوور و شین و مۆر کردبووەوە، مرۆڤ دەیگوت هەر ئێستە یەکێکیان لە هۆش دەچێت و دەکەوێت بە ئەرزدا. دیارە ئەم قسە و مشتومڕانەش بە عەرەبی بوون و ئەو کەسانە عەرەبی لای جەزائیر و مەغریب و ئەو ناوانە بوون، بۆیە ئەمان لە هەندێ قسەیان تێ دەگەیشتن و هەروەها بە قیڕە و قسەکردن بە دەنگی بەرز و فیشی جگەرە و گوێنەدان بەوەی جگەرەکێشان قەدەغەیە لەو شوێنە، هەر دەبوو ڕۆژهەڵاتی بن، ئیتر یا دەبوو کورد بن یا عەرەب یا ئێرانی.

یەکێک کردی بە هۆڵەکەدا و گوتی هەستن پاسەکان گەیشتن، وەرن سوار بن. خەڵکەکە هەر کەسە دەستی دایە جانتا و کەلوپەلی خۆی. کە چوونە دەرێ، پێیان گوترا: فەرموونە ئەم بینایەی تەنیشت، ئەوێ جێوەستانی پاسەکانە.

ئەم خەڵکە هەموو ڕیزیان گرت، پاسەکانیش یەکەیەکە دەهاتنە لای ڕیزەکە و خەڵکیان پڕ دەکرد و دەکەوتنە ڕێ، پاسی دواوە دەهاتە شوێنی. پاسەکانیش بە ڕیز ڕاوەستابوون، هەمووی گەورە گەورە و تازە و پاک بوون، وەها خۆش بوون دەتگوت فڕۆکە و تەیارەن.

نۆرەی کوردەکانیش هات، ئەوانیش سوار بوون و پاسەکە پڕ بوو، ئینجا بە ناو شارێکی ئاوەدان و دڵگیردا کەوتە ڕێ، شەقامی پان و فراوان و چەند ڕیزی ئەمبەر و ئەوبەری هەموو درەخت و سەوزایی و گوڵ و گوڵزار بوو. هەرچەندە لە ئەورووپا مانگی پێنج بوو و هێشتا سەرما بوو و هێشتا درەختەکان نەکرابوونەوە، بەڵام چونکە لەوێ گەرمترە، دار و درەخت هەموو کرابوونەوە و باڵ و لقوپۆپیان بەو ناوانەدا بڵاو کردبووەوە و دیمەنێکی جوان و ئارامکەرەوەی بە ڕێبوار و خەڵکی شارەکە بەخشیبوو. لە دوای بڕینی چەند شەقام و بەرزی و نزمییەک، پاسەکە لە بەردەم ئوتێلێکی خۆش ڕاوەستا، ئیتر خەڵکەکان هەموو تێکەڵی یەک بووبوون، لەو ناوە یەک دوو ئوتێلی تری لێ بوو کە هەموو هەر ئەمبەر و ئەوبەر بوون و فلکە و باخی بچووک بچووکی جوان جیای دەکردنەوە لەیەک. دیاربوو خەڵکەکە زۆر بوون، لەبەر ئەوە لە دوو سێ ئوتێل دایان بەزاندبوون.

تێکڕا ئەم ئوتێلانەش لە ئوتێلەکەی جزیرەکە دەچوون، هەموویان دەریا و دیمەنی دڵگیریان لێوە دیار بوو. هەروەها بۆ دابەشکردنی ژوور و ڕێستۆران و نانخواردنیش هەر وەک یەک بوون.

لای سەعات چواری دوانیوەڕۆ بوو، دەبوو بۆ سەعات هەشت دیسان خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ئێوارە بچوونایەتە کۆبوونەوەیەک کە کۆنفرانسەکە ئیتر دەست پێ دەکات.

گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرە بە پیاوەکانیان گوت:

- ئەوەندە ماندووین، ئەگەر دونیا هەستێ و ئەگەر شاربەدەریان کردووین، ئێمە نایەین.

مامۆستا شەوکەت بەسەر ژنەکەیدا هەڵشاخا و گوتی:

- جا کە حاڵت وابوو، بۆ هاتی؟ ناوت دراوە بە خێرێ ئەندامی وەفدی کوردیی ئاوارەیت، کەچی تۆ هاتووی بنویت؟

خاتوو نەزیرە لێی ڕاپەڕی و گوتی:

- بە خوا ئەگەر هەر ئێستە حەپسیان کردووم، نایەم، ماندووم و هێزم تێدا نەماوە، هەموو لەشم ئێشێ و نایەم، بە زۆریش نییە. ئێوە بڕۆن نووسین و خوتبەکانتان دەربێنن و بیخوێننەوە. ئێمە ئەمشەو پشوو دەدەین و سبەینێ دێین. سبەینێ لە سەعات دەوە دیسان دەبێ بڕۆین بۆ کۆنفرانسەکە. ئێمە ئەمڕۆ ناتوانین بێین و بڕایەوە.

گوڵزار خانمیش بۆی سەندەوە و گوتی:

- ئەیەڕۆ چـوونی چـی؟ بە قەبـری ئەو غەوسـی گەیلانیـیە بە پێـوە ڕۆحم دەردەچێت، هەر هێزم لێ بڕاوە، بۆ خاتری خوا هەر خۆتان بڕۆن و واز لە ئێمە بێنن.

دەعوەتکراوەکانی کۆنفرانس کە لەو چەند ئوتێلەدا بوون، هەموویان دیسان گوێزرانەوە بۆ شوێنی زەماوەندەکە کە حکومەتی یۆنانی بە یارمەتیی چەند مونەمەزەیەک بەرپایان کردبوو بۆ ئەو میوانانە و ئەو ئێـوارەیەش لای ئەوان لەسـەر دەعـوەتی نـانخواردن بـوون و وەکـو زەماوەندێکی یەکترناسین وابوو. دەعوەتەکە لە پارکێکی زۆر خۆش و بەرین ساز کرابوو، مێز و کورسیی زۆر لەو ناوە بڵاو کرابوونەوە، بە دەیـان کەس بە جلـی سـپی و ڕێکـوپێکەوە میوانـدارییان دەکـردن. ئەمانیش لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکانی تر گەیشتن و چوونە ناویان. دیسان دکتـۆر و سـەیفەدین چاوسـاغیان بـوون و چـوون مێزێکـی شـەش نەفەریـی باشـیان گـرت. لەگەڵ ئەوەشـدا کە ژنەکـان نەهـاتبوون و چوون دانیشتن، میواندارەکانیش لە چالاکی و ئیشدا بوون و سینییان بە سـەر دەسـتەوە بـوو، خـواردنەوە و سـاردەمەنی و ئەو شـتانەیان دابەش دەکـرد لەگەڵ زەڵاتە و وردەخـواردنی بچـووک بچـووک. خەڵکـیش بـۆ خۆیـان دانیشـتبوون و دەیـانخواردەوە و پێـدەکەنین.

هەموو خۆیان گۆڕیبوو، جلە باشەکانیان لە بەر کردبوو. زۆری پێ نەچوو دکتۆر هاتە قسە و گوتی:

- خۆ گوتیان ئەمە حەفلەی یەکترناسین و نانخواردنە، کەچی هەر تاقم و گرووپە بۆ خۆیان بە جیا دانیشتوون و کەس نەچووەتە لای کەس. ئەوەتا وەکو ئێمە هەر بۆ خۆمان لەگەڵ یەک دانیشتووین و هەقی کەسی ترمان نییە.

مامۆستا شەوکەت وەرامی دایەوە و گوتی:

- وەڵا لە هەمووی ناخۆشتر خەریکم ڕەق دەبمەوە لە سەرماندا. من جلە تەنکەکانم لە بەردایە. نەمزانی، وام زانی دەمانبەنە قاعە و ئوتێل و شتی وا، کەچی نەمزانی دەمانهێننە ئەم پارک و باخە و لە سەر قەراغی دەریا و بەحر.

ئەحمەد بەگ بۆی سەندەوە و گوتی:

- خوا بەوە ڕەحمی کرد کە ژنەکان نەهاتن. بە خوا حاڵیان زۆر پەرێشان دەبوو. من خۆم خەریکم لەرزم لێ دێت، زۆر ساردە، ماڵیان کاول بێت نەدەبوو پێمان بڵێن کە شوێنەکە وایە. بە خوا نەخۆش دەکەوین ئەگەر زۆر لێرە بەند ببین.

سەیفەدین لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەدی تاوەکو نانێ نەخۆین کو دەبی بڕۆین؟ بەڵام ڕاست دەکەن بە خودای خەریکە زۆر ساردی دەکات.

لەو خەڵکانەی لەوێ بوون، زۆریان هەر باکی هیچ سەرمایان نەبوو، پیر و بەساڵاچووەکانیش شوێنەکە سارد بوو لە لایان، بەڵام ئەوەندە بێزار نەبوون، چونکە ئەوانە بەبێ سەرماش لەبەر ئەوەی ڕۆماتیزم و پشتئێش و سێبەندەی بەژانیان هەبوو، سێ چوار فانیلە و بلووزیان لە بەردا بوو، هەروەها دوو سێ دەرپێی درێژ و پانتۆڵیشیان لە پێدا بوو.

شەو درەنگ سەعات یانزە و دوانزە هەموو گەڕانەوە ئوتێلەکان. مامۆستا شەوکەت دەرکی ژوورەکەی کردەوە و چووە ژوورێ و لەژێر لێوەوە دەیگوت:

- زانیم وام لێ دێت، ئەوەتا لە ئێستەوە سنگم قورس بوو، خوا ڕەحم بکات کە ڕەبۆکەم نەیەتەوە سەرم. هەرچەندە شکور دەرمانی هەڵمژینەکەشم پێیە.

خاتوو نەزیرە خەوی سووک بوو، بە بچووکترین چرکە و ورتە خەبەری دەبووەوە. چاوی کردەوە و بە دەنگی گڕی خەواڵوویی گوتی:

- هاتنەوە بە خێر بێنەوە. زەماوەندەکەتان خۆش بوو؟ کتێبەکانت دانیٚ؟

مامۆستا شەوکەت لە سەر کورسییەکە دانیشت و دەستێکی بە دەموچاوی خۆیدا هێنا و گوتی:

- زەماوەندی چاک و کتێبی چاک. ئێمە هەموومان نەخۆش کەوتین ئەوەندە سەرما بوو. لەویٚ هەر شکوری خوامان کرد کە تۆ و گوڵزار خانم نەهاتن. بهاتنایە، حاڵتان پەرێشان دەبوو.

خاتوو نەزیرە هەستا و لە ناو جێگەکەی دانیشت، دەستێکی بە سەروسەکوتیدا هێنا و بەدەم باوێشکدانەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ بۆچی؟ ئێوە لە کویٚ بوون؟

مێردەکەی کە خەریکی جلداکەندن و بێجامە و ڕۆب لەبەرکردن بوو، وەرامی دایەوە و گوتی:

- هەر لیٚ گەڕیٚ، لە باخێکی هەندیٚ دوور لە شار بووین، لە قەراغ دەریا، شوێنەکە یەکجار خۆش بوو، بەڵام زۆر سارد بوو، دەبوو شتێکی ئەستووری ترمان لە بەر کردایە.

خاتوو نەزیرە پرسیی:

- ئەی نانخواردنەکە چۆن بوو؟ کتێبەکانت دانیٚ؟

مامۆستا شەوکەت بە هەندیٚ توندی گوتی:

- نــان و ئەو شــتانە زۆر زۆر بــوو، خزمەتــی چاکیــان دەکــرد، بەڵام وەکو دەڵـێن، کـاتی نـانخواردن سـەگ سـاحێبی خـۆی نەدەناسـییەوە و کــەس بە کەس نەبــوو. خەڵــکەکە ئەوەنــدە زۆر بــوون، ئیشــکەرە قوڕبەسەرەکان فریا نەدەکەوتن. مامۆستا لەسەر قسـەکەی ڕۆیشـت و گوتی:

- نازانم ئەم هەموو عەشام و خەڵکە زۆرەیان لە کوێ و چۆنیان بۆ کـۆ کـراوەتەوە، هەر کەس بە کەس نەبـوو، حەفلـەی ناسـینی چـی و حاڵی چی؟ هەر کەسە بە جۆرێک بانگ کراوەتە ئەم شوێنە، هەندێک دەڵێن کۆنفرانسی حقوقی ئینسانە وەکو بە ئێمە گوتراوە، هیی دیکەش دەڵـێن زۆری ئەم خەڵکـانەی تـر هـاتوون کە لە دژی ئەو حکومەتـانە قسە بکەن کە گوێ نادەنە تێکدان و شـێواندنی جۆری ژیانی ئاسـمان و زەمــین و هەر ئەتــۆم و ئەو شــتە خەتەرنــاکە بەکــار دەهێــنن و دروست دەکەن.

هەرچۆنێک بێت، ئەمشـەو کەس بە کەس نەبوو، ئیتر بزانین سـبەینێ چۆن دەبێت.

دیسان خاتوو نەزیرە پرسیی:

- ئەی کتێبەکانت دانێ؟ ئەی سکاڵانامەکانتان چی لێ کرد؟

مامۆستا شەوکەت بە بێزارییەکەوە گوتی:

- پێــت دەڵێــین کەس بە کەس نەبــوو، ســەگ خــاوەنی خــۆی نەدەناســـییەوە، نە دەتزانـــی خـــاوەن دەعـــوەت کێـــیە و نە دەعوەتکراوەکان. پێم دەڵێت کتێیبەکانت و سکالانامەکانتان. ئەوەیە کە دەڵێن: من دەڵێم نێرە ئەو دەڵێت بیدۆشە.

خاتوو نەزیرە خەریک بوو بداتە پڕمەی پێکەنین، بە بێدەنگی خۆی کرد بە ژێر جێگەکەیدا و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- یـاخوا لەشـتان سـاغ بێت بـۆ خۆتـان و ئەم کۆنفرانسـە عاجبـاتییە بێوێنەیە.

مامۆسـتا شـەوکەتیش بە کۆکەکـۆک و ئاهونـاڵە و دەرمـانهەڵمژینەوە چووە سـەر جێگـەکەی و پاڵ کەوت و خـۆی داپۆشـی، ڕۆبەکەشـی دا بە قاچ و قولیدا. لە سەر لێفەکەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- بە خــوا هەروا بمێــنم تــاوەکو بەیــانی، دەترســم نەتــوانم بچــمە کۆنفرانســەکە. یـاخوا ماڵتـان بە قـوڕ گیـرێ، بـۆ پێتـان نەگـوتین کە دەمانبەنە ئەو شوێنە قەراغ دەریایە.

بەیانی زوو هەستان. هەر یەکە هەر خەریکی خۆی بوو. ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانم پێش هەموویان ئامادە بوون.

دکتـۆر و سـەیفەدینیش هـاتنە بەر دەرگاکەیـان و خەریکـی کلیلـدانی بوون. لەگەڵ ئەحمەد و گوڵزار خانم ڕۆژباش و سەلامیان کرد لەیەک

و هەواڵی یەکتریان پرسی. هەموویان پەرۆشی مامۆستا شەوکەت بوون، چونکە شەوێ لە هەموویان خراپتری بەسەر هاتبوو، بە تایبەتی کە ئەو (ڕەبۆ)ی هەبوو و سنگی تەواو نەبوو.

ئەوان لەو مشتومڕەدا بوون کە تەقەی دەرکی مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرەش هات. ئەوانیش گەیشتنە لایان.

ئەگەرچی مامۆستا شەوکەت باشتر بووبوو لە شەوێ، بەڵام هەر هەندێ هەناسەی باش نەبوو. بەدەم ڕۆیشتنەوە بەرەو ڕێستۆرانەکە کە بچن بەرچایی بخۆن، باس هەر باسی شەوێ بوو. ژنەکانیش کەوتنە یەک، ئەو دەیگوت:

- بە خوا باش بوو نەچووین.

ئەوی دیکە دەیگوت:

- چۆن خەریک بوو بە زۆری زۆرداری بمانبەن؟

لە ڕێستۆرانی ئوتێلەکە بە پەلە نانەکەیان خوارد و خۆیان ئامادە کرد و چوونە بەر دەرگای ئوتێل سواری پاس ببنەوە کە بیانبات بۆ شوێنی بەستنی کۆنفرانسەکە.

خەڵکێکی زۆر لەو ناوە بڵاو ببوونەوە. زۆریان خۆیان ڕازاندبووەوە و جلی جوانیان لە بەر کردبوو. هیی واشیان تیادا بوو دەتگوت بۆ دارەوانی و شاخەوانی هاتووە، جلی وا سپۆرت و وەرزشکارانەی لە

بەر کردبوو. چەند ژنێکی ئەفریقییشیان تیادا بوو بە جلی پان و شۆڕ و گوڵگـــوڵییەوە و سەریشـــیان هەروەهـــا بە عەینـــی قوماشـــی کراسەکانیان یا قوماشی تر و ڕەنگی تر بەستبوو. چەند ژنێکی هندی و پاکستانییشیان تیادا بوو، ئەوانیش جلی خۆیان لە بەر کردبوو.

خـاتوو نەزیـرە سـەیرێکی دەوروپشـتی خـۆی کـرد و بە هەنـدێ توندییەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ یەک سـەعات لەگەڵ ئەم پیـاوە مشـتومڕمان بـوو، ئـاخری نەیهێشت جلە کوردییەکانم لە بەر بکەم. تو خوا جلی کوردیی ئێمە جوانە یاخود ئەم جلە عاجباتیـانە، دەڵێی تۆپە قوماشـە و لە خۆیـان ئاڵاندووە، سەیریان بکە یەکی بە قەد فیلێکیش دەبن ئەوەندە قەڵەون. ئەوە هندییەکان قەینا جلەکانیان جوانە.

خاتوو نەزیرە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- وەڵا دەڵێی بچم لە بەری بکەم.

مامۆستا شەوکەتی مێردی کە خۆی لە خۆیدا توورە بوو لەبەر سنگی و نەوەکا نەتوانێت سکاڵانامەکەی بخوێنێتەوە، بۆیە بە توورەبوونەوە سەیرێکی ژنەکەی کرد و گوتی:

- کچێ دانیشە، دەچیتەوە چییە؟ وا پاسەکان هاتن، جلی کوردی چی و حاڵی چی، بەو جلە شەپوشۆڕانەوە بۆ کوێ دێیت؟ هەر دەبی بە سینەما.

ئەم جارە گوڵزار خانم وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەیەڕۆ مامۆستا بۆچی دەبین بە سینەما؟ لە جلی کوردی جوانتر هەیە؟ دە تۆ سەیری ئەو ئەفریقی و خەڵکانەی تر بکە، چاوت لێیە ئەو دوو سێ ژنە بەو عەبا و دەرابانەی سەر دەموچاویان؟ ئەوان مەعلوم خەڵکی خلیج و ملیجن. ئەیەڕۆ ئەی ئەوان بۆ بە جلی خۆیانەوە هاتوون؟ وەڵا سبەینێ منیش لە بەری دەکەم.

ئەحمەد بەگ بۆ ئەوەی مشتومڕەکە کۆتایی پێ بێنێت، گوتی:

- باشە بابە گیان، سبەینێ ئێوەش هیی خۆتان لە بەر بکەن و بەرۆکمان بەردەن.

ئەو هەموو خەڵکە چین چین و بە ڕیز بەو بەیانییە دیسان سواری پاس دەبوون، کەوتنە ڕێ بەرەو شوێنی کۆنفرانسەکە.

شوێنی کۆنفرانسەکە شوێنێکی زۆر گەورە بوو، چەند هۆڵ و قاعەی ئێجگار گەورەی هەبوو کە بە ئاسانی هەر یەکەی هەزار کەسیان دەگرت. بەو ڕۆژە ڕووناکەش دەتگوت چراخانە. ئەو قاعەیەی کۆنفرانسەکەی تیادا دەبەسرا، ڕازابووەوە، کورسیی نەرمی تیادا ڕیز

کرابوو بە ڕەنگی سەوزی جوان، شانۆکەی چەندەها (مایکرۆفۆن) و بڵندگۆ و ڕووناکیی جۆراوجۆر بە پەردەی سەوزی کاڵەوە، لە دەرێی قاعەکە چەندەها شوێنی پشوودان و حەسانەوە و نانخواردن و چا و قاوەی لێ بوو، پۆلیسێکی زۆر لە بەر دەرگا ڕاوەستابوون بۆ پاراستنی خەڵکە دەعوەتکراوەکان لە دەستدرێژی و مەترسی، چونکە زۆری ئەو کەسانە ناحەزی حکومەتەکانیان بوون و هاتبوون بەو بیانوانە قسە بە حکومەتەکانیان بڵێن.

سەیفەدین و دکتۆر عادل هەر زوو گوتیان با زوو بڕۆین، بۆ خۆمان شوێنی باشی پێشەوە بگرین تاوەکو چاومان لە هەموو شتێک بێت. دیسان بووەوە بە پاڵەپەستۆ و ڕیزگرتن بۆ چوونەناو قاعە. پیاوی ئاسایش لە بەر دەرکی قاعەکە ناوی خەڵک و کارتەکانیان سەیر دەکرد کە لە ئوتێل بەسەریاندا بڵاو کرابووەوە. سەیفەدین بە پەلە خۆی گەیاندە ڕیزی پێشی پێشەوە و شەش کورسیی گرت و پەلەی لەوانی تر کرد کە وەرن زوو بکەن با نەگیرێت، جەماعەتیش یەک لە دوای یەک هاتن و چوون بە ڕیز دانیشتن، ئیتر هەروا خەڵک بوو بە لێشاو دەهاتە ژووری.

مامۆستا شەوکەت کۆکی و کە لێ بووەوە، سەیرێکی ئەم هەموو قەرەباڵغییەی کرد و گوتی:

- زۆر سـەیرە، ئەم هەمـوو خەڵـکە چـۆن کـۆ کـراونەتەوە، ئەمـانە بە چـی هاتوون؟ ئەمە کێ ڕێگەی داون؟ ئەمانە بە چی تێر دەکرێن لە ڕێی خودا؟

دکتـۆر شـارەزایانە هەر وەک وای دەردەخسـت کە ئەم لە هەموویـان زیاتر دەزانێت، وەرامی مامۆستای دایەوە و گوتی:

- ئەمە هەمـووی پـارەی مـونەزەمە خێرخوازەکـانە، بەڵام زۆر لـە کاربەدەسـتانیان بە کەیفـی خۆیـان سـەرفی دەکەن و سـێ بەشـی بـۆ خۆیان و مامور و کارمەندەکانیان دەبڕن، بەشێکیش دەگاتە دەستی ئەو خەڵکانەی بۆیان نێرراوە.

ئەحمەد بەگ وەرامی دایەوە و گوتی:

- هەر وەک پـارەکەی نەوت بە خـۆراکی ئـێمە. ئەوەتـا نەتەوەی یەکگرتـوو بەشـی هەرە زۆری دەدات بە مەعاشـی کارمەنـدەکانی و قەرزوقـۆڵە و (تەعـویزات)، ئینجـا چـارەکێکیش بەر عێراقـی بێچـارە دەکەوێت، بە کوردی خۆشمان، وەک دەڵێن، لە گایەک گوێچکەیەکمان بەردەکەوێت، ئەوە بە خێرێ نەوتمان دەفرۆشن.

ئەگەرچـی سـەیفەدین بە نەخـوێنەوار دەژمێـرا و سـەری لەو کـارانە دەرنەدەکرد، بەڵام بەشی خۆی زیرەک بوو، بۆیە ئەویش هەڵـی دایـێ و گوتی:

- کـوره بـابم، ئێسـتە هەمـوو شـتەک بـوویتە تیجـارەت و قـازانج و دەسـکەوت، هەر لە وەتەنـیەتەوە تـاوەک و دیـن و ئیمـانیش، ئەنگـۆ ئاگاتان لە چییە.

هەموویان بە ئەسپایی بە قسەکەی سەیفەدین پێکەنین.

ئەو قـاعە گەورە و پـانوپۆڕ و زلە خەریـک بـوو پـڕ پـڕ دەبـوو، هەر خەڵک بوو دەهاتن و ئیشکەر و کارمەندانی قاعەش بەدوایانەوە بوون و دەهاتن و ڕێ و شوێنیان پیشان دەدان، ڕیز ڕیز ئەم خەڵکە جێیـان پیشـان دەدرا. ئیتـر خەریـک بـوو غەڵبەغەڵـب و دەنگەدەنـگەکە کەم دەبـووەوە و خەڵـکەکە دامەزران و شـانۆکەش جـووڵەی تـێ کەوت. هەنـدێ هـاتن و چـوون خەریکـی دانـانی دۆلـکە و بوتڵەئـاو بـوون بـۆ قســەکەرەکان، ئەحــمەد بەگ و مامۆســتا و دکتــۆریش خەریکــی سکاڵانامەکانیان بوون. یەکێک خەریک بوو بە سەریدا بچێتەوە، هیـی دیکەیـان دەتگـوت تـازە نووسـیویەتی و نـازانێ چەنـد لاپەڕەیە، کەوتە ژمــاردنی. ئەوی تریــان بە ئەســپایی و لەژێــر لێــوەوە کەوتە خوێندنەوەی، بە تایبەتی کە شەوی ئاهەنگەکەی سەر دەریـای شـەوی ڕابوردوو کە دکتۆر لە کابرایەکی پرسی کە ئەوان سکاڵانامەکانیان بە کوردی نووسیوە، ئایا دەبێت؟

کابراش پێی گوتبوو ئەی چۆن، هەر کەسە بە زمانی خۆی دەتوانێت، لێرە چەندەها موتەرجیم و تەرجومان هەن. هەر دەستبەجێ بۆ خەڵکەکە تەرجەمە دەکرێت. تێکرا دەکرێت بە ئینگلیزی. دکتۆریش ڕووی نەهاتبوو بە کابرا بڵێت خۆ من چوار قسە بە کوردی دەکەم و پێنجیش بە ئینگلیزی، بەڵام داخەکەم ئینگلیزییەکەم هەر دەتوانم قسەی پێ بکەم. بۆ نووسین ناتوانم و لێی نازانم. هەرچۆنێک بێت، دکتۆر دڵی ئەحمەد بەگ و مامۆستا شەوکەتیشی خۆش کردبوو کە دەتوانن بە کوردی سکاڵانامەکانیان بخوێننەوە، ئەوان لەم خەیاڵ و سەرقاڵییەی خۆیاندا بوون کە کابرایەک گەیشتە سەریان و گوتی:

- ببوورن، دەبێ لێرە هەستن و بچنە شوێنێکی تر، چونکە ئێرە جێی خەڵکی ترە.

سەیفەدین خەریک بوو هەڵچێت و گوتی:

- لۆ هەستین، ئەمە چ قسەیەکە؟

مامۆستا شەوکەت کاغەزەکانی دەستی ڕێک خست و خستیە جانتا بچووکەکەیەوە و بە حەپەساوی گوتی:

- بۆ هەستین؟

ئەحمەد بەگ لەسەرخۆ گوتی:

- کاکە گیان ئەڵبەتە ئێمە بە سەهوو هاتووین و لە خۆمانەوە هەڵمان کوتایە سەر ئێرە. ئەگینا خۆ لەوساوە ئەم خەڵکە شوێنیان پیشان دەدەن ئینجا دادەنیشن، بێدەنگ هەستن، با حەیامان نەچێت.

ژنەکان هەر زوو هەستان و چاویان بە دەوروپشتی خۆیاندا گێڕا. گوڵزار خانم بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ ئینجا بچینە کوێ؟

هەموویان هەستانە سەر پێ. لە هەموویان درەنگتر دکتۆر هەستا، چونکە ئەو حەزی لە سنگدەرپەڕاندن بوو، حەزی دەکرد لە ڕیزی پێشەوە بێت. ئەمان هێشتا نەجووڵابوونەوە کە چەند پیاو و ژنێک بە فەرموو فەرموو و قوربان قوربان هێنران. دیار بوو زەلامەکان لە کەسە ناسراوەکان بوون، ئیتر ئەمانیش جێیان بۆ چۆڵ کردن. کابرا پێشیان کەوت و گوتی فەرموو شوێنتان بۆ پەیدا دەکەم، باش بوو زوو دوو سێ ڕیز سەروو شوێنە کۆنەکەیان جێیان دەست کەوت. کابرای کارمەند بە ئەدەبەوە و بە ئینگلیزییەکی سەروپۆتەڵاک شکاو تێی گەیاندن کە دەبێ ببوورن و ئەو زەلامانەی کە هاتنە شوێنەکەیان، ئەو شوێنە بۆ ئەوان دانرابوو و ئەوانە یەکێکیان کۆنە ڕەئیس جمهوری سودان بوو و پیرەکەی تریشیان ڕەئیس جمهوری کۆنی ئەنگۆلا بوو کە کۆدێتای لێ کرا و دەرکرا. سەرسپییە

کـورتەکەش، کـوڕەکە تـۆزێ ڕاوەسـتا و گـوتی بە خـوا بیـرم نیـیە، ئەویش یەکێکە وەکو ئەوانی تر.

جەمـاعەت دانیشـتن. ئەگەرچـی شـوێنەکەیان زۆر لە پشـتەوە نەبـوو، بەڵام لە ناوەڕاستدا بـوو و ئەگەر کەسـێک بیویسـتایە هەسـتێت بچێتە سـەرئاوێک یـا شـتێک، دەبـوو ئەو هەمـوو کەسـانەی لە ڕیـزەکەدان، خەریکی خۆیـان بـن و خۆیـان لادەن تـاوەکو ئەو کەسـە تێ بپەڕێت. بۆیە وەک حەپس وابوون.

کۆنفرانس دەستی پێ کرد. ژنێکی هەندێ پیری بەدقەوارەی قەڵەوی پرچکورتی بـۆیەکراو بە چـاکەت و پـانتۆڵی ژنـانەوە کە هەر دەتگوت شێرەبەفرینەیە، هاتە بەر مایکرۆفۆنەکە و بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و بە ئینگلیزییەکی زۆر عالمانە دەستی پێ کـرد و باسـی حقوقخـوراو پێشـیلکراوی ئینسـان و مرۆڤـی کـرد لە نـاو زۆر کۆمەڵگـەدا، باسـی میللەتـانی غەدر و زوڵملێکـراوی کـرد و باسـی کوشـتن و بـڕین و لەناوچوونیـانی کـرد کە بە هـۆی چەکـی پـیس و خەتەرنـاک و لـوغم و مینسازییەوە لەناو دەچن.

ئیتـر نە لاپەڕەیەک نە دوان نە سـیان و نە چـوار و نە پێنجـیش، جاربەجـاریش کە ئیحساسـاتی دەبـوو، لەبەر قسـەکانی هەڵـدەچوو و خەریک دەبوو تاقمە ددانەکەی لە دەمـی بکەوێتە خـوارەوە، بۆیە زوو

زوو دەستی دەبرد بۆ دەمی، جاریش عەینەکەکانی دەجوولاندەوە لە سەر چاوی، دەنگیشی جاروبارێک باریک دەبوو، جاریش گڕ و بەرز و نزم. سەیفەدین خۆی پێ نەگیرا و گوتی:

–ماڵی بابتان خەرابێ ئەوە کەسی دیکەیان نەدۆزییەوە لەم پیرەژنە نەگبەتە زیاتر، وەی بابە ئەو قسانەی کو لە دەمی دێنە دەرەوە. دەمی دەڵێی ڕەشاشی بێئامانە.

جەماعەت خۆیان گرت کە نەدەنە پرمەی پێکەنین، چونکە قسەکەی سەیفەدین زۆر ڕاست بوو، هەروەها خۆشیان لە دڵی خۆیاندا هەر ئەو بیرەیان دەکردەوە، بەڵام لەبەر خەڵک کە هەموو نزیک بوون، زۆر عەیب بوو ئەگەر کەسێک دەنگەدەنگ بکات، بۆیە ئیشارەتی سەیفەدینیان کرد کە بێدەنگ بێت.

پیرەژن لە کەسێکی زۆر پایەبەرز دەچوو لە ناو کۆنفرانسەکەدا، لاپەڕەی شەشەمین و حەوتەمینیشی تەواو کرد، ئینجا قومێ ئاوی خواردەوە و تەواو بوو. خەڵکی هۆڵەکە چەپڵەیەکی وایان بۆ لێ دا کە هەر دەنگی دەدایەوە و لە بڕانەوە نەدەهات. ئەحمەد بەگ بە ئەسپایی ڕووی کردە ژنەکەی و هاوڕێکانی و گوتی:

– بە خوا ئەمە لە خۆشیاندا ئەم هەموو چەپڵەیان بۆ لێ دا، لە خۆشی ئەوەی تەواو بوو و بەرۆکی بەردایین.

زەلامەکەی سـەر شـانۆ بە مـایکرۆفۆن داوای نـاوێکی کـرد و گـوتی بـا بفەرموێـت و بێـت نـامەکەی بخـوێنێتەوە. لە ڕیـزی لای دەســتەچەپ کـابرایەکی جلشـیکی پـرچ ماشـوبرنجیی زۆر ڕێکوپێـک هەسـتا و چـووە سـەر شـانۆکە. لە جێـی خوێندنـەوە و قسـەکردندا ڕاوەسـتا و بە سـەرخوارکردن و دەستڕاوەشـاندن سـەلامێکی لـە دانیشـتوان کـرد. دەفتەرێکی بە دەستەوە و بوو، کردیەوە و دەستی کرد بە خوێندنـەوە. ئەم جـارە بە زمـانی فەڕەنسـی، لەبەر ئەوەی ئەو کەسـەی فەڕەنسـییان نەدەزانی، گورج گوێگرەکانی کردە سەری و نای بە گوێچکەیەوە کە هەر کورسییەک یەکێکی پێوە بوو، بۆیە هەموو گوێیان گرت لە تەرجەمەی قسەکانی کابرای فەڕەنسی بۆ ئینگلیزی. کـابرا هەمـوو شـتێکی ڕێکوپێک بوو، دەنگی، جۆری قسەکردن و خوێندنەوەی. لە دوای بەینێک گـوێگرتن، جەمـاعەت بە سەرسـووڕمانەوە سـەیری یەکتریـان کـرد، دکتـۆر پـێش هەموویان گوێگرەکانی لە سەری داماڵی. ئەوانی تریش چاویـان لەو کرد. زانیان کە ئەمە دکتۆر دەیەوێت شتێک بڵێت، دکتۆر سەری بردە نزیکیان و دەمی بردە پێشـەوە و بە چرپە گوتی:

- کـورە بـابە ئەمە باسـی دووکەڵ، غـازات و بۆمبـا و تێکـدان و کونبـوونی پشـتێنی (ئـۆزۆن) ئـەکات کـە بۆیـە نەخۆشـییە خراپـەکان زیادیان کردووە.

هەموو کەوتنە گێژاوەوە کە ئەمە چییە. حقوقی ئینسان لە کوێ و ئۆزۆن لە کوێ؟ بەڵام هیی وایان هەبوو هەر گورج لە مێشک و ناو دەروونیدا (ئۆزۆن) و حقوقی ئینسانی پێکەوە بەست و لەژێر لێوەوە بە خۆی گوت:

- چۆن ئۆزۆن حەقی چییە بەسەر پاراستنی حقوقی ئینسان و میلەتانی زۆرلێکراوەوە، هەر زۆر هەقی هەیە. ئەی ئینسان نییە لەبەر تێکدانی ئەو توێکڵە تووشی ئەم هەموو نەخۆشییە خراپە دەبێ؟

دیسانەوە سەیفەدین نەیتوانی خۆی بگرێت و پشتێنەی ئۆزۆن و پەردەی ئۆزۆن کە دکتۆر باسی کرد، هەندێ مێشکیان شێواند و ویستی بزانێت ئەمە باسی چی دەکەن، بە تایبەت ئەو لە کوردی و هەندێ عەرەبیی نیوەچڵ و هەندێ سویدیی سەروپۆتەڵاک شکاو زیاتر هیچ زمانێکی تری نەدەزانی. بۆیە بە چرپە پرسیی:

- بێزەحمەت پشتێنەی (ئۆزۆن) چییە؟

ئەحمەد بەگ لە تەنیشتیەوە بوو، ڕووی تێ کرد و بە بێزارییەکەوە وەرامی دایەوە، چونکە ئەحمەد بەگ پیاوێکی خوێندەواری زمانزانی ڕێکوپێک بوو، زۆریش حەزی لە ڕاگرتنی یاسا و نیزام بوو، بۆیە بە ئەسپایی و پەلە گوتی:

- پشتێنە و پەردەی ئۆزۆن ئەو توێژەیە کە لە دەوری خڕیی ئەرزە، ئەرز لە تیشکی دژواری ڕۆژ دەپارێزێ و نایەڵێت ڕاستەوخۆ بەر ئەرز بکەوێت، ئەگینا ئەگەر ئەوە نەبێت، هەتاوەکە ئەوەندە تیژ و قایمە، هەموو شتێ لەسەر ئەرز دەفەوتێنێ. چەند قازانجی هەیە، ئەوەندەش خراپەی دەبێت. ئەحمەد بەگ بۆیە وا بە دووردرێژی سەیفەدینی تێ گەیاند، چونکە دەیناسی کە دەستبەردار نابێت و واز ناهێنێت تاوەکو تێی نەگەیەنن. هەروەها دەشیزانی ئەگەر یەکێکی تر تێی بگەیەنێت، لەوانەیە بە دەنگی بەرز و تەعلیق و نوکتەوە بۆی بگێڕێتەوە و گوێ نەداتە ئەم هەموو خەڵکەی دانیشتوون گوێ دەگرن.

مامۆستا شەوکەت لەبەر خۆیەوە گوتی:

- با حازر بین، لەوانەیە دوای ئەم زەلامە ئیتر بانگی ئێمە بکەن.

خاتوو نەزیرەی ژنی سەیرێکی کرد و دەستی نایە پەنا دەمی خۆی، زۆری لەبەر ئەحمەد بەگ کە گوتی چیتر قسە مەکەن و پرس و پرسیار مەکەن. بۆیە زۆر بە چرپە گوتی:

- باشە، ئەوان دەزانن کە ئێوەش نووسین و سکالانامەتان هەیە و ناوتان دەزانن؟

مامۆستا سەری بردە لای گوێچکەی ژنەکەی و گوتی:

- ئەی چۆن؟ لە سویدیش ناوەکانمان پێ داون، لێرەش هەر دامانێ.

ئەی نەتدی من و دکتۆر و ئەحمەد بەگ چەند ڕاوەستاین بە دیار کابرای (ئیستعلامات) و لێپرسراوی ئەم هۆڵەوە تاوەکو بەرمان کەوت، سکاڵانامەکانمان دانێ و ئێستا لە ڕیزداین. لەوانەیە لە دوای ئەم پیاوەوە یەکێکمان بانگ بکەن.

خاتوو نەزیرە بێدەنگ بوو و سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- بە خوا هیچ باوەڕ ناکەم لە ناو ئەم هەموو خەڵکەدا بەر ئێوە بکەوێت. بە زەردەخەنەیەکی شاراوەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی یاخوا وابێت وەکو دەڵێیت.

کابرای فەڕەنسییش هەر لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو. ئەمان ئەگەرچی بێدەنگیش بوون، بەڵام دڵیان لای نەبوو. هەرکەسە خەیاڵێکی دەکردەوە، سەیفەدین هەر لاپەڕەکانی کابرای فەڕەنسیی دەژمارد کە ئەمە چەندی خوێندەوە و ئەمە چەند لاپەڕەی هەڵدایەوە، چونکە خەریک بوو ببێت بە نزیک سەعات یەک و کاتی نانی نیوەڕۆ. سەیفەدینیش کە برسی دەبوو، ئیتر هۆشی بە لای هیچ شتێکی ترەوە نەدەما. دیار بوو ژنەکانیش خەریک بوو تاقەتیان بچێت، گوڵزار خانم جووڵەی پێ کەوت و دەمی بردە نزیک مێردەکەی و گوتی:

- ئەمە ئەم کابرایە هەر لێ نەبووەوە؟ وا دەفتەرەکەی تەواو کرد، لە هەمووشی خۆشتر ئاگامان لێ نییە و نازانین هەر باسی چی دەکات. ئینگلیزییەکەمان بە تەکان قسەی پێ دەکەین، هەر هیچ نەبێت هەندێک دەزانین، بەڵام فەرەنسی چۆن؟ سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و گوتی: نەیانگوت کەی کاتی پشوودانە؟

ئەحمەد بەگ بە خێسەیەکەوە وەرامی ژنەکەی دایەوە و گوتی:

- دەی ئەم جارە نۆرەی تۆیە، وەڵا و بیلا هەر حەیامان چوو. بمزانیایە هەر نەدەهاتین، لەڕێی خوا بێدەنگ بن و بەس بۆڵەتان بێت.

لەبەر ئەوەی ئەحمەد بەگ تووڕە دیار بوو و بە تووڕەیی وەرامی ژنەکەی دایەوە، ئیتر سەیفەدین چیدی دیکە لە خۆی ڕانەیبینی قسە بکات، بۆیە لە بێتاقەتیدا هەر دەجووڵایەوە و سەیری ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد و لە دڵیدا لە خوا دەپاڕایەوە کە ئەم پیاوە فەرەنسییە زوو بیبڕێتەوە. کابراش هەر قسەی دەکرد و هەر لاپەڕە لە دوای لاپەڕەی هەڵدەدایەوە، سەعات لە یەکیش تێپەڕی کرد، تاکوتەرا خەڵک لەم سەر یەکێ، لەو ڕیز یەکێ و لەولاوە دوان هەڵدەسان و بە ئەسپایی خۆیان دەدزییەوە و لە هۆڵەکە دەچوونە دەرێ، سەیفەدین هەرچەند دڵی خۆش بوو و زانیی کە وا هیی دیکەش هەن وەکو ئەو

که تاقەتیان بچێت، بەڵام هەر چەند کردی، لەبەر ئەحمەد بەگ زاتی نەکرد هەستێت، چونکە حەزی نەدەکرد تووڕەتری بکات.

سەیفەدین لەم خەیاڵانەدا بوو کە سەیری کرد خەڵک بە چەپڵە و لەگەڵ چەپڵەکەشدا هەستانە سەر پێ و ئیتر هەموو کەوتنە ناو یەک بەرەو دەرێی هۆڵەکە. لەوێشەوە پێیان گوترا کە بچن بەرەو هۆڵێکی تر بۆ نانخواردن، لە دوو سێ لاوە مێزی درێژ درێژ ڕیز کرابوون، چەندەها خواردنی لە سەر دانرابوو لەگەڵ قاپی بەتاڵ و کەوچک و چەقۆ و ئەو شتانە تاوەکو چا و قاوە و خواردنەوە و ساردی و هەموو شتێک، خەڵک بە ڕیز ڕاوەستابوون و بە نۆرە قاپیان لێ ڕیز دەکرد و چا و ئەو شتانەی دەیانویست، هەڵیان دەگرت و دەچوونە شوێنی دانیشتن. جەماعەتیش کەوتنە ناویان، پێش هەموویان و بە هەڵەداوان سەیفەدین چووە پێشەوە، ئەگەرچی خواردنەکان شتی سووک و وردە بوون، وەکو ساندویچ و زەڵاتە و پەتاتەی چەند جۆر و هەر جۆری خواردنی ئوتێلەکانی تر بوو، ئەم جارەش سەیفەدین پەلەپروزێی پێ گەیشتبوو، بە تایبەتی کە زۆری برسی بوو، وا پەلاماری خواردنەکانی دەدا و قاپی لێ پڕ دەکرد دەتگوت وا عەسکەر و لەشکری بەسەرەوەیە و ئێستە دێنە سەری، بۆیە تا زووە با پڕێ بە خواردنەکاندا بکات تا لە کیسی نەچووە، گوڵزار خانم و خاتوو

نەزیرە کە بە تەنیشت یەکەوە بوون و ئەوانیش خەریکی نانهەڵگرتن بوون، سیخورمەیان لە یەکدی دەدا کە سەیری سەیفەدین بکەن کە چی دەکات و بە ئەسپایی پێی پێدەکەنین.

مامۆستا شەوکەتیش چونکە چاوی هەندێ کوتوکوێر بوو، بۆیە ئەو لە سەر مێزێک بە دیار جانتای بچووک و کەلوپەلی دەستی هەموویانەوە دانیشت و بە ژنەکەی گوت کە خواردن بۆ ئەویش هەڵگرێت.

ئێوارە چەندین کەسی دیکەش قسەیان کرد، لە ژن و پیاو و قسەی دوورودرێژ و بێزارکەر، هەر یەکەیان چەندین لاپەڕەی ڕەش کردبووەوە و لایان وابوو کە ئەم قسانەی دەیکەن و چەند ڕۆژ بوو خۆیان بۆ حازر دەکرد و شەوانیش هەندێکیان خەوی دەزڕا ئەوەندە لە ناو جێگەکەیدا خەیاڵی دەکردەوە و قسەی لێ دەسڕییەوە و قسەی دیکەی لەسەر زیاد دەکرد، دەتگوت تەواو، ئیتر تەگەرەی دنیا هەمووی بەو قسە و دێڕانەی ئاسان دەبێ و هەر کە خەڵک گوێ لەو قسانەیان دەگرێ، دنیا دەبێتە (ماستی مەیو) و شامی شەریفیش. ئەوان نەیاندەزانی کە ئەوانەی گوێیان لێ دەگرتن، خواخوایان بوو کە بە زووترین کات لێ ببنەوە و هەموویان ئەو قسانەی کە چەندین سەعات و بگرە ڕۆژ ئەزیەتیان لەگەڵ کێشاوە تاوەکو نووسیویانە،

لەم گوێی ئەم دانیشتوانە دەچێتە ژووریَ و لەم گوێیان دێتە دەرەوە و بەشـــــی هەرە زۆری ئەم دانیشـــــتوانە بە دزیـــــیەوە ســـــەیری سەعاتەکانیان دەکەن و چەند تاقەتیان چووە و حەز دەکەن هەستن و یەکێ نییە بەو جۆرە کەسە بێزارانە بڵێت: کەواتە بۆچی هاتوون؟ کە حاڵتـــان وایە و تـــاقەتی گـــوێگرتنی قســـەکەرە بەشـــداربووەکانی کۆنفرانستان نییە، ئەی بۆ نمایش هاتوون؟ تا وەکو بە دەروپشتتان بڵـێن چاوتـان لێیـانە چەنـد ناسـراو و لەپێشـن و بانـگ دەکـرێن بـۆ کۆبـــوونەوە و کـــۆنفرانس؟ هەروەهـــا خـــۆزگە کەســـێکیش بە قســـەکەرەکانی بگوتـــایە: بـــابە گیـــان، ئەم هەمـــوو لاپەڕانەتـــان پـــڕ دەکەنەوە، ئـاخر زۆری خەڵـک تـاقەتی لە قسـەی بێـزارکەر و بێجـێ دەچێت. ئەو هەموو وەخت و کاتە دانیشـن بە دیارتـانەوە گوێتـان لـێ بگـرن، دەتانەوێـت خەڵـک گـوێ لە قسـەتان بگرێـت و بێـزار نەبێـت؟ قسەی کورت و باسی ناوەڕۆکی بەتام و بەکەڵک بکەن کە پەیوەندیی هەبێت بەسەر ئەو کۆنفرانس و ئەو تەگەرانەی خەڵک بۆی هاتوون و بە ناویەوە هاتوون.

سبەینێ بەیانی بوو بە غەڵبەغەڵب و بەیەکداهاتن لە ئوتێلەکان و لە بەر دەرگاکانی، ڕیز گیرا بۆ سواربوونی پاسەکان تاوەکو بیانبەنە فرودگا بۆ ئەوەی سواری فڕۆکە ببن، ئەم جارە خەڵکەکان خۆیان

باش ئامادە کردبوو و یەکی جانتایەکی بچووک و شتی وایان پێ بوو لەگەڵ یەک دوو کەس و سێ کەسیش پێکەوە ورتەورت و قسەیان بوو، باسیش هەر باسی ئەو چوونە بوو کە ئەمە بۆ کوێیان دەبەن و بۆچی بە تەیارە دەبێ بچن؟ هیی واش هەبوو بە دڵخۆشییەوە دەیگوت:

- ئینجا ئەم سەرسوورمانەی بۆ چییە؟ ئەی هەموو کەسێ بە تەیارەی ناوخۆ لەم شار ناچێتە ئەو شار، بە ئۆتۆمبێل دوورە، بە تەیارە ڕەنگە هەمووی چارەکێک یا نیو سەعات بێت. ئینجا چی خۆشتر لەوە هەیە؟

هەموو گوێزرانە فرودگایەکی بچووکی قەراغ شار، لەوێشەوە بە ڕیز ڕاوەستان بۆ سواربوون. فڕۆکەکە زۆر گەورە نەبوو، ناوەندی بوو و جێگەکان پڕ بوون و ئەوانەی فریا کەوتن، زیرەک و خۆلەپێشخەر بوون، بۆیە خاو و خلیچک و لەسەرخۆکان لە دواوە مانەوە. چەند کابرایەک لە سەر پێپلیکەی تەیارەکە بوون و خەڵکیان دادەمەزراند. بۆیە کە پڕ بوو، ئیتر نەیانهێشت خەڵک سەربکەوێت و گوتیان هەر ئێستە ئەمانە دەبات و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانی تر. خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوون، لەوە نەدەچوو کە بە کاروانێکی تر و دوانی تریش تەواو ببن. مامۆستا شەوکەت کە دەتگوت دەچێت بۆ سەفەری قەندەهار و

حەوت شەو و حەوت ڕۆژی تر بە ڕێگەوە دەبێت، وا خۆی ئامادە کردبوو، لە ترسی ئەو شەوەش وا خۆی پێچابوو بە تەنیشت ژنەکەیەوە بوو، ئەگەرچی لە ژوورەوە قەڵەباڵغ و دەنگەدەنگی زۆر بوو، لە دەریشەوە هەندێ ڕەشەبا بوو. بەڵام ئەوەی سەرنجی مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرەی بدایە، تێ دەگەیشت کە مشتومڕە و لەژێرەوە شەڕەدەنووکیانە، لەبەر ئەوەی پەلەیان نەکرد کە ئەوانیش سوار بن و ئەوەتا کەوتنە دواوە. نەوەکا ئەم دواکەوتنە ببێت بە بیانووی ئەوەی نەتوانێت سکاڵانامەکەی بخوێنێتەوە، دکتۆریش سەری کردبووە سەر سەیفەدین و پێی دەگوت:

- ئەوە چۆن بوو کاک سەیفەدین خۆتت پیا نەکرد وەکو هەموو جارێک و هێشتت دوا بکەوین؟ من وام دەزانی پێش هەموویان ئێمە سوار دەبین.

ئەویش وەرامی دەدایەوە و دەیگوت:

- ڕاستتان دەوێت، من هەندەک لە تەیارە دەترسێم، بۆیە گوتم با جارێ ئێمە نەچین، با ئێمە دووهەم کاروان بین.

دکتۆریش کە هەمیشە دەیویست خۆی بە عالم و دنیادیدە پیشان بدات، بۆیە ڕووی کردە هەموویان و گوتی:

- نە کاکە، وا نییە، تەیارە زۆر سەلامەتترە لە ئۆتۆمبیل.

گوڵزار خانم هەڵی دایێ و گوتی:

ئەرێ وەڵا زۆریش خۆشتر و سەلامەتترە لە پاپۆڕی ئێسکگران لە ناو ئەو دەریا و بەحرەدا. خەڵک هەر دەتۆقێ، بە تایبەتی ئەگەر ڕەشەبا و تۆفان بێت، ئەوسا ئەوە هەر هیچ، یاخوا دوژمنیشم ئەوە نەبینێت.

ئەحمەد بەگ سەیری جەماعەتی کرد و گوتی:

- ئەمە خۆی جارێک تووشی ڕەشەبا و تۆفانێک بووە، بۆیە پاپۆڕ و دەریای لێ بووە بە گرێ. ئەگینا لای زۆر کەس لە پاپۆڕ خۆشتر نییە.

ئەحمەد بەگ بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و سەیرێکی گوڵزار خانمی کرد و گوتی ئەم جارەش بە زۆر هات.

خاتوو نەزیرە بە پەرۆشەوە ڕووی کردە گوڵزار خانم و گوتی:

- بۆ دوور بێ، تووشی چی بوویت؟

گوڵزار خانم دەستی خستە سەر سنگ و دڵی خۆی و گوتی:

- وەی پەنا بە خوا، هەر کاتێ ئەو ڕۆژ و سەفەرەم بیر دەکەوێتەوە، خەریک دەبێت دڵم ڕاوەستێت. ئەوە نزیک چەند ساڵیشی بەسەردا تێ پەڕیوە، هێشتا هەر کە دێتەوە بیرم، موچرکم پیا دێت.

گوڵزار خانم کەوتە گێڕانەوەی ڕووداوەکەی ئەوسای و گوتی:

- چەند ساڵێک لەمەوپێش بوو، لە یەکێ لەو شارانەی سەر بەحری سوید ئاشنایەکمان ئەمری خوای کردبوو. ئێمەش من و ئەحمەد بەگ و کوڕەکەی فەرهادی کوڕیشمان برد لەگەڵ خۆمان، بە تایبەتی کە زانیی بە پاپۆڕ دەڕۆین، کردی بە هەرا و گوتی ئیللا منیش دێم، هەرچەند پێم گوت: کوڕم بە قوربانت بم، مەیە، لەوێ دەگریت و تاقەتت دەچێت، گریا و گوتی هەر دێم.

گوڵزار خانم بە ئەسپایی پێکەنیی و گوتی:

- ئۆهـ منیش ڕۆح و گیانم بەسەر موویەکی سەری ئەو کوڕەوەیە، چونکە یەکەم نەوەمە. وەکو شاعیری عەرەب گوتەنی (ومالحب الا للحبيب الاولى).

ئەگەرچی گوڵزار خانم کوردی ئێرانی بوو، بەڵام عەرەبیی زۆر چاک دەزانی و خوێندەوارێکی زۆر باش بوو. خاتوو نەزیرە پرسیی:

- تەمەنی چەند بوو؟ خوا لێت نەسێنێت. بە خوا منیش نەوەکانم وا خۆش دەوێت و شێت دەبم بۆیان. بڕواتان بێت لە دایکەکانیان، کە کچمن، خۆشترم دەوێن.

گوڵزار خانم وەرامی خاتوو نەزیر و ئەوانی تری دایەوە و گوتی:

- ئەو کاتە سوارە گیان دە ساڵان بوو. ئیتر بردمان و چووین، بە تایبەتی کە وچانی مەکتەبیش بوو. لەمسەر کە چووین، زۆر خۆش

بوو، پاپۆڕەکە لەسەرخۆ و بە مەنگی دەڕۆیشت. ڕۆژەکەش خۆش بوو، زووزووش پێی دەگوتم ئەها دایە گوڵزار دەتویست نەمهێنی، ئەها چەند خۆشە؟ منیش باوەشم پیادا دەکرد و ئەم گوت:

- ئەریٚ وەڵا بە قوربانت بم، خۆ نەهاتیتایە لە داخاندا شێت دەبووم. ڕاست دەکەیت، زۆر خۆشە. ئیتر هەروا ڕامان بوارد و خەریکی قسە بووین، بە تایبەتی هەندیٚ کوردی تریش هاتبوون و لەو پاپۆڕەدا بوون، ئەوانیش هەر بۆ ئەو ماڵە دەچوون. شەو گەیشتین. هەفتەیەک ماینەوە، چونکە ماڵی خزمێکیشمان لەویٚ بوون. بۆیە چەند ڕۆژێکیش لە ماڵی ئەوان ماینەوە. ئەو ڕۆژەی دەبوو بگەڕێینەوە، هەوا خۆش هەندیٚ نەبوو، پەڵەهەور بە ئاسمانەوە بوون، بەو هاوینەش خەریک بوو باران دەباری. دڵم هەندیٚ ترسا، بەڵام هەموو جەماعەت، ئەوانەی لەگەڵمان دەگەڕانەوە ستۆکهۆڵم، گوتیان ئێرە چونکە جزیرەیە و هەموو دەوروپشتی هەر دەریا و ئاوە، بۆیە هەواکە وایە. بەڵام کە پاپۆڕەکە لێرە دوور کەوتەوە، هەواکەی خۆش دەبێتەوە وەکو ئەو ڕۆژەی کە هاتین.

گوڵزار خانم دەستی کێشایەوە بە سنگی خۆیدا و گوتی:

- یا ڕەبی تۆبە خوایە گیان، کە ئەو ڕۆژە من نەمردم لە ترساندا، ئیتر باوەڕ نەکەم بەم زوانە بمرم.

بە پەرۆش و گەورەییەوە قسەکەی درێژە پێ دا و گوتی:
- هەرچۆنێک بوو، خواحافیزیمان لە ماڵەکە کرد و هەندێ دڵمان دانەوە. ئەوانیش بەسەزمانانە زۆر ورەیان بەرز بووەوە کە دییان ئەو هەموو ئاشنا و هاوڕێ و کەس و کارەیان لە دەوریان کۆ ببوونەوە، سەبووریی دڵیان دەهات. ئیتر ڕۆیشتین و سواری پاپۆڕ بووین. پاپۆڕ جمەی دەهات لە خەڵک و ڕێبواری جۆراوجۆر. بایەکەش تا دەهات، زیاتر دەبوو و پەڵەهەوری دەهێنا و دەبرد. لە هەندێ شوێنی ئاسمان دەتگوت بایەکە هەورەکان ڕاو دەنێت و لە دەست گڤە و هەرای ڕایان دەکرد. پاپۆڕ کەوتە ڕێ و بەینێکی پێ چوو هەوا خراپتر بوو. پاپۆڕ وەک بێشکە و جۆلانەی لێ هات.
ئەوانەی لە شوێنی نزیکەوە هاتبوون، هەموو لە هۆڵ و شوێنی خواردن و یاری و ئەو ناوانە بڵاو بووبوونەوە. بەڵام هیی وا هەبوو لە شوێنی دوورەوە هاتبوو و دوو شەو و دوو ڕۆژ بوو لەو پاپۆڕەدا بوون. من و ئەحمەد بەگ و هەندێ لە کوردەکان لەگەڵ سوارەی خۆشەویستم لە هۆڵەکە دانیشتبووین. ئەحمەد بەگ و هەندێ لە پیاوەکان دیسانەوە وەکو پیشەی هەمیشەیی کورد خەریکی باسی سیاسەت و مشتومڕ و موجادەلە بوون. من و دوو سێ ژنیش لە لایانەوە دانیشتبووین، خەریکی قسە بووین، ئەگەرچی هەموو دڵ و

هۆش و حەواسم لای سوارە بوو، چونکە بەملا و بەولادا دەهات و دەچوو و تا دەهاتیش وەزعی هەموومان خراپ دەبوو. هەندێ پیاو هەرزوو گێژ بوون و ڕەنگیان وەک لیمۆی زەردی لێ هات. هەندێ هەستان بڕشێنەوە. من هەر پەکم کەوت و زمانم خەریک دەبوو نەدەگەڕا. لەبەر ئەوە سەیرێکی ئەحمەد بەگم کرد و گوتم:

لە ڕێی خوا مشتومڕ و موجادەلە بەسە، وا خەریکە دەمرم، ئاگاتان لە کوڕەکە بێت. بە ڕاستی زۆر تووڕە و بێحاڵ بووم و هەروا سەرم خستە بەینی هەردوو دەستم و بە دانیشتنەوە سەرم خوار کرد و خەریک بوو لە هۆش بچم. لەگەڵ ئەوەدا هەموو دڵیشم لای سوارە بوو. ئەگەرچی سەرم خوار کردبوو و چاوم نوقاو بوو، بەڵام ئاگام لە قسە و هاتوچۆ و پرس و پرسیاری بوو. پاپۆڕیش هەر دەتگوت ئێستە نوقم دەبێت و پڕ دەبێت لە ئاو. بەینێک لە بێحاڵیدا مات بووم. لەپڕ هۆشم هاتەوە بەر خۆم و وەک شێت سەرم ڕاست کردەوە و ڕاپەڕیم و بە ئەحمەد بەگم گوت:

- کوا سوارە؟

ئەحمەد بەگ سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و گوتی:

- نازانم، ئێستە لێرە بوو.

- ڕاپەڕیم و هەستامە سەر پێ، بەملا و بەولاشدا دەکەوتم. قیڕاندم بەسەر ئەحمەد بەگ و کوڕێکی خزمیشمان کە لەگەڵمان بوو، پێم گوتن: چۆن دەڵێی ئێستە لێرە بوو؟ ئەی چیی لێ هات؟ ئێستە کاتی ئەوەیە کوڕەکە بەرەڵا بکەیت؟

ئەحمەد بەگ گوتی:

- دیسان خۆت مەکوژە و خۆت مەتۆقێنە، چووەتە یەکێ لەم ژوور و هۆڵانە و بۆ خۆی سەیر دەکات و ڕادەبوێرێ. ئێستە دێتەوە.

من لەسەر قسەی ئەو ڕانەوەستام، چووم بەرەو ئەو شوێنانە. ئەوانیش هەستان بۆی بگەڕێن. ئەملا و ئەولا دەگەڕێم سوارە نییە. سوارە گیانیش منداڵێکی ئێسکسووک و جوان بوو، ماشەڵڵا زۆر بزێویش بوو. بۆیە خۆم کێش کرد و وەک شێت و هار پەلاماری پێپلیکە ئاسنەکەم دا و سەرکەوتمە چینی سەرەوەی پاپۆڕەکە. لە دڵی خۆمدا گوتم نەوەکو چووبێتە سەرێ و دەرگای کردبێتەوە. منداڵە نازانێ و با و تۆفانەکە هەڵی دابێتە خوارەوە. ئیتر هەزار خەیاڵی ناخۆش و کوشندە دەهاتە خەیاڵ و بیرم. بەو پەرێشانییە گەیشتمە سەرێ. سەرێ کەسی وای لێ نەبوو، تاکوتەرا خەڵک دەهاتن بۆ حەمام و تەوالێتە گشتییەکان. ئەگەرچی لە هەموو چینێکی پاپۆڕەکەدا هەبوون.

ئەو چینە سەری سەرەوە بوو، بۆیە زۆر بەرین و گەورە نەبوو وەک دوو چینەکەی خوارێ کە هەموو هەر هۆڵ و چایخانە و ڕێستۆران بوون. من بەو حاڵ و گێژی و ناڕەحەتی و ترسەوە لەپڕ سەیرم کرد دەرگایەک کرایەوە کە بە سەر بالکۆن و دەریاکەدا دەیڕوانی. دەرگاکە کرایەوە و پیاوێکی چوارشانەی لێ دەرپەڕین بایەکە وا پاڵی پێوە دەنا بۆ ژوورەوە، خەریک بوو دەرگا ئاسنە زلەکەش هەڵبکەنێت. من چاوم بە پیاوەکە کەوت و بە جۆری قایمیی ڕەشەبایەکە هەر لە شوێنی خۆم کەوتم و لە دڵی خۆمدا گوتم ئەم بایە کە ئەم کوڕە گەنجە چوارشانە زەبەلاحەی وا لێ کرد، دەبێ منالێکی چیی لێ کردبێ. ئێستە دوور بێ هەر وەک تۆپێکی بچووک هەڵی داوەتە ناو دەریاکەوە. ئاگام لە خۆم نەما. کاتێ بە هۆش هاتم، بینیم کوڕێکی گەنجی ئینگلیز کە هاوعومری فەرهادی کوڕم بوو، لە ژوور سەرمەوە دانیشتووە و خەریکە و هەر دەڵێت تکایە تۆزێ وەرەوە هۆش خۆت، هەستە بڕۆ بۆ تەوالێت، ئاوێک بکە بە دەم و چاوتدا، خزم و کەست لە کوێن؟ ناویان چییە؟ با بچم بانگیان بکەم. ئێستە دەچم دکتۆری پاپۆڕەکەت بۆ بانگ دەکەم. ئیتر کوڕە عەمری درێژ بێت هەر خەریکم بوو. ئەو وای دەزانی لەبەر گێژی وام لێ هاتووە و نەخۆشم، نەیدەزانی خەریکە ڕۆحم بێتە دەرەوە لەتاو سوارە گیان.

هەرچۆنێک بوو قۆڵی گرتم و منی هێنایە خوارێ بۆ هۆڵەکە. بە چاوێکی نیوەداخراو و نیوەهۆش هەر هێشتا لە سەر پێپلیکە بەو حاڵە پەرێشانەوە چاوم گێڕا، سەیر دەکەم سوارە لە تەنیشت بابە گەورەیەوە دانیشتووە و شتێکی بە دەستەوەیە، کیسەی لە بەردەمدایە و شت دەخوات. من چاوم پێی کەوت و لە خۆشیاندا بە بێدەنگی فرمێسکم وەک پلوسک هاتنە خوارێ. ئەحمەد بەگ و ئەوانی تر کە منیان بەو حاڵەوە دیت، هەستانە سەر پێ و سوپاسی کوڕەکەیان کرد و بۆ من ناڕەحەت بوون. گوتیان ئێمە وامان دەزانی لەگەڵ ژنەکان چوویتە حەمام بۆ دەستنوێژگرتن، کەچی تۆ وات بەسەر هاتووە. ئیتر هۆشم هاتەوە بەر خۆم و شوکری خوام کرد و سوارە گیانم ماچ کرد. کەچی ئەو پێی دەگوتم:

- دایە گوڵزار ئەوە تۆ لە کوێ بووی من زۆر بۆ تۆ گەڕام. تومەز منداڵەکە بۆ خۆی هەر لەو شوێنانە بوو و لە ڤیدیۆ و تەلەفزیۆنی هۆڵەکەوە سەیری فیلمی کارتۆنی دەکرد.

هەموویان بە دڵپێوەبوونەوە گوێیان لە گوڵزار خانم دەگرت و هەریەکەیان شتێکی گوت، پێش هەموویان خاتوو نەزیرە سەری خۆی ڕاوەشاند و گوتی:

- ئۆی، خوا فرسەتت بدات، بە خوا ناهەقت ناگرم. بە ڕاستی هەر کەسێکی تریش بوایە، هەر وای لێ بەسەر دەهات، بە تایبەتی پاپۆڕی ئەو خەتە و بۆ ئەو جزیرەیە هەمووی پڕە لە سەرخۆش و تریاکچی و چەقۆکێش. چونکە ئەو جزیرەیە شوێنی سیاحەت و گەڕانە و زۆر خەڵک کاتی وچانەکانیان ڕووی تێ دەکەن.

گرمەی گەیشتنی فڕۆکەکە لە خەیاڵی دان. کەوتنە خۆیان کە هەستن بڕۆن. فڕۆکەکە نیو سەعاتێکی پێ چوو تاوەکو گەڕایەوە، چونکە فرۆدگاکە بچووک بوو، هەر دەرکی هۆڵەکەیان دەکردەوە، فڕۆکەکە لە بەردەمیاندا بوو، بە تایبەتییش هۆڵەکە هەمووی شووشە بوو، لەبەر ئەوە چاویان لە هەموو کارێک بوو، هەروەها فڕۆکەیەکی تریش هات و لە بەردەمیان نیشتەوە، ئەویش هەر بۆ گواستنەوەی ئەو خەڵکە بوو.

خەڵک گوڕیان دایە خۆیان لە ترسی ئەوی نەوەکا ئەم جارەش بەریان نەکەوێت، ئیتر گەورە و بچووک و کۆنە ڕەئیس جمهور و خەڵکی ناودار و عەمەلە و کرێکار و هەموو کەوتنە ناو یەک و پاڵنان بەیەکەوە، هەرچەندە کاربەدەستان هاواریان دەکرد:

تکایە لەسەرخۆ، جێی هەمووتان هەیە، هەر فایدەی نەبوو، یەک دیمەن بوو لەسەر ئەو پێپلیکەی فڕۆکەیە، هەر بۆ فیلمی پێکەنین باش

بوو، بشکرایە بە فیلمی پێکەنین کەس باوەڕی نەدەکرد کە لەم کاتە و زەمانی کۆمپیوتەر و فەزا و مۆبایلدا شتی وا دەقەومێت.

ژنێکی قەڵەو لە سەر پێپلیکەی فڕۆکەکە خۆی چەقاندبوو و دەیگوت سەرناکەوم تا مێردەکەشم نەگاتە لام. مێرد هێشتا لای دەرکی هۆڵەکە بوو و پیرەمێردێکی نەگبەت بوو و بە حاڵ دەنگی دەهاتە دەرێ، ئەویش هەر دەستی ڕادەوەشاند بۆ ژنەکەی کە مەڕۆ بەجێم مەهێڵە. نە پیرەمێرد دەگەیشتە لای ژن کە دەتگوت کەرتەدێوە و نە ژن دادەبەزی یان سەربکەوێت تاوەکو ڕێگەی خەڵک بدات بڕۆن. خەڵکیش قسەیان پێ دەگوت، ئەو کراسی ڕادەکێشا، ئەویان جنێوی پێ دەدا، بەڵام ئەو بە هیچ جۆرێک دەستبەردار نەبوو و تاوەکو پیرەمێردیان نەدایە دەستی، نەیهێشت یەک کەس تێپەڕ بێت، تاوەکو کاپتنی لێخوڕی تەیارەکەش هات تکای لێ کرد، بەڵام ئەو لە جێی خۆی نەجووڵایەوە و گوتی سەرم ببڕن تاوەکو ئەو مێردەم نەدەنە دەستم، ئەم پێپلیکەیە بەرەڵا ناکەم.

سەیفەدین کە هێشتا لەگەڵ هاوڕێکانی هەر لە ژێر پێپلیکەی تەیارەکەوە ڕاوەستابوو، سەیری ئەحمەد بەگ و ئەوانی تری کرد و چەپۆکی کێشا بە سەری خۆیدا و گوتی:

– ئەی بابـا، بە خـودای ئەمەی لەم سـەفەرم دیتییـە، قەت لە سینەماشـدا چ شتی وەهام نەدیتییە. بە خودای هەموو مووی سەر و ڕیشم بە یەکجارەکی سپی بوو، لە ڕێی خودادا کۆنفرانس و کۆبوونەوە کەی وەها دەبێت!؟

مامۆستا شەوکەت گوتی:

– تازە نامە و سکاڵاکانیشمان هیچ، خۆی هەر ئـەمڕۆ مـاوە، وا ئێسـتە یانزە و شتێکە. ئیتر کەی دەگەین و کەی دەگەڕێینەوە ئوتێلەکانمان؟

خاتوو نەزیرەی ژنی بە بزە و تەوسێکەوە وتی:

– نە ئینشائەڵا فریا دەکەون، تۆزێ تەحەمولتان هەبێت.

ئەحمەد بەگ بەدەم ڕۆشتنی لەسـەرخۆ لەبەر ڕیـز و قەڵەبـاڵغی بەرەو پێپلیکەی فڕۆکەکە گوتی:

– خوای دەکرد بە سـەلامەتی دەگەڕاینـەوە ئوتێلەکەمـان، دەگەڕاینەوە ماڵەکانمان، دەبا ئەم نامانە هەر نەخوێنینەوە. کوڕە کاکە کێ بە کێیە، نـامەی چـی و سـکاڵای چـی؟ هەر دەڵێـی ئەم خەڵـکە بانـگ کـراون کە هەر نان بخۆن و هیچی تر.

ئـاخری بە سـواربوون و فـڕین و گەیشـتن و دامەزرانـدن هەمـووی سـەعاتێکی پـێ چـوو. گەیشـتنە شـارۆچکەیەکی نزیـک لەوێ، شـوێنی کۆنفرانسـەکە هەر چەنـد هەنگاوێـک لە فرودگـاکەوە دوور بـوو، دوای نانخواردنێکی پەلەی بەیەکداهاتووی تێکەڵوپێکەڵی بەپاڵەستۆ، دیسـان

هەموو ئەو خەڵکە لە هۆڵ دانیشتن و دەست کرایەوە بە قسە، یەک لە دوای یەک و نامە و لاپەڕە خوێندنەوە. ئەم جارە ئەحمەد بەگ و مامۆستا شەوکەت ژنەکان و سەیفەدین و دکتۆر لە پشتی پشتەوە جێگەیان بەرکەوت. هەرچەند هەندێکیان بۆڵەبۆڵیشیان کرد، بەڵام چار نەبوو، تاوەکو ئاوڕیان دایەوە، هەموو شوێنەکان پڕ بوون و گیران.

دکتۆر سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد، دوایش ڕووی کردە هاوڕێکانی و گوتی:

- ئەوە چییە ئەوە بۆ ئەم خەڵکە وایان لێ هات؟ چاوتان لێ بوو شەوی زەماوەندی یەکترناسینەکەی قەراغ دەریاکە ئەم خەڵکانە، بە تایبەتی کەسە ناسراو و ناودارەکان، چۆن بە سەنگینی و قورسی دانیشتبوون و ئەگەر یەکێک ئەو شەوە بە بەرزی قسەی بکردایە لە نزیکیانەوە، یاخود پێبکەنینایە، ئەوان و دەوروپشتەکەیان خێسەیان لێ دەکردن و دەتگوت هێشتا لەچکێ لە خوار مەلیکەکەوەن، ئەوەندە بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەو خەڵکانەی تریان دەکرد، کەچی بزانە بەم دوو ڕۆژە چییان بەسەر هات و چۆن ئەوانیش کەوتنە پاڵنان بە خەڵکەوە و شوێنخۆگرتن.

سەیفەدین پێش هەموویان هەڵی دایێ و گوتی:

- ئەدی من نەمگوت ئەو تۆزە موویيەی سەر و ڕیشم کە مابوون و سپی نەبووبوون، ئەم دوو ڕۆژە و لەم سەفەرەدا سپی بوون؟ نالێم لە فیلمەکانیش شتی وام نەدیوە، ئیدی خەڵکی ناوداری چی و سەرەککۆمار و وەزیری چی؟

سەیفەدین گوڕی دایە خۆی و قسەکەی بە گەرمی تەواو کرد و گوتی:

- کە هاتنە ژووریٚ بۆ ئەم هۆڵە، بە قەبری بابم وا بزانم وەزیرێکی میسری بوو، پاڵەکیان پێوە نا و بە دەمدا کەوت و خەریک بوو ببێت بە ژێر پێوە و بمرێت. ئەمە کۆنفرانس و کۆبوونەوەیە؟ کو وەها دەبیٚ؟ ئەمە دەڵێی شاری بێساحێبە، کەس ئاگای لە کەس نییە.

ئەحمەد بەگ هاتە قسە و گوتی بۆ خاتری خوا ددان بە خۆتاندا بگرن. هەر ئەمڕۆ ماوە و ڕزگارمان دەبێت و ئەوەندە لەسەری مەڕۆن. قەڵەباڵغییەکە ئێجگار زۆرە و پەت پساوە، کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکەش لە دەستیان دەرچووە و ئەم هەموو خەڵکە زۆرەیان پیٚ کۆنترڵ ناکرێت. ئەمە هەبێت و نەبێت، غەڵەتێک و سەهوویەک بووە و دوو کۆنفرانس بە دوو مەبەستەوە تێکەڵاوی یەک بوونە، چونکە هەر کەسە قسەیەک دەکات کە هەر فڕی بەسەر ئەوی دیکەوە نییە.

مامۆستا شەوکەت بەدەم ڕێکخستنی نووسینەکانیەوە بە کزییەکەوە گوتی:

- خۆ وەڵا دەمێکە زانیومە قسەی ئەحمەد بەگە و خەڵک و دەعوەتکراوی دوو ڕێکخراو تێکەڵ بوونە و ئێستە کەس بە کەس نییە. من هەر حەزم دەکرد هیچ نەبێت، ماوەیان بدایە کە یەکێکمان نامەکانمان بخوێنینەوە.

خاتوو نەزیرە دیسانەوە گوتی:

- نە نە، خەمتان نەبێت، ئێستە ئێوەش بانگ دەکەن. قابیلە بانگتان نەکەن؟

گوڵزار خانم لەژێر لێوەوە جوێنێکی بە شێرزادی شووبرای دا، ئینجا دەنگی بەرز کردەوە و گوتی:

- خۆ بە قسەی شێرزاد بوایە، دەبوو یەکەم ڕۆژ ئێوە قسەتان بکردایە.

ئەحمەد بەگی مێردیشی لە دڵی خۆیدا گوتی:

- چاک یەکەم ڕۆژ قسەمان نەکرد. بە قسەی ئەو بوایە، دەبوو ئێستە بە سەر باڵی سیمرخەوە بووینایە لەجیاتیی سەر ئەرز. من زوو زانیم وا نییە و بە قسەی ئەو فشەکەرە نابێت.

پاش بەینێکی بێدەنگی و گوێگرتن بە ناچاری لە قسەکەرەکان، گوڵزار خانم و نەزیرە کە بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، سەیری یەکتریان کرد و خەریک بوون هەریەکەیان لای خۆیەوە بداتە پڕمەی پێکەنین کاتێ چاویان بە سەیفەدین کەوت کە چۆن خەریکە بە دانیشتنەوە خەوی لێ دەکەوێت، چاوی دەچوونە سەر یەک و ملی خوار دەبوو و لەپڕ بەملاولادا دەکەوت. بێجگە لە سەیفەدین، دوو سێ کەسی دیکەشیان چاو لێ بوو کە خەریک بوون خەویان لێ دەکەوت و چەند پیرەمێردێکی تر لەولاوە هەر بە تەواوی نوستبوون، خاتوو نەزیرە بەدەم پێکەنینێکی بێدەنگەوە ڕووی کردە گوڵزار خانم و گوتی:

- ناهەقیان ناگرم لە دوای شەڕەشەقی سواربوون و دابەزینی فڕۆکەکە و گەیشتن و نانخواردن، ئێستەش ئەوە بۆ دوو سەعات دەچێت بەبێ پشوودان ئەم قسەکەرانە دێن و یەکی پێنج شەش لاپەڕە دەخوێننەوە، ئەوانیش چی بکەن، تاقەتیان چوو و خەویان دێت.

دکتۆریش لە بەینی مامۆستا شەوکەت و ژنێکی سووراو و سپیاوکەری برۆباریکی بۆیەکراوی تەڕپیری مەغریبیی تەمەن پەنجا ساڵە دانیشتبوو، زووزوو ئاوڕی لە ژنەکە دەدایەوە و ژنەکەش کەوتبووە چرپەچرپ و پرس و پرسیار لەگەڵی، ئەوەندەی پێ نەچوو دکتۆر سەری بردە نزیک مامۆستا شەوکەت و گوتی:

- حەزم لە جگەرەیە. وا دەچمە دەرێ جگەرەیەک دەکێشم.

ئەحمەد پرسیی:

- ئەوە دکتۆر بۆ کوێ چوو؟

مامۆستا گوتی چوو جگەرە بکێشێت، ئەحمەد بەگ بە بێدەنگی سەری ڕاوەشاند و زانیی کە دکتۆر لەبەر جگەرە نەچوو و درۆ دەکات، چونکە چاوی لێ بوو کە کەوتبووە چاوبرکێ و جووڵەجووڵ لەگەڵ ژنەکە، هەروەها شارەزای ڕەوشت و خوو و ناوبانگیشی بوو.

مامۆستا ڕووی کردە ئەحمەد بەگ و گوتی:

- بەشکم ئێستە بانگیان کرد قسە بکات، لە کوێ بیدۆزینەوە؟

ئەحمەد بەگ بە زەردەخەنەیەکی شاراوەوە گوتی:

- خەمت نەبێت، بانگ ناکرێت و کەسی دیکەشمان بانگ ناکەن. بۆیە لەو ڕووەوە دڵنیا بە، وا ئێوارەیە، ئەوەندەی نەماوە، ئیتر ئێستە تەواو، شەویش دەبێ بگەڕێینەوە ئوتێلەکانمان، وەکو دەزانی، سەعات دەی بەیانی سواری پاپۆڕ دەبین بۆ جزیرەکە و لەوێشەوە بە فڕۆکە، ئیتر نەجاتمان دەبێت.

مامۆستا شەوکەت گوتی:

- دەزانم، بەڵام خۆزگە یەکسەر بڕۆشتینایە و دیسان شەو و ڕۆژێک لە ناو پاپۆڕدا نەمایناییە.

ئەحمەد بەگ بە بێزارییەکەوە و بە ئەسپایی گوتی:

- بە دەست خۆمان نییە، چۆن هێناویانین، دەبێ واش بگەڕێینەوە.

ئەمان لەم قسە و باس و بیرکردنەوانەدا بوون کە ژنەکەش هەستا و چووە دەرەوە.

مامۆستا شەوکەت لەژێر لێوەوە بۆلاندی و گوتی:

- ماشەڵا کۆنفرانسمان تەواو کرد. لە چاو نەچین یەکێ خەوی لێ کەوتووە، یەکێ کەوتووەتە چاوبڕکێ و مێبازی. منیش مردم بە دەست ئەم کاغەزانەوە. ئەوەندە دەیانخوێنمەوە و تاوتوێیان دەکەم و دەیانخەمە جانتاوە و دەریان دێنم و ئاگام لێیانە، هەموویم لەبەر کردووە، کەلیمە و کەلیمە و حەرف حەرف، کەچی کەسیش بانگی نەکردم بیانخوێنمەوە. مانگێکە چاوم ئەوەندەی تر کوێر بوون ئەوەندە (موستەمسەکم) پەیدا کردووە و ئەوەندە بژاری کتێب و ڕۆژنامە و بەڵگەنامەم کردووە و ئەوەندە تەلەفۆنم بۆ ئەم و ئەو کردووە بۆ ئەوەی قسەکانم ڕاست بن و ژمارەی ئاوارەی کەرکووک و خانەقین و هەموو گەرمیان تەواو بن، بە خوا ئێستا لیستەی تەلەفۆن بێتە سەرم، خوا دەزانێ چەندە؟

گوڵزار خانم هەناسەیەکی هەڵمژی و هەڵڕشت، ڕووی کردە مێردەکەی و ئەوانی تر و گوتی:

- وەڵا ناوبـــازاڕی چـــاک چـــووین، بە ئەســـپایی پێکەنیـــی و گـــوتی منداڵەکانم هەریەکە داوای شتێکیان کردووە کە لەم وڵاتە بۆیان بکڕم. ئەو گوتی ئـاڵتونی زۆر هەرزانە ئەنگوسـتیلەیەکم بـۆ بێنە، ئـەوی تـر داوای شتی تری کرد، کەچی نەک بۆم نەکڕین، هەر بازاڕمـان نەدیت لە کوێیە.

ئەحـــمەد بەگ ئەم جـاره تـووڕە نەبـوو کە بـۆچی لە کـاتی نـامە و سکاڵاخوێندنەوەدا قسە دەکەن. وا دیار بـوو ئەویش تـاقەتی چووبوو، بەڵام پیاوێکی زۆر بەتەحەمول و بەشەرم بوو، بۆیە نەیدەبردە سـەر خـۆی و حەزی نەدەکرد خەڵک و کەس سـەغڵەت و نـاڕەحەت بکـات، هەروەهـا دانیشـتوان و گوێگرەکـانی هـۆڵەکەش کەوتبـوونە قسـەوباس لەگەڵ یەکتری، بۆیە ئەویش گوێی نەدایێ و هاتە قسە و گوتی:

- تازە کە گەڕاینەوە، ئیتر شەوە و هیچ کوێ نییە. بەیـانیش سـەعات دە دەبێ لە نـاو پـاپۆڕدا بین، ئیتـر چییـان بـۆ بکـڕی و لە کـوێ بۆیـان بکڕی؟ لە لەندەن شتی هەزار ئەوەندەی ئێرە جوانتر هەیە.

خاتوو نەزیرە گوتی:

- خـۆ وەڵا ڕاسـت دەفەرمـووی، بەڵام خەڵـک کە سـەفەرێکی کـرد، بـۆ لادێـیش بێـت، حەز دەکـات لەگەڵ خـۆی هەنـدێ شـتی ئەو شـوێنە بە دیاری بباتەوە.

سەیفەدین کە بۆ خۆی ئیتر نوستبوو، خەبەری بووەوە و هەندێ چاوی هەڵگڵۆفی، سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و سەیرێکی سەعاتەکەی دیواری هۆڵەکەی کرد کە ڕاست بەرامبەری بوو و گوتی:

- زۆر درەنگە، ئەوە هێشتا تەواو نەبوونە؟

ئەحمەد بەگ وەرامی دایەوە و گوتی:

- یاخوا خەوی خێرت بێت، بۆ خۆت چاک نوستی.

سەیفەدین باوێشکێکی دا و دەستی دا لە ملی خۆی و گوتی:

- خەوی چی، خەڵک چۆن دەتوانێت بنوێت لە ناو ئەم هەموو قڕە و مایکرۆفۆن و دەنگەدا، ئەوەتا ملم ڕەق بووە. ڕووی کردە جەماعەت و گوتی:

- نەدەبوو بێڵن خەوم لێ بکەوێت.

مامۆستا شەوکەت هەڵی دایێ و گوتی:

- چەند جارێک بانگم کردی، کەچی هەر نوستی، دیارە زۆرت خەو دەهات.

سەیفەدین سەیرێکی جێگەکەی دکتۆری کرد کە لەوێ نییە، پرسیی:

- ئەی دکتۆر چیی لێ هات؟

خاتوو نەزیرە بە نیوەپێکەنینەوە وەرامی دایەوە و گوتی:

- چووەتە دەرێ جگەرە بکێشێ، فەقیرە سەری ژانی دەکرد.

دکتۆر کە هاتبووە دەرێ، یەکسەر چووبووە چینی سەرێ، دیارە لەگەڵ ژنەکە ئەو تەکبیرەیان کردبوو. لە سەرێ چایچانەیەکی خۆشی لێ بوو و دەوری هەمووی کورسی و مێز و قەنەفەی نەرم نەرم بوو، تێکڕا شوێنی پشوودان و حەسانەوەی میوانی ئەو هۆڵ و بینا گەورەیە بوو.

ئەو خەڵکانە دەهاتن بۆ گرتن و بەرپابوونی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گەورە گەورە بۆ هەموو جۆر و نیازێک، ئەو شوێنەی ئەو کۆنفرانسەی لێ کرابوو، (دێیەکی) مۆدێرنی گەشتوگوزار و حەسانەوە بوو.

دکتۆر لە سەر یەکێ لەو کورسییە نەرمە خۆشانە پاڵی لێ دابووەوە، قۆری و پیاڵە و سینییە چا لە سەر مێزی بەردەمی دانرابوو، ژنەکەش لنگی خستبووە سەر لنگ و لە بەرامبەری دانیشتبوو. دکتۆر دەعوەتی کردبوو بۆ کێک و چاخواردنەوە. هەردووکیان وا کەوتبوونە قسەوباس لەگەڵ یەک، دەتگوت لە دەمێ ساڵەوە یەکتری دەناسن.

ژنەکە لێی دەپرسی:

- خەڵکی کوێیت و لە کوێ دەژیت؟

دکتۆر بە عەرەبی، بەڵام بە شێوەی میسرییەکی تێکشکاو کە جار جار بەغدادیشی تێکەڵ دەکرد، باسی بۆ دەکرد کە ئەو دکتۆرە و ناوی عادلە، خەڵکی کوردستانی عێراقە، هەشت ساڵێکە لە لەندەن دەژێت.

ژنەکەش بە دڵ گـوێی لـێ دەگـرت، ئینجـا دەسـتی بـرد بـۆ پـاکەتی جـگەرەکەی و جگەرەیەکـی دەرهێنـا. دکتـۆریش بـێ ئەوەی قسـەکانی خـۆی ببڕێـت، دەسـتی دایە گیرفـانی خـۆی و چەرخەکەی دەرهێنـا و جگەرەکەی بۆ داگیرساند.

ژنەکە سوپاسی کرد و مژێکی چاکی لە جگەرەکەی دا، دەستێکی لە پرچە زەردکراوەکەی خۆی دا و بە نازی کچۆڵەیەکی شانزە حەڤدە ساڵەوە گوتی:

- منیش ناوم لەتیفەیە، خەڵکی مەغریبم، دەمێ ساڵە لە پاریس دەژیم. دوو ساڵ لەمەوپێش لە مێردەکەم کە فەڕەنسییە، جیا بوومەتەوە.

دکتۆر چایەکی بۆ تێ کرد و خستیە بەردەمی و گوتی منداڵت هەیە؟

لەتیفە خانم بە ماتییەکی دەستکردەوە گوتی:

- نا، بە داخەوە منداڵم نییە، مژێکی تری لە جگەرەکەی دا و گوتی:

- لە سەرێکەوە باشتر، لە ژیانی بێئارامیی مندا منداڵ گوناحن، دوایی سەرلێشێواو دەردەچن، چونکە من قەت ناکەومە ماڵ و سەرم قاڵە بە ئیشی خێرخوازییەوە.

دکتۆر لە دڵی خۆیدا بە بزەیەکەوە گوتی: دیارە خێرخوازی چاکی.

لەتیفە لە خەیاڵی دا و گوتی:

- ئەی تۆ ژنت هەیە؟ منداڵت هەیە؟

دکتۆر هاتەوە سەر خۆ و وەرامی دایەوە:

- من ژنم هەبوو و دوو کوڕیشم لێی هەیە، بەڵام لەگەڵ ژنەکەم جیا بووینەتەوە و ئێستا کوڕەکانم لەگەڵیدا دەژین لە لەندەن.

لەتیفە باری دانیشتنەکەی گۆڕی. ئەم جارە لنگی تری خستە سەر ئەوی دیکە و چونکە بە جلی میللی خۆیەوە هاتبوو کە پێی دەڵێن (جلابییە) کە وەک دشداشە وایە، جگە لە نەقش و نیگاری سەر سنگ و درزی گەورە لەملا و ئەولاوە، بۆیە کە ئەم جارە دانیشت، هەندێ لە پوز و ڕانی دەرکەوت و دەتگوت بە ئەنقەست وای کرد تاوەکو (کاکە) دکتۆر تاقی بکاتەوە.

دکتۆر هەندێ حەپەسا، هەرچەندە ئەو چاوباشقاڵ بوو دەردی فارس واتەنی چشم چرانی و چاولەدەر بوو، بەڵام هێشتا کەسێکی وەک ئەم ژنە تووشی نەبووبوو وا ڕووقایم و حازربەدەست و دەستەمۆ، بەبێ ئەوەی هیچی لێ بزانێت و هەمووی دوو سەعات نەبێت کە لەو هۆڵە بە ڕێکەوت بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، هەرچەندە سەروسەکوتی دکتۆر خراپ نەبوو و پیاوێکی ڕێکوپێک و بەقەڵافەت و هەیکەل بوو و تەمەنیشی نزیکەی شەست ساڵ بوو، بەڵام هەر بەو دوو سەعاتە، نەدیو و نەناسیو ئەو ژنە وا هات بەرامبەری دانیشت و پوز و قاچ و لایەکی ڕانی بۆ دەرخست، لە لای ئیشێکی هەندێ زۆر بوو، بە

تایبەتی کە خانم هاتبوو بۆ کۆنفرانس و ئەو کارانە، لە کن خۆی خاوەن بیروباوەڕیش بوو.

لەتیفە دیسان سەری کردەوە سەری و پرسیی:

- ئەو هاوڕێیانەت و ئەو دوو ژنەی لەگەڵیانن، کوردن؟ ئەوانیش بۆ ئەورووپا بە پەنابەری هاتوون؟ ئەوە چۆنە شێوەی میسری قسە دەکەیت؟ لە میسر ژیاویت یا ژنەکەت میسری بوو؟

ئیتر لەتیفە بەبێ وچان و هەناسەدان کەوتە پرس و پرسیار و قاقالێدان و باسی کۆنفرانس کە بۆچی هاتووە ئەو بە ناوی کۆمەڵەیەکی خێرخوازەوە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا هاتووە لەسەر بێچارەیی ژنی ئەفغانی بکەنەوە کە چەند لەژێر فشار و زوڵموزۆردان و چۆن لەوێ وەک لە جەهەنمدا بژی وایە.

دکتۆر سەری ڕاوەشاند و سەیرێکی کرد و گوتی:

- بە ڕاستی دەستتان خۆش بێ کەوا هاتوون لەسەر ئەوانە بکەنەوە و دەنگیان و زرووفیان بۆ دونیا ڕوون بکەنەوە.

لەتیفە قومێکی لە چایەکە دا و ڕووی کردە دکتۆر و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- جوابی پرسیارەکەت نەدامەوە. ئەوە چۆن میسری قسە دەکەیت کە لە میسر نەژیاویت وەکو دەڵێیت؟

دکتۆر عادل وەرامی دایەوە و گوتی:

- لە هەشتاکاندا میسریی زۆر هێنران بۆ عێراق کە لەوێ کار بکەن. هەروەها هاتن بۆ کوردستانیش و زۆر زۆر خەڵکی باش بوون. ماڵی باوکم خانوویەکی قەدیمیی زۆر گەورەیان هەبوو، ئیتر ژن و پیاوێکی میسری هاتبوون داوای ژووریان دەکرد بە کرێ. دایکیشم ژوور و هەیوانێکی هەبوو پێی دابوون، چونکە زۆر ماڵی باش بوون. ژنەکە یارمەتیی دایکمی دەدا، مێردەکەشی لە چایخانە ئیشی دەکرد. بۆیە وایان لێ هات تاوەکو دوای یەک دوو ساڵ هەر وەکو خەڵکی خێزانەکەیان لێ هات، تاوەکو دوو منداڵی خوشکەکەم وا فێری میسری بووبوون، دەتگوت لە میسر ژیابوون. دکتۆر پێکەنیی و گوتی: دیارە فیلمی میسریش دەستیان هەیە لەوەی خەڵک میسری بزانن، بە تایبەتی من بە گەنجی زۆرم حەز لە فیلم و سینەما بوو.

هێشتا دکتۆر قسەکەی لە دەمدا بوو کە لە سووچێکی چایخانەکەوە سەری سەیفەدین دەرکەوت کە بە پەرۆشەوە چاوی بەملاوبەولادا دەگێڕا. هەر کە چاوی بە دکتۆر و ژنەکە کەوت، بە گورپێکەوە گەیشتە سەریان و بەبێ سەلام و هیچ قسەیەک ڕووی کردە دکتۆر و گوتی:

- ئەرێ بابم ئەوە تۆ لە کوێی؟ لە کەیەوە بەدواتدا دەگەڕێین؟ وا هەموو خەڵک ڕۆیشتن، دیسان تەیارەکە بەجێمان دێڵێ. ئەوە لۆ

نەهـاتیتەوە، ئەتـۆ گوتبـووت دەچـم جـگەرەیەک دەکێشـم، جەمـاعەت هەموویان هەرکەس لە شوێنێک بۆت دەگەڕێن، وەڵا ئێسـتە نەمدیتایە بەجێمان دەهێشتی.

دکتۆر شپرزە بوو، هەرچەند ژنەکە خۆ نەیدەزانی چی دەڵێت، بەڵام لە شـێوەی قسـەکانی سـەیفەدین تێ گەیشـت کە ئەم نـاڕەزایی خـۆی دەردەبڕێت و نیمچەشـەڕ لەگەڵ دکتۆر دەکات.

دکتۆر چاری نەما و گوتی:

- کاکە سـەیفەدین بێزەحمەت هەندێ لەسـەرخۆ، ئەم ژنە نـازانێ چی دەڵێی، ڕەنگە وا بزانێ جنێو دەدەی.

سەیفەدین بە هەڵچوونەوە گوتی:

- ئینجا قیروسیا، دەبا بزانێت.

ئەوجا سەیفەدین دەستی دا بەیەکدا و گوتی:

- ئەدی گوێتـــان لـــێ نیـــیە هەمـــوو خەڵـــک چـــوونەتە دەرێ؟ وا چایخانەکەش هەڵگیرا، بە قەبری بابم وامان زانی ڕفێنراویت.

دکتۆر چاری نەما، عوزری بۆ لەتیفە خانم هێنایەوە و گوتی:

- ئەوە برادەرەکانم دڵیان کەوتووەتە مەراقەوە و وایـان زانیوە شـتێکم بەسەر هاتووە، ئەوەتا هەموویان بەملاوبەولادا بۆم دەگەڕێن.

لەتیفە هەستایە سەر پێ و گوتی:

- بە داخەوە ماوەکەمان زۆر کەم بوو و بە باشی قسەمان نەکرد. ئاخۆ کە گەڕاینەوە ئوتێلەکە، دەتوانین یەکتری ببینین؟

دکتۆر بەدەم کۆکردنەوەی پاکەتی جگەرە و شقارتە و جانتا بچووکەکەی دەستیەوە گوتی:

- بە خوا نازانم، ئێمە بەیانی دەبێ سەعات دە لە پاپۆڕدا بین. ئەی تۆ؟

لەتیفە گوتی:

- نە بابە، ئێمە چوار ڕۆژی تریش لێرە دەمێنینەوە. دوو سێ کۆنفرانس و کۆبوونەوەی ترمان هەیە.

دکتۆر بە ماتی و ناڕەحەتییەوە گوتی:

- داخم ناچیت، خۆزگە زووتر یەکترمان بناسیایە، بە ڕاستی زۆر بە داخەوە.

لەتیفە بە گەرمی وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەرێ وەڵا بە داخەوە. بەڵام گوێ مەدەرێ، تۆ تەلەفۆنەکەتم بدەرێ، من زووزوو سەری لەندەن دەدەم.

دکتۆر دەستی برد قەڵەمی دەرهێنا و ژمارەی تەلەفۆنی لەندەنی بۆ نووسی و دایە دەستی و گوتی:

- خەمت نەبێت، برازایەکم لە پاریس شووی کردووە، منیش زوو زوو دێم بۆ پاریس.

لەتیفە قاقایەکی ئەسپایی لێ دا و دەستی خستە ناو دەستی دکتۆرەوە بۆ خواحافیزی و گوتی:

- بە زووترین کات یەکتری دەبینین. ئەمەش تەلەفۆن و فاکسەکەم، سەیفەدین کە چووبوو بە جەماعەت بڵێت کەوا دکتۆری دۆزیوەتەوە، جارێکی تر بە پەلە سەرکەوتەوە سەرێ و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەمە ئەم کابرایە لۆ وا دەکات؟ خۆ هەموومانی فرۆشت بۆ ئەم ژنە جانبازە عەیارە.

دکتۆر بە پەلە خواحافیزیی تری لەگەڵ لەتیفە کرد و یەکسەر هەموویان چوون بەرەو پێپلیکەکە بچنە چینی خوارەوە.

گەیشتنە خوارێ، خەڵک تاکوتەرا لە هۆڵەکە مابوون، ئەوانیش بە پەلە دەچوونە دەرێ، لەوێشەوە بەرەو فرودگاکە کە زۆر دوور نەبوو لێیانەوە، خەریک بوو ئێوارە دادەهات، گڵۆپ داگیرسابوون، خەڵکەکە پەلەیان بوو کە نەکا تەیارەکە بەجێیان بهێڵێت، هەریەکەیان هەوڵی خۆی دەدا کە نەکەوێتە دواوە. بۆ کاروانی دوایی ئەمانیش گەیشتنە لایان. کە سەیر دەکەن دیسان پاڵەپەستۆ و پاڵپێوەنانێکە نەبێتەوە، سەیفەدین هەر لە دوورەوە کێشای بە سەری خۆیدا و گوتی:

- ئاه بابە گیان، خۆ کردیشیان بە شەڕ؟ چاوتان لەو کابرا دشداشەلەبەرەیە چۆن عەگالەکەیان خستووەتە ملی.

گوڵزار خانم بە حەپەساوییەوە گوتی:

- قورڕ بە سەرمان نەبێت، ئەوە چۆن بەرمان دەکەوێت؟ ئینجا چی بکەین.

خاتوو نەزیرە بە هەڵچوونەوە گوتی:

- ئۆهـ دوای کۆنفرانسی وا ببڕێت. بە سەری پێغەمبەر (ص) ڕەنگە ئەمشەو لەم چۆڵییەدا ڕۆژ بکەینەوە و بەرمان نەکەوێت کە سوار ببین.

ئەمان لەم قسەوباسانەدا بوون و بە پەرۆشەوە سەیری ئەو شەڕەشەق و پاڵپێوەنانەیان دەکرد و دامابوون بە دیاریانەوە کە بینییان وا دوو کەس لە دەرکی تەیارەکەوە هاتنە دەرێ و لە سەری سەرێی پێپلیکەی تەیارەکە ڕاوەستان گوایە خەڵکەکە هێمن بکەنەوە، یەکێکیان سەرقۆڵی جاکەتەکەی دوو سێ خەتی زەرد و سپیی پێوە بوو و لە کاپتن و لێخوری تەیارەکە دەچوون، کابرای تریش لە یاریدەدەر دەچوو، بەڵام چی؟!! ئەحمەد بەگ و ئەوانی تر و زۆری ئەو خەڵکانەی کە ڕاوەستابوون لە تاوا خەریک بوون بگرین یا بدەنە قاقای پێکەنین بە دیمەنی ئەو دوانە. چونکە کاپتنی لێخوری تەیارەکە یەخەی کراسەکەی داقڵیشابوو و هەموو قۆپچەی چاکەتەکەی لێ بوونەوە و پێوەی نەمابوو، پرچی هەر تاڵێکی چووبووە لایەک وا بژ

ببوو. لەوە دەچوو دەست لە یەخە گیرکردن و شکان شکانێکی زۆری پێ کرابێ. یاریدەدەرەکەش لەو خراپتری لێ هاتبوو. ئەو چاکەتی لە بەردا نەمابوو و قۆڵێکی کراسەکەی لێ ببووەوە. هەموو قۆپچەی کراسەکەشی هەڵکەنرابوون و فانیلە و ورگی بە دەرەوە بوون، وا دەردەکەوت کە خەڵک ورووژمیان بردبوو بۆ ناو فڕۆکەکە و ئەوانەی زوو جێگەیان گرتبوو، لەگەڵ ئەوانی تر کە جێگەیان نەبوو لە فڕۆکەکە و پەیتاپەیتا سەردەکەوتن، کردبوویان بە شەڕ و لەیەکهەڵدان. کاتێ میواندارەکانی فڕۆکەکە ویستبوویان ئەوانەی شوێنیان نییە بگەڕێنەوە دەرەوە و هاواریان کردبوو کە تکایە بەس بێنە ناوەوە، شوێن هەموو گیراوە و ئێستا فڕۆکەی تر دێت بۆ ئێوە، ئیتر بووبوو بە شەڕ. کاپتنی لێخوڕی نەگبەت لەگەڵ یاریدەدەرەکەش هاتبوون بە خێرێ لەیەکیان بکەنەوە، کەچی وایان بەسەر هاتبوو و تێروپڕ تێهەڵدانیان خواردبوو. هەرچۆنێک بوو، بەو حاڵ و سەروپۆتەلاکە شێواو و شکاوەی ڕێبوار و کاپتن و میواندار تەیارە بەرز بووەوە و فڕی.

ئەوانەی مابوونەوە، بە داماوی و تووڕەییەوە چوونە ناو فرودگاکە و هەندێکیشیان لە دەرەوە مانەوە. فرودگاکەش وەک شاری بێساحێب وابوو، ئیتر بۆ خۆیان دەهاتنە دەرەوە و دەچوونە ژوورەوە، چا و

قاوە و شیرینی و پاروو و شتی وا دەست دەکەوت، ئەویش هەمووی بە خۆڕایی دەدرا بە خەڵک لەسەر حسابی دەوڵەت و ئەو کۆنفرانسە عاجباتی و بێوێنەیە.

جەماعەتی کوردەکان لە دەرەوە مانەوە، هەر زوو سەیفەدین چوارمشقی و لەسەرخۆ لە باخەکەی تەنیشتی دانیشت، سەری ڕاوەشاند و دەستی برد پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و خەریکی جگەرەداگیرساندن بوو. دکتۆر عادل بێئومێد لە سواربوونی تەیارەکە و لە دۆزینەوەی لەتیفەی ئاشنای لە ناو قەڵەباڵغییەکەدا، ئەویش بە ماتی چوو لە نزیک سەیفەدینەوە لە سەر سووچێکی عەرەبانەیەک دانیشت کە لە عەرەبانە داریـنە دەستییەکانی سەوزەفرۆشەکان دەچوو. ئەو دڵی نەهات جلەکانی پیس بکات و لە ناو خۆڵ دانیشێت، وەکو سەیفەدین. مامۆستا شەوکەتیش لەوە دەچوو کە هەر کەسێ بەری بکەوتایە، ئەو وەکو باڵۆن هەڵدەچوو بە ئاسماندا و دەتەقییەوە لە تاو نامیلکە و سکالانامەکانی کە کەس گوێی نەدایێ و کەس بانگی نەکرد بیخوێنێتەوە هەر لێشیان نەپرسییەوە.

ئەحمەد بەگیش لە دڵی خۆیدا هەر خەریکی هەڕەشە و گوڕەشە بوو لە شێرزادی برای و لەژێر لێوەوە دەیگوت:

- ئێ نەمرم خۆ هەر دەگەمەوە لەندەن بۆت. ئینجا بزانە چیت بەسەر دەهێنم، وەکو بە فیشاڵەکانت هەڵت داین و وات بەسەر هێناین، ئەمە چوار ڕۆژە ئێمە وەک قەرەج واین، جانتا بە کۆڵەوە لەم ئوتێل بۆ ئەو ئوتێل و لەم شوێن بۆ ئەو شوێن، نە کەس بە کەسە، نە کەس ئاگای لە کەسە لە نانخواردن و لەوەڕین زیاتر، هەر دەڵێی ئەم هەموو خەڵک و کەسە بۆ ئەو هاتوون!!

گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرە چووبوونە ژووری. پاش بەینی گەڕانەوە و یەکی پەرداخی چا و پارووەیەکیان بە دەستەوە بوو. سەیفەدین گورج هەستایە سەر پێ و بەدەم خۆهەڵتەکاندنەوە لە خۆڵ گوتی:

- ئەوە چا هەیە لە ژووری؟

خاتوو نەزیرە گوتی:

- ئەری وەڵا چا هەیە، قاوە هەیە، ساردی، ساندویچ، هەموو شتێک، هەمووشی بە خۆڕایی تەنها کارتی بەشداربوونی کۆنفرانسەکەیان پیشان بدەیت. سەیفەدین بە پەلە ڕای کرد و چوو شت بۆ خۆی بێنێت، مامۆستا شەوکەت بە بوغزێکەوە سەیری خاتوو نەزیرەی ژنی کرد و گوتی:

- ئەوە بۆچی شتێکتان بۆ ئێمەش نەهێنا؟

خاتوو نەزیرە زانیی کە تووڕەیە و شەڕ دەفرۆشێت و تاقەتی لە دەموچاوی مڕومۆچی چوو بوو، بۆیە وەرامی دایەوە و گوتی:

- بڵێین چی؟ هەریەکەمان هەر دوو دەستی هەبوو، هەر توانیمان ئەوەندە بینین. بەڵام ها ئەوەی من بۆ تۆ. دەچم بۆ خۆم دەهێنم، هەموو شتێک زۆرە و مشەیە.

مامۆستا شەوکەت بەبێ سوپاس و هیچ قسەیەک پەرادخە چا و ساندویچەکەی لێ وەرگرت.

ئەحمەد بەگ گوتی کەواتە بۆ ئێمەش نەچین لە ژووری دانیشین؟ لێرە وا هەڵترووشکاوین دەڵێی کەڵەشێر و قاز و مراوین، دکتۆریش هاتە قسە و گوتی وەڵا ڕاست دەکەیت. لە ژووری کورسیی زۆریشی لێیە. با بچین.

هەموویان گوڕیان دایە خۆیان و هەستان کە بچنە ژووری. مامۆستا شەوکەتیش بە پەرداخە چا و پاروو و جانتا و کاغەز و سکاڵانامەکانیەوە هەستا.

چوون لە سەر چەند کورسییەک دانیشتن لە دوای ئەوەی هەموویان چا و پاروو و ئەو شتانەیان هەڵگرت و کەوتنە خواردن و چاهەڵقوڕاندن کە لەپڕ لە ناو ئەو ڕێبوارانەی لەو ناوە بە کۆمەڵ و ڕیز ڕیز دانیشتبوون، دەنگەدەنگێک بەرز بووەوە و چەند کەسێک بە

شپرزەیی داوای دکتۆریان کرد کە کێ دکتۆرە فریای ئەم ژنە بکەوێت وا لە هۆش چوو، گوڵزار خانم و ئەحمەد بەگ و ئەوانی تر هەموویان ڕوویان کردە دکتۆر کە ئەمە چی بوو بزانن، دکتۆر نەجووڵایەوە و هەر قەپاڵی لە پارووەکەی دەدا و چای پیادا دەکرد.

خاتوو نەزیرە خۆی پێ نەگیرا و گوتی:

- کاک دکتۆر ئەم خەڵکە بانگی دکتۆر دەکەن. ئاخۆ چی قەومابێت، دکتۆر هەستایە سەر پێ و گوتی وا دەچم بزانم. هەموویان ملیان بەرەو دواوە خوار کرد و بە پەرۆشەوە ویستیان بزانن چی بووە، پێش دکتۆر، سەیفەدین بە گوپی پڕەوە خۆی گەیاندە ناو قەڵەباڵغییەکە، چونکە هێشتا پارووەکەی بە دەستەوە بوو دەیخوارد. لە دوای تۆزێک سەیفەدین گەڕایەوە و گوتی چ نەبوو چ نەبوو، ژنێکی ئەفریقی بوو و بورابووەوە، بەڵام هەر زوو دوو دکتۆر گەیشتبوونە سەری. یەکێکیان لوبنانی بوو لە قسەی گەیشتم، ئەوەی دیکە نازانم خەڵکی کوێ بوو، باش بوو دەرزی و دەرمانیان پێ بوو. کە چووم خەریکی دەرزیلێدان بوون و هۆشی هاتبووە بەر خۆ و دکتۆرەکان خەریکی بوون.

مامۆستا شەوکەت لە ژێرەوە خێسەیەکی ئاگرینی لە سەیفەدین کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- کوێرا و چ زوو گەیشتی و چ زوو هاتیتەوە و چ زوو هەموو ئەم دەنگوباس و تەلەگرافەت زانی.

سەیفەدین دانیشتەوە و کیسە نایلۆنی پارووەکانی کردەوە و کەوتەوە نانخواردن.

دکتۆریش گەڕایەوە و گوتی:

- ژنەکە نەخۆشی شەکرەی هەبوو، فشاری خوێنی دابەزیبوو، لەبەر ئەوە لە هۆش چووبوو، باش بوو دوو سێ دکتۆری لێ بوو فریای کەوتن. دکتۆر ڕووی کردە سەیفەدین و گوتی:

- ئەو دکتۆرە لوبنانییە زۆر زیرەک و باش بوو، هەموو کەلوپەل و دەرمانی لێقەومانی پێ بوو. هەموو خەڵکەکە ئافەرینیان کرد.

مامۆستا شەوکەت هەڵی دایێ و گوتی:

- کورە بابم ناهەقی خەڵک نییە ببوورێنەوە، بزانن ئێمە لە سەعات دەی بەیانییەوە تاوەکو ئێستا چەند ئەمبەر و ئەوبەرمان. کرد وەڵا منیش هیچ دوور نییە وام بەسەر بێت ئەگەر بەم زوانە نەگەڕێنەوە ئوتێلەکە.

گڤەی فڕۆکەکە گەیشت و خەریکی سووڕانەوە و نیشتنەوە بوو، دڵیان خۆش بوو و هەموویان هەستان و خۆیان گورج و ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن. ئێوارە سەعات لە هەشت تێ پەڕیبوو کە خەڵکەکان گەڕابوونەوە ئوتێلەکان و لەو شەڕەشەق و هەرایەی لەو

شارۆچکەیەی کۆنفرانسەکەی لێ بەرپا بووبوو، نەجاتیان بووبوو. لە دوای ئەوەی کاربەدەستانی ئەوێ هەر زوو خەبەریان دابوو بە لایەنە لێپرسراوەکان و باسی شەڕ و لەیەکهەڵدان و ئەو ڕووداوانەیان کردبوو، بۆیە بە پەلە هێزی پارێزەر و تەیارەی وایان ناردبوو کە شوێنی هەموو ئەو کەسانە بێتەوە، بگرە نیوەشی بە بەتاڵی گەڕانەوە، بۆیە خەڵکەکە هەندێ بووژابوونەوە و دوای پشوودانێک لە ئوتێلەکانیان هاتبوونە خوارێ بۆ نانخواردنی ئێوارە.

جەماعەتی کوردەکان شەش نەفەر بوون، بەڵام سەیفەدین دیسان چوو مێزێکی هەشت نەفەریی بۆ گرتن لە ڕیستۆرانەکە و پێش هەموویان مامۆستا شەوکەت بە جانتای سکاڵانامەکانیەوە چوو لە سەری دانیشت. ئەوانی تریش خەریکی چوونە سەر مێزی نان و خواردنەکان بوون کە هەرکەسە بە دڵی خۆی خواردن هەڵگرێت و بهێنێت بۆ سەر مێزەکەی خۆیان.

دکتۆر ڕووی کردە مامۆستا شەوکەت و گوتی:

- مامۆستا، بۆ تۆش هەڵناسی بێیت بزانیت حەزت لە چییە؟

خاتوو نەزیرە کە لە ژووری خۆیان ئیتر شەڕی بووبوو لەگەڵ مامۆستای مێردی لەسەر هێنانی ئەم جانتا زلە بۆ ڕێستۆرانەکە، بۆیە ڕووی کردە دکتۆر و گوتی:

- ئاخر لەبەر جانتاکەی دڵی نایەت هەستێت، نەوەکا کەسێک لێی بدزێت.

مامۆستا بە خێسەیەکی ئاگرینەوە سەیرێکی ژنەکەی کرد و گوتی:

- ئەی بۆ نادزرێت؟ ئەی بۆ نەترسم و دڵم لەسەری نەبێت؟ کەمم ئەزیەت لەگەڵ ئەو نووسینانەی ناوی کێشاوە؟

دکتۆر هەڵی دایێ و وەرامی دایەوە و گوتی:

- مامۆستا گیان، ئەمانەی لێرەن، هەموو خەڵکی ناسراون و هەموویان بە کارتی کۆنفرانسەکە نەبێت، کەس بۆی نییە بێتە ژووریێ. چۆن لێرە شت دەدزرێت، دکتۆر بە زەردەخەنەیەکەوە قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

- حەز دەکەی بێنە من بۆت هەڵدەگرم، تۆش وەرە بۆ خۆت خواردن هەڵبژێرە، ئەوەتەی هاتووین، هەر بە کەیفی ئێمە نان دەخۆیت و لەبەر ئەم جانتایە هەڵناسیت.

مامۆستا دەستی دا لە جانتاکەی و هەڵی گرت و خستیە سەر کورسییەکەی کە لە سەری دانیشتبوو. ڕووی کردە دکتۆر و گوتی:

- نە نە، من نایەم، زۆر سوپاست دەکەم. ئێوە خۆتان شتێکم بۆ بێنن.

خاتوو نەزیرە سەیری دکتۆر و جەماعەتی کرد و گوتی:

- نالێم؟ جانتاکەی بەجێ ناهێڵێت و ناشیداتە دەست کەس، بۆیە با ئێمە بڕۆین. من شتێکی بۆ دێنم.

کە ئەوان ڕۆشتن، مامۆستا شەوکەت دوو سێ جار شوێنی جانتاکەی ئاڵوگۆڕ پێ کرد. جار هێنایە لای ڕاست، دواییش خستیە لای چەپی، ئینجا دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە کام لا باش بوو، ئانیشکێکی خستە سەر و لەو شوێنە بەجێی هێشت و لە خۆیەوە کەوتە چاوگێڕان بە ناو ڕێستۆرانەکەدا، سەیری ئەو خەڵکەی کرد کە ڕیزیان گرتبوو بۆ هەڵگرتنی خواردنەکان. لە دوای بەینێک جەماعەتی خۆشیان یەکە یەکە بە قاپی پڕ لە شت و خواردنەوە و ساردی و چاوە گەڕانەوە لای کە بۆ ئەویشیان هێنابوو، لە دوای هەموویان سەیفەدین گەیشت، هەموویان بە سەرسووڕمانەوە سەیریان کرد، لەبەر ئەوەی ئەو دوو قاپی پڕ پڕی بە دەستەوە بوو.

سەیفەدین بە پەلە خۆی گەیاندە مێزەکە و خستیە سەری، چونکە ئەوەندەی شت بە دەستەوە گرتبوو، بێجگە لە دوو قاپەکە، هەر هەموویان خەریک بوون بەربینەوە خوارێ، هەروەها زانییشی کە هەموو بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکەن، بۆیە نەیهێشت کەس هیچی لێ بپرسێت و خۆی هاتە قسە و گوتی:

- ئەوە دوو قاپم هێنا، گوتم نەبادا هەندەک لەم خواردنانە خۆش نەبن، بۆیە گوتم با لە هەموو نەوعەکی بهێنم.

خاتوو نەزیرە بە زەردەخەنەی نیوەپێکەنینەوە گوتی:

- یا ڕەبی لەشت ساغ بێت، چاکت کرد.

دکتۆریش بەدەم قەپاڵگرتن لە پارووەکەیەوە گوتی:

- وەڵا من هەر حەز لە ماسییەکە دەکەم، ماسییەکەیان زۆر خۆشە، دەڵێی کورد لە ناو ترش و خوێدا سووری کردووەتەوە.

ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانمی ژنیشی زۆر لەسەرخۆ و بەبێ قسە نانەکەیان دەخوارد.

مامۆستا شەوکەتیش بەدەم سوپ و شۆربا هەڵقوڕاندنەوە خێسەی لە سەیفەدین دەکرد و خەریک بوو لە دەمی دەرچێت و بڵێت: ئەرێ باوکم ئەوە کا بەلاشە، بەڵام ماڵکاول خۆ کادانەکە هیی خۆتە. ئێستە دەتەقی، بەڵام باش بوو خۆی گرت و لەژێر لێوەوە قسەی کرد.

پاش نانخواردن و چاخواردنەوە و پشوودان، ئینجا کەوتنە باسی سبەینێ کە دەبێ سەعات هەشتی بەیانی لە بەر دەرکی ئوتێلەکە ئامادە بن بۆ ئەوەی بیانگوێزنەوە بۆ ئێستگەی دەریایی بۆ سواربوونی پاپۆڕ، هەر کەسەیان قسەیەکی دەکرد.

ئەو گوتی:

- ئینشائەڵا بۆ ئێوارەیەکی درەنگ دەگەینەوە جزیرەکە.

ئەوی تریان گوتی:

- تۆ بڵێی دیسان بمانبەنەوە ئەو ئوتێلە خۆشە؟ چونکە شەو دەبێ لەوێ بنوین و بەیانی زوو سواری فڕۆکە بین.

ئەمیان گوتی:

- تاوەکو سواری تەیارەکە نەبم، بڕوا ناکەم کە ئیتر ئەوە ڕاستە و لەم شەڕەشەقە ڕزگارمان بوو.

ئەحمەد بەگیش سەیری کردن و گوتی:

- وەڵا دەسا ئەم سەفەرەی ئێوە وا بە بەڵا و موسیبەت و ناخۆشی دەزانن، لە دوای چەند مانگێکی تر دەبێتە یادگارییەکی ئەوەندە خۆش، هەر نەبێتەوە. دەی سڵاواتی لێ بدەن. گۆڕینێکی خۆش بوو، گەرچی تووشی هیلاکی و هات و بگرەیەکی نارەحەت بووین، بەڵام تیکڕا گۆڕینێک بوو.

لەم کاتەدا ئەحمەد بەگ ئەم قسانەی دەکرد، سەیفەدین چاوی بڕیبووە چەند کابرایەک لە سەر مێزێکی نزیکیان دانیشتبوون. لەپڕ سەیفەدین سەری هێنایە نزیک جەماعەت و بە گەرمییەوە گوتی:

- چاوتان لەو کابرایەیە. ئەمە ئەوە بوو لە ناو شەڕی بەردەم تەیارەکە عەگالەکەیان خستبووە ملی و تێروپڕ لێدانی خوارد، وا ئەویش سەیرمان دەکات.

ئەوەندەی پێ نەچوو کابرای دیشداشەلەبەر هەستا و هاتە نزیکیان. بە ڕوویەکی خۆشەوە سەلامی کرد و بە عەرەبیی بەغدایی گوتی:

- ئێوە کوردن؟

ئەمانیش وەرامیان دایەوە و جێیان بۆ کردەوە و فەرمووو فەرموویان بۆ کرد، کابرا هات دانیشت و گوتی:

- بە داخەوە درەنگ ئێوەم دۆزیەوە، یەک دوو جار بە هاوڕێکانم گوت بە خوا ئەمانە لە برا کوردەکانمان دەچن و هەندێ لە قسەکانیان دەگەم. کەچی لەم هەرا و قەڵەباڵغییەدا هەر لێم گوم بوون.

کابرا بە بزەیەکەوە گوتی:

- هەرچەندە بە داخەوە کوردی نازانم، بەڵام بە پێچەوانەوە، دایکم عەرەبی باش نازانێت. ئێستەش ژن دەکات بە پیاو و پیاو دەکات بە ژن. ئاخر دایکم کوردە، خەڵکی کەرکووکە.

مامۆستا شەوکەت لەژێر عەینەکەکەیەوە سەیرێکی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- هەر تۆ مابووی دایکت کورد نەبوو، هەمووتان کاتێ کورد دەبینن، دایکتان و بابە گەورەتان دەبن کورد، بەڵام کوردی بێچارە هیچ خێرێک و قسەیەکی خێر لە ئێوە نابینێت.

سەیفەدینیش خەریک بوو پێی بڵێت:

- ئەوە بۆچی وایان لێ کردیت؟

بەڵام لەبەر خۆیەوە گوتی:

- نە بابە، وای پێ نالێم، تەریق دەبێتەوە عەیبە. ئێستە وا دەزانێت کە نەماندیوە چۆن عەگالەکەیان خستبووە ملیەوە و بەر مستەکۆڵە و بۆکسیان دابوو.

لە دوای هەندێ موجامەلاتی هەردوو لا لەگەڵ یەک، کابرا گوتی:

- من ناوم حەسەنە، خەڵکی بەغدام. لە جەماعەتی موعارەزەی عێراقیم و لەگەڵ ماڵ و منداڵم لە لەندەن دەژیم. هاوڕێی زۆریشم هەیە، ئەوانیش وەکو من هەموومان لە دەست زوڵموزۆری ڕژێمی سەدام ڕامان کردووە. کابرا دەستی پێ کرد بەبێ وەستان و بەبێ هەناسەدان باسی خۆیانی کرد کە ئێستە چی دەکات و خەریکی چییە لە لەندەن، لە بەغدا چەند دەوڵەمەند بوو و باوکی خاوەنی چەندەها موڵک و ماڵ بوو، ناوی چەند گەڕەکێکی برد کە کە زۆری ئەو گەڕەکانە هەموو موڵک و باخ و ڕەزی باوکین.

مامۆستا شەوکەت سەیری سەعاتەکەی کرد و دەستی دایە جانتاکەی و کردیەوە و دای خستەوە، هەر وەک بڵێت: با ئیتر هەستین و درەنگە، سبەینێ دەبێ زوو ئامادە بین بۆ ڕۆیشتن.

سەیفەدین یەک دوو جار کۆکیی و هەندێ لە سەر جێگەکەی بەرز بووەوە، سەیرێکی جەماعەت و دەوروبەری خۆی کرد، بەڵام هەر فایدەی نەبوو. کابرای دشداشەلەبەر وەک دەستڕێژ بەبێ پشوودان کەوتبووە قسە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆیان. سەیفەدین هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و هەڵڕشت و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا، چاک تووشی ئەم کابرا هەڵەوەرە بووین. بە خودای ئێستە پێی دەڵێم کاکە گیان ئێمە پەلەمانە، دەبێ بڕۆین. کابراش بە باسی خۆی ڕانەوەستابوو کەوتبووە باسی ئەو دوو سێ کابرایەی لەگەڵیدا بوون. بۆیە هەر کە باسێکی ئەوانی دەکرد و دەگێڕایەوە، گورج ئاوڕی لێ دەدانەوە و ئیشارەتی ئەو کەسەی دەکرد و لەوێوە دەنگی بەرز دەکرد و دەیگوت:

- فاروق تو خوا وا نەبوو؟ عەبدولکەریم خۆ لە بیرتە چیمان بەسەر هات؟

عەبدولکەریم و فاروقیش بێ ئەوەی بە تەواوی بزانن کە ئەمە باسی چی دەکات، چونکە ڕێستۆرانەکە گەورە بوو و خەڵکیش هەر چین چین دەهاتن و هیی دیکەش تەواو دەبوون و دەڕۆیشتن، لەبەر ئەوە غەڵبەغەڵب و قەڵەبالغ بوو، بێجگە لە دەنگی قاپ و پەرداخ و چەقەچەقی کەوچک و چەقۆ و چەتاڵ. بۆیە عەبدولکەریم و فاروقیش

هەر سـەريان بـۆ ڕادەوەشـاند و دەيـانگوت بەڵـێ وايە، بەڵـێ ڕاسـت دەكەيت.

كـابرا كەوتە باسـی ئەوەی كە بـۆچی هـاتوون بـۆ ئەم كۆنفرانسـە و لەبەر چـی بە دشداشـە و عەگـالەوە هـاتووە، چـۆن ويسـتوويەتی بە ئاشكرا و بە زەقی خۆی دەربخات و شكاتی حاڵی خۆيان بكات. بەڵام بەداخەوە بەری نەكەوت و ماوەيـان نەداينـێ كە قسـە بكـات، كـابراش دەستی دا بەيەكدا و گوتی:

- ئێمە بە نيـازی چـی هـاتبووين بۆ ئەم كۆنفرانسـە، كەچـی هەمـووی هەر باسی ئاسمان و هەور و گاز و دووكەڵ بوو.

لێرەدا سەيفەدين ويستی خۆی بە لێزان و خوێندەواری تەواو پيشـان بـدات، چـونكە گرێـی هەبـوو لەو ڕووەوە و لەبەر ئەوەی ئەوەنـدە خوێندەوار نەبوو، بۆيە هەڵی دایێ و سنگی دەرپەڕاند و گوتی:

- كورە كـاكە تـۆ ڕاسـت دەكەيـت. ئێمە بـۆچی هـاتبووين، كەچـی هەر ئۆزۆن ئۆزۆنيان بوو.

دكتـۆر لـەژێـرەوە سـەيرێكی سـەيفەدينی كـرد و خەريـك بـوو بـداتە پڕمەی پێكەنين، چونكە ڕۆژێ لەوەپێش سەيفەدين پرسيبووی:

- لە ڕێی خودا ئەوە باسی چی دەكەن هەر ئۆزۆن ئۆزۆنيانە، ئـۆزۆن چييە و دەبێ بە چی؟

کەچی وا ئێستە خۆی کرد بە پسپۆڕی ئاسمان و هەوا و زەمیناسی.
ئەحمەد بەگ وا گوێی لە کابرا گرتبوو و وا گوێی دابوویێ کە خەریک بوو هاوڕێکانی و گوڵزار خانمیش تووڕە بکات، ئاخری کە زانییان کابرا نیازی نییە باسەکانی کۆتایی پێ بێنێت و هەستێت تاوەکو یەک زەلام لەو ڕێستۆرانە مابێ، بۆیە مامۆستا شەوکەت جووڵایەوە و دەستی دایە جانتاکەی و گوتی:
- جەماعەت من دەڕۆم. هەندێ سەرم دێشێت و ماندووم، لەبەر سبەینێ و سەفەریش دەبێ خۆمان کۆ بکەینەوە، ئەوانی دیکەش هەرکەسە شتێکی گوت و هەستایە سەر پێ، ئیتر کابرای دیشداشەلەبەریش چاری نەما، ئەویش هەستا و بەدەم دەربڕینی خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر برا کوردەکانی و هەر دەستی بەیەکدا دەدا و داخی هەڵدەڕشت کە درەنگ ئەوانی دۆزیوەتەوە و ئەم چەند ڕۆژەی لە کیس چووە.
کابرا دوور کەوتەوە لێیان. هەموویان ڕوویان کردە ئەحمەد بەگ. هەرکەسە لای خۆیەوە پرسیی کە ئەوە چ بوو وا بە دڵ گوێت لە قسەی ئەو کابرایە گرتبوو و وا گوێت بۆ شل کردبوو؟
ئەحمەد بەگ بە دڵپێوەبوونێکەوە گوتی:
- بە ڕاستی دەمویست گوێ لە قسە و داخی دڵی ئەو کابرایە بگرم. نەگبەتە زۆر دڵی پڕ بوو و دەتگوت تەگەرە و بەڵای هەموو عێراق بە

کۆڵی ئەوەوە بوون. خەفەتی بۆ حاڵی عێراق و عێراقی دەخوارد، چاوتان لێ بوو زوو زوو پەلاماری حکومەتە عەرەبییەکانی دەدا و قسەی بە کوەیت و خلیجییەکان دەگوت و دەیوت ئێستە ئەو پیێپەتییە کرمخۆرانە بوون بە شت و وڵاتیان وەک ئەورووپا و ئەمەریکای لێ هات، وڵاتی ئێمەش وا کاول بوو، لە کاتێکدا کە ئێمە وڵات بووین و خاوەن شاری جوان و بازاری ئاوەدان بووین، ئەوان ئاوی کرماوییان دەخوارددەوە و هەر خواخوایان بوو ئەگەر بتوانن بێن بۆ بەسرە و ئەو ناوە بۆ گەڕان و سەیران، نەک بەغدا و شارەکانی تری عێراق.

ئەحمەد بەگ سەری ڕاوەشاند و گوتی:

- بە ڕاستی کابرایەکی سەیر و سووتاوی خاکی وڵاتەکەی بوو، چاوتان لێ بوو دوو سێ جار چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و گریا.

جەماعەت بەو قسانەی ئەحمەد بەگ هەندێ خاو بوونەوە و بەزەییشیان بە کابرادا هاتەوە و بۆ خۆشیان دەرکەوتبوو چەند بەخەمە و چەند دڵی پڕ بوو.

سەعات دەی بەیانی هەموو کارەکانیان تەواو بووبوو و گەیشتبوونە ناو پاپۆڕەکە. هەرکەسە ژووری خۆی پیشان درابوو، ئەگەرچی پاپۆڕەکە قەڵەبالغ و پڕ بوو، بەڵام وەکو ئەوسەر نەبوو کە هاتن، جێگە و ڕێگە هەبوو، خەڵک بە هێمنی بۆ خۆیان پیاسەیان دەکرد و

سەیری دوکانەکانی ناویان دەکرد، هەندێکی تر بە کۆمەڵ و بە چەند کەسێ لەگەڵ هاوڕێ و ماڵ و منداڵیان لە سەر کورسی و قەنەفەی هۆڵەکان دانیشتبوون. زۆری ئەو کورسی و جێی دانیشتنانە لەملا و ئەولای پاپۆڕەکە بوون. بە ڕیز بە درێژایی پاپۆڕەکەش پەنجەرەی گەورە گەورە هەبوون کە دانیشتوانی سەر ئەو کورسی و قەنەفانە چاویان لە دەریا و شەپۆلەکانیان دەکرد.

بە تایبەتی هەوای ئەو بەیانییە نەرم و لەسەرخۆ دیار بوو، ئەو خەڵکانەی لەو شوێن و هۆڵانە دادەنیشتن، جێ و ژووری نوستنیشیان هەبوو و هەرکەسەش بەپێی توانا و حاڵی گیرفانی بوو. ژووری باش و بە تایبەتی وەکو هیی ئەحمەد بەگ و مامۆستا شەوکەت و جەماعەتی کۆنفرانس کە بۆیان حیجز و ئامادە کرابوون، دیارە هیی ئەوان بەبێ پارە بوو، چونکە لەسەر حسابی دەعوەت و کۆنفرانس بوو، بەڵام بۆ خەڵکی ڕێبواری عادی و ئاسایی بە پارە بوو و پارەیەکی باشیش بوو. هەندێ لەو ژوورانە دوونەفەری و فەرەح و خۆش بوون و حەمام و تەوالێتی تیادا بوو، هەندێکی تریش وەکو ژووری حەپسخانە تەسک و تەنگ و جێی جووڵەی نەبوو، تەنها جێی نوستن خرابوونە سەر یەک هەر بۆ ئەوەی بتوانن بنوون.

دیاریش بوو بۆیە لەمسەر وا قەڵەباڵغ و شلۆغ نەبوو، چونکە تیکڕا قاچاخچی و هەڵهاتوو و بێکارە و بێئیش لەوسەر زۆرتر بوون کە دەچوون بۆ یۆنان تاوەکو لەوێوە پەرشوبڵاو ببوونایەتەوە بە وڵاتانی ئەورووپادا. بەڵام لەمسەر لەو جۆرە کەسانەی تیا نەبوو، جگە لەو خەڵکانەی کە بۆ گەڕان و سەیران هاتبوون یاخود خەڵکی یۆنان خۆیان بوون کە دەیانویست گەشت و گەڕان بکەن، یاوەکو ئەم جەماعەتانە بانگ کرابوونە کۆنفرانس.

لای سەعات دوو ئینجا پاپۆڕەکە جووڵایەوە و کەوتە ڕێ کە دەبوو سەعات دەی بەیانی بکەوتایەتە ڕێ. خەڵک تاقەتیان چووبوو و هەر دەیانپرسی ئەمە بۆچی وا دوا کەوت؟ دەبێ چی قەومابێت؟ ئیتر هەر کەسە بۆچوونی خۆی دەردەبڕی، بە تایبەتی کوردەکان، پێش هەموویان گوڵزار خانم کەوتبووە بۆڵەبۆڵ. ئەویش چونکە زۆر لە پاپۆڕ و کەشتی دەترسا. بۆیە هەر ئاوڕی دەدایەوە و سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد. جاریش لە پەنجەرەکەوە سەیری دەریا و شەپۆلەکانی دەکرد و دەستی بەیەکدا دەدا و دەیگوت:

- خۆ وەڵا دەریاکە زۆر هێمن و باشە، ئاسمانیش شکور ساف و ڕوونە. کەواتە دەبێ بۆچی وا دوا کەوتبین، بە خوا دەترسم پاپۆڕەکە

شتێکی سەقەت بووبێ، ئەی هاوار خوایە گیان فریامان بکەویت. غەریب و بێکەسین لێرە.

- خاتوو نەزیرە دڵی دەدایەوە و دەیگوت:

- باوەڕ ناکەم پاپۆڕەکە شتێکی هەبێت. ئەگینا چۆن دەیانهێشت ئەم هەموو عالەمە سوار بێت؟ خۆ شاری بێساحێب نییە. پێش ئەوەی پاپۆڕەکە بجووڵێتەوە، بە دەیان موهەندیس و خەڵکی لێپرسراو دێن سەیری هەموو شتێکی دەکەن، هەر وەکو تەیارە، ئەمانە وڵاتی گەشتوگوزارن، چۆن حەیای خۆیان دەبەن؟ ئەوانە لەبەر قازانج و ناوبانگی خۆیان و وڵاتیان لە من و تۆ زیاتر بەتەنگەوەن کە پاپۆڕەکانیان تۆکمە و باش بن و ڕێبوار بە سەلامەتی بگەیەننە شوێنەکانیان.

مامۆستا شەوکەت عەینەکەکەی لە سەر لووتی جووڵاند و لەژێرەوە چاوەکانی سڕییەوە کە تێکڕا فرمێسکیان پیادا دەهاتە خوارێ.

مامۆستا بەدەم ئەو کارانەوە گوتی:

- بە خوا شتێک هەیە. چونکە بەینی دە تاوەکو دوو چوار سەعات دەکات، ئەویش زۆرە، دواکەوتنی عادی وا چارەکەسەعاتێک بوو، بەڵام چوار سەعات زۆر زۆرە. شتێک هەر هەیە.

ئەحمەد بەگ سەری خۆی بادا و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ده وەرە تۆ سەیری ئەم کابرایە بکە. ئێستە گوڵزار هەر بە تەواوی دەتۆقێت. خۆی ڕۆحی چووە، لە بەیانییەوە مەتحی کەشتی و پاپۆڕی بۆ دەکەین و باسی سەلامەتیی بۆ دەکەین، کەچی سەیر بکەن ئەمیش چی دەڵێت. دە بڵێ کابرا ئەوە قسە بوو کردت؟

پاپۆڕ بە باشی کەوتە ڕێ و بە پێچەوانەی بیرە ترسەکانی گوڵزار خانم بوو. زۆر ڕێکوپێک دەڕۆیشت و سنگی دەریای دەقڵیشاندەوە و شەپۆلەکانی بەملا و بەولادا بڵاو دەکردەوە. خەڵکیش بە دڵنیایی و خۆشییەوە خەریکی هاتوچۆ و سەیرکردن و نانخواردن و ڕابواردن بوون تا کاتی درەنگی شەو، ئیتر هەر کەسە چووە شوێنی حەسانەوە و نوستنی، یاخود پیکەوە دادەنیشتن و سەری ڕاز و حەکایەتیان دادەمەزراند و کاتیان دەبردە سەر.

بەرەبەیان گوڵزار خانم ڕاست بووەوە و لەبەر چرایەکی سەر مێزی کزی ژوور سەریان سەیرێکی سەعاتەکەی کرد، ڕاپەڕی و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئۆهـ خەریکە دەبێتە سەعات شەش، خۆ درەنگە، دەبێ هەستین، ئەوەندەمان نەماوە کە بگەین ئینشائەڵڵا.

ئەحمەد بەگ کە لە تەنیشتیەوە نوستبوو، جووڵایەوە و خۆی هەڵگێڕایەوە سەر لایەکەی تری و گوتی:

- هێشــتا زۆر زووە، تــۆزێکی تــریش پــاڵ بــکەوە. ئەگــەر وا زوو هەسـتین، چـی بکەیـن؟ شـتەکانمان هەمـوو پێچـراو و ئامـادەیە. هەر دەسـت دەدەیـنە جانتاکانمـان و دەڕۆیـن. ئیتـر بـۆ وا زوو هەسـتین؟ نزیک دە دەگەینە جزیرەکە.

گوڵزار خانم کە هێشتا خەواڵوو بوو و حەزی دەکرد هێشتا بنوێت، بە تـایبەتی کە ترسـەکەی نەمـابوو و پاپۆڕەکە بە دڵی ئەو بـوو، بۆیە بە خۆشییەوە گوتی:

- وەڵا خۆ بە من بێت، حەز دەکەم سەعاتێکی تریش بنوم، ئەگەرچی ئەمشـەو هەر وەک کەروێشـک نوسـتووم، یەعنـی چاوێکم نوسـتوو و چــاوێکم کــراوە و بەخەبەر، دەتگــوت لە نــاو جــۆلانەدا نوســتووم و دەنگــی پــاپۆڕەکەش لایــلایەی بــۆ دەکــردین. لە خــوا بە زیــاد بێــت پاپۆڕەکەمان ئەم جارە زۆر خۆش بوو.

گوڵزار خانم چووەوە ناو جێگەکەی و خۆی مات کرد تـاوەکو دنیـا بە تەواوی ڕووناک بووەوە و لە پەنجەرەکەوە دیـار بـوو. ئەوجـا دیسـان هەسـتایەوە و پەردەکەی لابـرد و هەنـدێ سـەیری دەریـا و دەرەوەی کــرد. هەنــدێ مــات بــوو و بە چــاکی ســەرنجی دەرەوەی دا و بە سەرسووڕمانێکەوە ڕووی کردە ئەحمەد بەگی مێردی و گوتی:

- ئـا تـو خـوا تـۆش وەرە سـەیرکە، ئەوە چیـیە خـۆ ئەوە لەو شـوێنە دەچێت کە دوێنێ لێوەی کەوتینە ڕێ؟

- ئەحمەد بەگ هەستایە سەر پێ و هـاتە تەنیشـتیەوە. هەندێ چاوی خۆی هەڵگڵۆفی و گوتی:

- کوا؟ ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت، بە درێژایی ئەمشـەو کە پاپۆڕ بە ڕێوە بوو، ئێستە دەگەینە جێ.

- گوڵزار خانم پەنجەی درێژ کردە ئەولایە و گوتی:

- ها ئەها، تۆ سەیری ئەو شوێنە دوورە بکە، خۆ دەزانم هیچ دیار نییە لە ئاو و دەریا زیاتر، ئەوەتا تاوەکو چاو بڕ بکات هەر ئاوە و هیچ شتێکی تر دیار نییە، بەڵام تۆ وەرە سـەیری ئەو بەرزاییە دوورە بکە کە دوێنێ لەگەڵ تۆ لەم پەنجەرەیەوە سـەیرمان کرد و من گوتم کە لەم دەریا شینە زیاتر هیچ نابینی، هەر بستێ ئەرزیشمان لێ دیار نییە، کەچی تۆ گوتت ئاها چاو ببـڕە ئەو ڕەشـاییە دووردوورە، ئەمە ڕەنـگە شـاخێک بێـت یـاخود ڕیزەشاخێک و جەنگەڵ و شتی وا بێت. کەچی لە پەڵەیەکی ڕەش دەچێت، دە باشە ئەی ئەمە ئەو شوێنە نییە کە دوێنێ پیشانت دام؟

ئەحـمەد بەگ بە جـوانی سـەرنجی دا و دوو سـێ جـار عەینەکەکـەی جووڵانـدەوە و پـاکی کـردەوە و کـردییەوە چـاوی، دوایـی بە حەپەسانەوە گوتی:

- وەڵا ڕاست دەکەیت. بەڵام ڕەنگە ئەمە شوێنێکی تر بێت؟

ئەگەرچی ئەحمەد بەگ وای گوت، بەڵام لە دڵدا زۆر لای ئاشکرا بوو کە ئەمە ئەو شوێنەیە کە دوێنێ پاپۆڕەکە کەوتە ڕێ، ئەوان سەیریان دەکرد ئەم پەڵە ڕەشەیان دیت و زۆریش سەیریان کرد و زۆریش مشتومڕیان لەسەر کرد.

- خوایە گیان، دەبێت ئەمە چ بێت؟ ئەی بە درێژایی ئەمشەو پاپۆڕ هەر بە ڕێوە بووە و گرمەی هاتووە، ئەی ئەمە چییە؟

زۆری پێ نەچوو گوڵزار خانم و ئەحمەد بەگ خۆیان کۆ کردەوە و جانتاکەیان هەڵگرت کە بڕۆن و ئیتر نەیەنە ژوورەکە، چونکە ئەوەندەی نەمابوو کە بەپێی پرۆگرامی سەفەرەکەیان سەعات دە بگەنە جزیرەکە. گەیشتنە بەر دەرکی ژوورەکە کە دکتۆر عادل و سەیفەدین دەهاتن بۆ لایان. ئەوانیش بە سەرسووڕمانەوە ڕوویان کردە ئەحمەد بەگ و گوتیان:

- ئێوە دەزانن ئێمە گەڕاوینەتەوە شوێنەکەی خۆمان؟

سەیفەدین بە ناڕەحەتییەوە دەستی دا بە دەستدا و گوتی:

- دەڵێن پاپۆڕەکە گەیشتە نیوەی ڕێ و جارێکی تر گەڕاندوویانەتەوە بۆ شوێنی خۆی، دەڵێن شتەک قەوماوە لە جزیرەکەی کە بۆی دەچین.

دکتۆر بۆی تەواو کرد و گوتی:

- نەخێر هیچ نەقەومـاوە، دەڵـێن ئەمـڕۆ و سـبەینێ لە جزیـرەکە مـوئتەمەرێکی جیهـانی کـۆ دەبێـتەوە، بـۆیە لەبەر سـەلامەتیی ئەو سـەرەکدەوڵەتانە ڕێگـەی دەریاییـان داخسـتووە، چـونکە ناوبـانگی کەشـتییەکان بە خـراپ دەرچـووە، لەبەر ئەوەی زۆری قاچـاخچی و بانـدی مافیـا و تریـاک و حەشیشـە و ئەو شـتانە بەم پـاپۆڕ و کەشـتییانەی دەریـا و ئاوەکـانی یۆنـان دێـن و دەڕۆن، بـۆیە وایـان کردووە.

گوڵزار خانم ڕەنگی هەڵبزڕکا و گوتی:

- چۆن؟ کەواتە تاوەکو دوو سبەی ئێمە لە ناو ئەم پاپۆڕەدا دەبین؟

سـەیفەدین لەجیاتیی دڵـی بداتەوە یـاخود درۆیەکـی دڵخۆشـکەری بـۆ بڵێت، کەچی گوتی:

- ئەی چی؟ ئەرێ وەڵا، دەبێ تاوەکو دوو سبەی لە نێو ئەم پـاپۆڕەدا وەک دەستبەسەر و حەپس وابین.

ئەحمەد بەگ لەژێر لێوەوە گوتی:

- یاخوا شێرزادی برام ڕووت ڕەش بێت وەکو ئەمەت بەسەر هێنـاین.

دواییش لە دڵی خۆیدا وەکو سەرزەنشتی خۆی بکـات، گـوتی: شـێرزاد بڵێـت چـی؟ خـۆ ئەو پێـی نەگوتبـووین کە بێـین. ئـێمە بە خێـرێ بە

ڕەسمی و لە لای مونەزەمەی حقوقی ئینسانەوە بانگ کرابووین و دەعوەتنامەمان بۆ هاتبوو، هەر دەبوو بێین و لە خوامان ویست کە بێین. ئەو کە تەنها کاری ڤیزە و بلیت و ئەو شتانەی بۆ جێبەجێ کردین، زۆر فیشاڵی کرد و گوتی دێن بە پیرتانەوە و واتان بۆ دەکەن و واتان بۆ دەکەن و ناکەوینە سەر ئەرز، چونکە بە خێرێ کوردین، ماشەڵا لە چاو نەچین.

بەیانی باش و ڕۆژ باشی مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرە ئەحمەد بەگیان لە خەیاڵ دا و هێنایانەوە سەر خۆ.

مامۆستا شەوکەت کە جانتا نازدارەکەی هەر بە دەستەوە بوو، بە هەناسەبڕکێوە گوتی:

- ئەرێ ئەمە چی قەوماوە؟ دوو سێ کەسمان پێ گەیشت ئێستە باسی دواکەوتن و گەڕانەوە و شتی وایان دەکرد، پێیان گوتین جانتا و شتەکانتان دەبەنە کوێ؟ خۆ ناچینە دەرێ.

سەیفەدین کە هەمیشە وەرامەکانی حازر و لەسەرپێ بوون، پێش هەموویان کەوت و هەر گورج و هێشتا قسەکە لە دەمی مامۆستادا بوو کە هەڵی دایێ و گوتی:

- تازە تاوەکو دوو سبەی نابێ ئەم کەشتی و پاپۆڕە بەجێ بهێڵین و دەبێ هەر لە ناوی بین لەبەر موئتەمەرەکەی ئەو جزیرەیەی بۆی دەچین.

خـاتوو نەزیـرە کە جانتـا زلەکەی جـل و کەلوپەلەکـانی بە دەسـتیەوە بوو و بەدوای خۆیدا ڕای دەکێشا، دەستی لێ بەردا و بە شپرزەییەوە گوتی:

– بۆ؟ ئەیەڕۆ بۆ؟ چییە زیندانی کراوین؟

دکتۆر ئەم جارە دەستی پێ کرد و گوتی:

– دەڵێن لە جزیرەکە ئەمڕۆ موئتەمەرێکی جیهانی دەستی پێ کردووە و تاوەکو سبەینێ دەخایەنێ، چونکە زۆری سـەرەکدەوڵەتان لەوێ کۆ بــوونەتەوە. دەڵــێن لەبەر ســەلامەتیی ئەوان، ئەم دوو ڕۆژە نــایەڵن کەشتی و پاپۆڕ بچێت بۆ ئەوێ.

خاتوو نەزیرە هەڵچوو و بە تووڕەیی و توندییەوە گوتی:

– ئەیەڕۆ بە زیـاد نەبێ لە عەمریـان، بۆ خـاتری پێغەمبەر (ص)، ئینجـا ئێمە و ئەو هەمـوو خەڵـکە لێـرە زینـدانی بـین تـاوەکو جەنابیـان لە مـوئتەمەر دەبـنەوە؟ ئەی بـۆچی زووتـر قسـەیان نەکـرد بە ملـی شـکاویان؟ هەر هـیچ نەبێت بۆ خۆمان لە شارەکە و لە ئوتێلەکە دەماینەوە.

نەزیرە خان ویستی هێشتا دوعا و قسە بکات کە مێردەکەی گوتی:

– بە تووڕەبوون و جنێودان کارەکەمـان ئاسـان نابێت. لەوە زیـاتر کە تۆ نـاڕەحەت دەبیت و تووشـی دڵەکوتێ دەبیت لێرە، ئەوانـیش لەوێ هەر ئەوە دەکەن کە ویستوویانە. ئاگاشیان لە جنێوی کەس نییە.

ئەحمەد بەگ بە مەلولییەکەوە گوتی:

- دەی بـا جـاریٚ بـڕۆین لە شـوێنیٚ دانیشـین. خـۆ هەروا بە پێـوە ڕاناوەسـتین. ئەوەتـا ڕێگـەی خەڵکیشـمان گرتـووە. داڵانەکەش زۆر تەسکە.

جەماعەت بە داماوی و بە دڵی شکاوەوە شوێنی یەک کەوتن بەرەو ڕێستۆرانەکە، خەڵکی دیکەشیان تووش دەهات، ئەوانیش بۆڵەبۆڵ و نـاڕەزایی خۆیـان دەردەبـڕی بـۆ یەکتـری، لە بەردەم ڕێسـتۆرانەکە و بەو بەیانییە زووە ژن و مێردێک قڕەیان بوو لەگەڵ یەکدا. ئەگەرچی ئەمان تیٚ نەگەیشتن لە قسەکانیان، چونکە لە یۆنانی و ئیسپانی و ئەو جـۆرە زمانـانە دەچـوو، بەڵام لە شـێوەی قسـەکردنیان و دەنگـی بەرزیـان و شـاڵاوبردن بـۆ یەک دیـار بـوو کە شـەڕ دەکەن. بێگومـان ئەویش لەسـەر ئەو دواکەوتن و دواخسـتنە بـوو، ژن و پیـاوەکە دوو منالّیان لەگەڵ بـوو، کوڕ و کچی دە سـاڵ و حەوت سـاڵ دەگریـان بە دیاریانەوە، لەوە دەچوو کە لە شەڕی دایک و باوکیان بترسن. ئاخری ژنەکە پەلاماری دەستی دوو منـاڵەکەی دا و ڕۆیشـت. پیـاوەکەش هەر وەک بڵێت: چش، وەی خەم. بـۆ خـۆی چـووە ڕێسـتۆرانەکە و لە بەر مێزی نـانخواردن ڕاوەسـتا و دەسـتی کـرد بە هەڵگرتنـی سـەموون و

هێلکە و پارچە پەنیر و چا و قاوە. دوایش چوو لە سەر مێزێک دەستی کرد بە نانخواردن.

گوڵزار خانم هەناسەیەکی هەڵمژی و هەڵڕشت و گوتی:

– ئەوەتە، سەیری فەرقی ژن و پیاو بکەن، فەرقی دایک و باوک، بە خوا ئەوە ژنەکە بوایە، بشیانکوشتایە دڵی نەدەهات دانیشێت ئەم هەموو نانە لە بەردەم خۆی دابنێت و دەست بکات بە خواردنی کە بشزانێت مناڵەکانی بە برسی و گریانەوە گەڕانەوە ژوورەکەی خۆیان.

خاتوو نەزیرە هەڵی دایە و گوتی:

– ئەی بۆچی پیاو قەت پیر نابن و هەر ژنی بەسەزمان چەوساوە و ژاکاون؟

مامۆستا شەوکەت هاتە قسە و گوتی:

– ئینجا چووزانی ژنەکە لەگەڵ مناڵەکانی نەچووە بۆ شوێنێکی تر بۆ نانخواردن. خۆ لەم پاپۆڕەدا دوو سێ جێگەی نانخواردنی لێیە، چووزانی خەتای ژنەکە نەبوو؟ خۆ چاوتان لێ بوو چ دەمێکی پێوە بوو هەر دەتگوت جەربەزەیە.

سەیفەدین بەدەم پەلامارادانی قاپی هێلکە و نان و قەیماغ و ئەو شتانەوە گوتی:

- دەی سەلاواتی لێ بدەن و نانەکەتان هەڵگرن. خۆ ئەنگۆش خەریکن بیکەن بە شەڕ.

مامۆستا شەوکەت بە خێسەیەکەوە سەیری کرد و گوتی:

- تۆ جارێ خەمی شەڕی ئێمەت نەبێ، مشووری خۆت بخۆ.

سەیفەدین هەر گوێشی لە کەس نەبوو لە تاو خواردنەکان، قاپەکەی پڕ پڕ کرد و بردی بۆ سەر مێزێک و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:

- کەیفی خۆتانە. ئەمن لەبەر ئەنگۆمە.

ئەحمەد بەگ و دکتۆریش لەژێرەوە خەریک بوو بە شەڕەدەنووک و توانج لەیەکگرتنی مامۆستا و سەیفەدین بدەنە پەرمەی پێکەنین کە لەوە دەچوو تاقەتیان لە ڕەفتاری یەک چووبێ.

خەڵکی ناو پاپۆڕەکە هەموو تووڕە و هەراسان بووبوون لە دوای ئەوەی کە زانییان لە ئەمرۆ تاوەکو سبەینێ سەعات حەوتی ئیوارە لە شوێنی خۆیان دەمێنن، ڕۆژەکەیان هەر لە بڕانەوە نەهات. لای هەندێکیان سەعات لە شوێنی خۆی چەقیبوو و نەدەجوولایەوە، ئەوەندە بە بێزاری سەیریان دەکرد کە کەی دەبێتە ئێوارە و شەو.

هیی وایان هەبوو لە تووڕەییدا چاوی چووبووە پشتی سەری و دەچووە سەر کاربەدەستانی پاپۆڕەکە و بە مستەکۆڵە بەردەبووە مێزی بەردەمیان و دەیگوت:

- ئـاخر چـۆن؟ بـۆ وا دوايـان خسـتين، مـن ئەگەر سـبەينێ سـەعات حەوتی بەيانی نەگەمە فڕۆكەكەم، بليتەكانمـان دەسـووتێت، بليتـی سـێ نەفەر، بە خوا دەبێ بۆمان ببژێرن، ئەگينا بۆتان دەچمە حەپسـخانەوە، ژنێک لە لايەكی ترەوە دەيقيڕاند بەسەرياندا و دەيشيڕاند و دەيگوت:

- مـن دەبـێ سـبەينێ ئێـوارە بـگەمە لەنـدەن، ئەگينـا شـەريكەكە دەرم دەكات، ئينجا دەيكێشا بە سـەری خۆيـدا دەيگـوت و ئەی خـوايە گيـان، ئێستە من چی بكەم؟

دوو پيـــاوی ئێـــرانييش دەيانقيڕانـــد بەســـەر كابراكانـــدا. ئەميـــان بە ئينگليزييەكی تێكشكاو، دەتگوت بە فارسی قسە دەكات، دەيگوت:

- بۆچی زوو لەوێ پێتان نەگوتين كە دوا دەكەوين؟ لەوێ چـارەيەكی ترمـان دەدۆزييەوە. لە لايەكـی تـرەوە دەڕۆيشـتين. دەيـان ڕێگـەی تـر هەبـــوون، ئـــێمە ئـــيش و كـــاری زۆر گرنگمـــان هەيە. دەعـــوا و مەحكەمەمان هەيە، شكاتمان لـێ كـراوە ئەگەر سـبەينی بە مەحـكەمەدا نەگەين، ماڵمان كاول دەبێت. ياخوا ماڵی ئێوە و خـاوەن مـوئتەمەرەكە و پاپۆڕەكەيان كاول بێت.

ئيتر چەندەها شەڕی وا لەگەڵ كاربەدەستانی و لێپرسراوانی پاپۆڕەكە بەرپـا دەبـوو و دەكـرا، هەر ئەوەنـدە نەدەمـا كە بە دار و بەرد و بە

شەق پەلاماری یەک بدەن، بەڵام ئاسایشی ناو پاپۆڕەکە فریا دەکەوتن و لەیەکی دەکردنەوە.

سەیفەدینیش بووبوو بە تەتەری تەلەگراف و هێنان و بردنی دەنگوباس، هەر بەوەدا دەگەیشت بچێتە ناو خەڵکەکە و بە خەرواریَ دەنگ و باسی سەیروسەیرەوە بگەڕێتەوە لای جەماعەت کە چی بووە و چی قەوماوە، دوای بەینێک دیسانەوە بە هەمان شێوە و دەنگ و باس، جارێک کە گەڕایەوە، ڕەنگی هەندێک پەڕیبوو و تووڕە دیار بوو.

هەموو پێکەوە ڕاپەڕین و لێیان پرسی:

- خێرە کاک سەیفەدین لە تووڕە و بێتاقەت دەچیت؟

سەیفەدین خۆی گورج کردەوە و سنگی هێنایە پێشەوە و گوتی:

- ئەدی کوو؟ دوو هەتیمی سەگ و سەگباب لێم پەیدا بوون، شەڕیان پیَ فرۆشتم و گوتیان: لۆ ئەوەندە سەیری کچەکانی هاوڕێمان دەکەیت، منیش پێم گوتن سەرتان داوە لە بەردان. ئەمن هیچ ناکەم سەیری ئەو دوو چەتیمە لچحوشترەی ئەنگۆ دەکەم؟ ئیدی بوو بە شەڕمان ئەمنیش تێر و پڕ لێم دان، ئەوانیش هەڵاتن.

دکتۆر پرسیی:

- ئەوانە خەڵکی کوێ بوون و چۆن لە قسەیان گەیشتی و ئەوان چۆن لە جنێوەکانت گەیشتن؟

سەیفەدین گورج هەڵی دایێ و گوتی:

- چۆن لێیان نەدەگەیشتم؟ ئەوان عەرەب بوون، بەڵام نازانم عەرەبی کوێندەر بوون، عەرەبییەکەیان خەڵک لێی حاڵی نەدەبوو.

ئینجا بە خۆشی و زەردەخەنەوە گوتی:

- عەمریان نەمێنێ، بە قەبری بابم هەر یەکەم شەقم لێ داوەشاندن، یەکسەر ڕایان کرد ئەوەندە ترسنۆک بوون.

ئەحمەد بەگ بە گوێدانەوە گوتی:

- کەواتە دانیشە، ئیتر مەڕۆ بەم زوانە، هەر هیچ نەبێت ئیتر بە تەنها مەڕۆ.

سەیفەدین دانیشت لە لایان، لە هۆڵێک بە کۆمەڵ بۆ خۆیان دانیشتبوون. هەر دانیشتن و دانەنیشتن، سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی خۆی کرد و گوتی:

- ئەوەندەشمان نەماوە بۆ کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ.

مامۆستا بە ئەسپایی سەری بادا و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- بە خوا قەسەم ئەگەر ئەو کابرایە گولەبارانیش کرابێت، هەر واز لە خواردن ناهێنێ و خەمی هەرە گەورەی ورگی دەبێت.

به ناچاری ڕێبواری کەشتییەکە خەریک بوون خۆیان ڕادەهێنا بەم دواکەوتنە بە زۆر بەسەردا سەپێنراوە و هەر وەک بڵێن و گوتبێتیان:

- چارمان نییە، لە تووڕەیی و بێزاریدا شەڕ بوو کردمان لەگەڵ یەک و لەگەڵ کاربەدەستانیش و لەگەڵ دار و دیواریشدا، ئێستە دەسەڵاتمان نییە لە ناوەڕاستی ئەم دەریایەدا، ئیتر چی بکەین، خۆ خۆمان ناکوژین، هەر دەبێ ددان بە خۆمانا بگرین تاوەکو سبەینێ.

ئیتر کە بوو بە ئێوارە، ڕێبوارەکان قاووقریشک و دەنگەدەنگ و قاقای پێکەنینیان لێ بەرز دەبووەوە و دەهاتە بەر گوێ.

گوڵزار خانم لەگەڵ خاتوو نەزیرە کەوتبوونە پیاسەکردن لە ناو پاپۆڕەکەدا و سەردەکەوتنە سەرێ و دەچوونەوە خوارێ و سەیری خەڵکیان دەکرد و قسەیان دەکرد و پێدەکەنین.

گوڵزار خانم کە لە دڵەوە هەر دەترسا لە پاپۆڕ و ئاو و دەریا، بەڵام زۆری لە خۆی دەکرد کە ترسەکەی لە بیر خۆی بەرێتەوە و کە سەیری ئەم هەموو خەڵکەی دەروپشتی خۆی دەکرد کە چۆن وا ڕەفتار دەکەن، دەڵێی لە خۆشترین شوێنی کەیف و ڕابواردندان، هەندێکیان وا پاڵی لێ داوەتەوە و قاچی ڕاکێشاوە و خەریکی پشوودان و خۆهەڵخستنە، دەتگوت لە سەر دۆشەک و سەرینی پەڕی قوو و لۆکە و ئاوریشم پاڵ کەوتووە وا بێباک و دڵخۆش دیارە.

گوڵزار خانم هەر وەک سەرزەنشتی خۆی بکات، لە دڵی خۆیدا بۆڵەی لە خۆی بوو کە خۆ ئەم لەم هەموو خەڵکە باشتر و عەزیزتر نییە؟ بۆچی مرۆڤ ئەوەندە خۆپەرست بێت هەر بیر لەوە بکاتەوە و بڵێت:

- وەی باوکە ڕۆ، نەوەکا شتێک لە کەشتییەکە بقەومێت؟ وەی خوایە گیان، پاپۆڕەکە نوقم نەبێت و وەرنەگەڕێت؟ وەکو دەڵێن، بەم بیر و ترس و قسانە دونیا و ژیان لە خۆی بکات بە چەرمی چۆلەکە، بۆیە گوڵزار خانم دوای ئەم بیرکردنەوانە خۆی گورج دەکرد و دەیویست پێ لەو بیروبۆچوونە خراپانەی بنێت. لەبەر ئەوە دەکەوتە قسەی خۆش لەگەڵ خاتوو نەزیرەی هاوڕێ و دەستەخوشکی کە ئەم سەفەرە یەکجار نزیکی خستبوونەوە لەیەک.

بەدەم ئەم قسە و بیرانەوە بۆ خۆیان کەوتنە پیاسەکردن کە لەپڕ خاتوو نەزیرە لە شوێنی خۆی ڕاوەستا و ڕووی کردە گوڵزار خانم و بە حەپەساوی گوتی:

- ئا تۆ سەیرکە، ئەو کۆمەڵە کە لە دەوری ئەو مێزە درێژە دانیشتوون، بزانە ئەوە دکتۆر عادل نییە لە ناویاندا؟ گوڵزار خانم سەیری کرد و بە چاکی سەرنجی دا و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا ئەوە ئەوە.

هەردووکیـان بەدەم پێکەنـین و سەرسـوورِمانەوە سـەیری یەکتریـان کرد هەر وەک بڵێن:

- ئەیەڕۆ پەنا بە خوا، ئەمە ئەم کابرایە لە کوێ ئەمـانەی دۆزییەوە؟ سەیری بکەن چۆن کەوتووەتە قسە و پێکەنین لەگەڵیان، دەڵێی هەزار ساڵە ئاشنای یەکن.

خاتوو نەزیرە کە هەندێ دەمهەراش و قسەلەڕوو بوو، دەستی گوڵزار خانمی ڕاکێشا و گوتی:

- با بڕۆین بزانین ئەمە چییە؟

دکتـۆر لەگەڵ کۆمەڵێـک ڕێبـواری یۆنـانیی ژن و پیـاو دانیشـتبوو، بە ئینگلیزی کەوتبووە حەکایەت و نوکتە و باسی خۆی و لەنـدەن بۆیـان کە لەندەن چۆن هەمیشە بارانە و تەمومژە. بازاڕ و دوکانی وایە، زۆر ئـــاوەدان و خۆشــــە و نــــاوی بەوە دەرکـــــردووە هەر لە زووەوە خۆشترین و ئاسانترین بازاڕی دونیای هەیە بۆ گەشـتکەر و ڕێبـواری بێگـانە کە دێـن سـەری لەنـدەن دەدەن، هەروەهـا باسـی ئینگلیـزی بـۆ دەکردن کە چەند باشن و لە خەڵکی وڵاتـانی ئەورووپـا باشـترن و کە ڕێبوارێـک ڕێگـە و شـوێنێکی لەنـدەن نەزانـێ و لە یەکێکیـان بپرسـێت، چۆن ئەو کەسە شـوێنی دەکەوێت و تـاوەکو پیشـانی نەدات وازی لـێ ناهێنێـت، بە پـێچەوانەی خەڵکـی وڵاتـانی ئەورووپیـی تـر کە یەکێـک

شوێنێکیان لێ دەپرسێت، چۆن بە بوغزێکەوە گرمەیەکیان لێ دێت و دەڕۆن، گوێش نادەنە کەس، بە تایبەتی ئەڵمانەکان. ئیتر دکتۆر بە ڕاست و بە چەپ تا دەهات دانیشتنەکەی گەرمتر کردبوو، دەتگوت حەفتا پشتی باوک و باپیریشی ئینگلیز بوون و خۆی لێ کردبوون بە گوڵی مەجلیس وەکو دەڵێن.

لەپڕ دکتۆر سەری هەڵبڕی و بە ڕوویەکی خۆشەوە سەیرێکی جەماعەتی کرد و گوتی:

- ها ئەمانەن خزمەکانم کە باسیانم بۆ دەکردن. خەڵکەکە کەوتنە هەلەوهەلەو و بەخێر بێن، هەندێ بە یۆنانی و هەندێ بە ئینگلیزی، یەک دوانێکان لە سەر کورسییەکانیان بەرز بوونەوە و وا ئیشارەتیان کرد کە فەرموون وەرن دانیشن، ئەوانیش کەوتنە سوپاس سوپاس و لەو جۆرە قسانە. دکتۆریش هەر هەوڵی ئەوەی بوو کە دانیشن، دەتگوت وەکو دەڵێن، کەرەم بەسەر ئاوی حەمامەوە دەکات، چونکە خۆی لە سەر کورسییەکەی خۆی دانیشتووە و دوو پیاوەکە بە پێوە مانەوە، کەچی ئیشارەتی گوڵزار خانم و خاتوو نەزیرەی کرد کە بێن لە جێی دوو پیاوەکە دانیشن.

خاتوو نەزیرە زۆرزان بوو. زانیی کە دکتۆر حەز ناکات هەستێت و بڕوات، چونکە بە تەنیشت کچێکی نۆزدە بیست ساڵەی زۆر جوان و

گەلـێ ئێسکســووکەوە دانیشــتبوو، دەترســا لەوەی هەســتێت و ئەو جێگـەیەی لە کیس بچێت، بۆیە وەکو شتێک خاتوو نەزیـرە ویستی هەندێ سەری بکاتە سەر، لەبەر ئەوە ڕووی تێ کرد و گوتی:

– کاک دکتۆر نایەیت بڕۆینەوە؟ جەماعەت چاوەڕێت دەکەن. مامۆستا شـەوکەت بەدواتـدا دەگەڕا و هەر دەیگـوت دکتـۆر چیـی لـێ هـات وا نەگەڕایەوە.

دکتۆر ناچار هەستایەوە سەر پێ، وەرامـی خـاتوو نەزیرەی دایەوە و بە دەمێکی تێکەڵوپێکەڵەوە گوتی:

– تو خـوا بۆم گەڕا؟ هـا بڵێم چی، تووشـی ئەمـانە بووم. دەیانەوێت بـێن بـۆ لەنـدەن و شـوقە بگـرن بە کـرێ بـۆ هەفـتەیەک دوو هەفـتە، چـونکە خۆیـان دەگەڕێنەوە و کچەکەیـان دەمێنێتـەوە کە جـارێ زمـان فێر بێت و دواییش بخوێنێت.

خـاتوو نەزیـرە سـیخورمەیەکی ئەسـپایی لە گـوڵزار خـانم دا و ڕووی قسەی کردە دکتۆر و گوتی:

– ئێ وەڵا زۆر باشە، فێریان کە خێرت دەگات. بەڵام چۆن زانییـان کە تۆ لە لەندەن دەژیت؟

دکتـۆر کە بە پێـوەش چـاوی هەر لە کـچەکە بـوو کە نەکـا هەسـتێت بڕوات، وەرامی خاتوو نەزیرەی دایەوە و گوتی:

- ئـاخر قسـه هـات به قسـەدا، دکتـۆر ئەم جـاره کەوته منگەمنـگ و دەستهەڵگلۆفین و گوتی: ئەگەر دانانیشـن، فەرمـوون بـڕۆنەوە، چـونکه هــیلاک دەبـــن به پێــوه، منــیش هاکـــا هـــاتم. هەر ئەم ئەدرەس و تەلەفۆنەیان دەدەمێ و دێمەوه.

گـوڵزار خـانم و خـاتوو نەزیـره گەڕانەوه لای پیاوەکانیـان که پـێکەوه لەگەڵ سـەیفەدین له پەنایەک دانیشتبوون و بەدەم ورتەورت و بۆڵه و گلەیـی ئەم دواکەوتـنه بـۆ خۆیـان سـەریان قـاڵ کردبـوو. که ژنەکـان گەیشــتنه شــوێنەکەی که لەوێ بەجێیــان هێشــتبوون، ســەیر دەکەن کەسی لـێ نییه. خـاتوو نەزیـره سـەیرێکی سـەعاتەکەی خـۆی کـرد به زەردەخەنەیەکی زۆر خۆشەوه سەیرێکی گوڵزار خانمی کرد و گوتی:

- ئەوەته هیچـــی پـــێ نـــاوێ، وەره بتـــبەم بـــزانه ئەگەر نەچـــووبنه ڕێستۆرانەکه، ئەوسا بڵێ ئەوەتـا سـەعات دوانـزه و چـارەکێکه، ئێسـتا کاک سەیفەدین هەڵی پێچاوین و گوتوویەتی:

- دەی درەنگه با بڕۆین نان بخۆین.

هەردووکیـان بەدەم پێکەنـین و گـاڵتەپێکردنی سـەیفەدین و دکتـۆرەوه ڕوویـان کـرده ڕێسـتۆرانەکه که ئەمیـان لەبەر چاوباشـقاڵی و ئەوی دیکەیان لەبەر مشووری نانخواردن و باسی گۆشـت و کەبـاب و کەی ڕێستۆران دەکرێتەوه و سەعات چەند، ئیتر دەرگا له کەس ناکرێتەوه،

لەوە زیاتر ئەو دوو زەلامە ئاگایان لە هیچی دیکە نییە. خاتوو نەزیرە ئەوەندەی نەمابوو بڵێت:

- کەوا مامۆستای مێردیشی لەبەر سکاڵانامەکانی و جانتای کاغەز و نووسینەکانی ئەویش خەمی دیکەی نییە لەوە زیاتر. بەڵام قسەکەی کرد بەژێرەوە، نەیویست مێردەکەی بخاتە ڕیزی ئەوانی تر، چونکە هیچ نەبێت ئەو باسی نووسین و بیر و کتێب دەکات کە باسێکی بەکەڵک و بەنرخە، ئەگەرچی ئەویش ئەوەندە باسی دەکات و ئەوەندە دەبۆڵێنێ کە ماوەی نەدراوەتێ ئەم نووسین و سکاڵانامەیەی بخوێنێتەوە و ئەوەندەی لەسەری دەڕوات و نایبڕێتەوە، خەڵک بێزار دەبێت لێی و لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

- ئۆهـ باوکم خۆزگە هەر نەخوێندەوار بوویتایە و ئەم سکاڵانامەیەت نەنووسیایە. دڵمان بوو بە سکاڵانامە، دە بەسە ئیتر.

گوڵزار خانم خاتوو نەزیرەی لە خەیاڵ دا و گوتی:

- بە خوا ڕاستت کرد. سەیر کە ئەوەتا لە بەرامبەر ڕێستۆرانەکە دانیشتوون و ئەوە بێگومان چاوەڕێمان دەکەن.

سەیفەدین کە چاوی پێیان کەوت کە وا دێن بەرەو لایان، هەستایە سەر پێ و بەدەم ئەم قسانەوە:

- ئەرێ وەڵا ئەوە هاتنەوە. دیارە ئەوانیش برسییانە، ئاخر خەریکە درەنگ دەبێت.

مامۆستا شەوکەت وەرامی دایەوە و گوتی:

- درەنگی چی دەبێت؟ ئەوە نییە هێشتا دەرگاکە نەکراوەتەوە؟

- سەیفەدین بە گەرمییەوە گوتی:

- کو دەرگا نەکرایتەوە مامۆستا؟ ئەمە چەند چین چوونە ژوورەوە ئەتوو دەنووسی، ئاگات لێ نییە.

ژنەکان گەیشتن و سەلامیان کرد. سەیفەدین پێش ئەوەی وەرامی سەلامەکەیان بداتەوە، چاوی گێڕا و گوتی:

- ئەدی کوا دکتۆر؟

خاتوو نەزیرە گوتی:

- دکتۆر بە تەمای مەبن، لەگەڵ جەماعەتێک دانیشتووە ڕێگەوبانی لەندەنیان پیشان دەدا.

نان خورا و هەر کەس چووە ژووری خۆی، جارێکی تر هاتنەوە دەرێ و پێکەوە لە دەوری یەک دانیشتن. ئەحمەد بەگ سەیری دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

- دەی ئەوەندەمان نەماوە. سەیری خەڵک بکەن، هەندێکیان چەند تاقەتیان چووە و بێزارن، ئێستە سەعات حەوتە، ئیتر وا شەو داهات، ئینشائەڵا بەیانی لە جزیرەکەین.

مامۆستا شەوکەت دەستێکی دا لە عەینەکەکانی و هەندێ کۆکی و دوایی گوتی:

- بە خوا تا نەگەمە جزیرەکە، باوەڕ ناکەم. دەترسم دیسان شتێکمان بۆ بدۆزنەوە.

گوڵزار خانم بە ترس و سڵەمینەوەوە وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئەیەڕۆ خوا نەکات، ئێستە سەعات حەوتە. سەعاتێکی تر و بۆ هەشت پاپۆڕەکە دەکەوێتە ڕێ. وەڵا ئەمشەو و سبەینێش هەر لە ناو ئەم پاپۆڕەدا بمێنین، من تەواو هەر بە جارێک دەمرم بۆ خۆم.

خاتوو نەزیرە بە هەندێ هەڵچوون و تووڕەییەوە گوتی:

- وەی خوا نەکات هیچت لێ بێت، بەڵام بە ڕاستی ناخۆشیان کرد. ڕەبی حەواڵە بە خوا بن.

ئەحمەد بەگ سەیری کردن و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- وا دیارە ئەوەندەی نەماوە ئێوە وەک ئەو خەڵکەتان بەسەر بێت. نیوەڕۆ کە لە ڕێستۆرانەکە هاتینە دەرێ، چووم لەو دوکانە قوتوویەک کلینکس و فرچەیەکی ددان بکڕم. دوو پیاو بەربووبوونە یەکتری و تێر و پڕ لە یەکتریان دا، هەروەها ژن و پیاوێکیش دیسان شەڕیان بوو و ژنەکە دەگریا، کەچی خەڵکی دیکەش هەن ئەمەندە ئەم دواکەوتنەیان پێ خۆشە نەبێتەوە. لە ناوەڕاستی ئەم دەریا خۆشەدا

ئەم هەموو دیمەنە جوانانە و نانخواردن بە بەلاش، لەبەر ئەوەی دوا کەوتین و جێی پشووودانی زۆر و ئیتر بۆچی ناخۆشە، دە تۆزێ سەبرتان هەبێت. وەڵا من هیچ سەغڵەت نیم.

لەو کاتەدا سەری سەیفەدین و دکتۆر دەرکەوتن. بە ڕوویەکی خۆشەوە گەیشتنە لایان و هەر لە دوورەوە سەیفەدین دەنگی بەرز کردەوە و گوتی:

- شکور ئێستە دەکەوینە ڕێ.

ئەو وای گوت و پاپۆڕ جووڵەجووڵی پێ کەوت. هەموو دڵیان خۆش بوو.

سەیفەدین سەرکەوتوانە کە قسەکەی ڕاست دەرچوو، لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

- ئەدی کو، بە خودای تاوەکو کن لێخوڕەکەش چووم و چاوم لێیان بوو کە خۆیان ئامادە دەکرد. ئەوان گوتیان سەعات هەشت، کەچی وا حەوتە. شکور سەعاتێک زووتر.

مامۆستا شەوکەت کە دیار بوو دڵی لای قسەکانیان بوو، گوتی:

- دەبا ئەم جارە وا بێت. ئەوەتی دونیا هەیە، بۆ هەموو شتێک دەڵێن ئێستە دەبێت و ئێستە دەکرێت، کەچی هیچی لە کاتی خۆیدا نابێت و

سـەعات و دوو سـەعات و سـێ و چـواریش دوا دەکەون. دەبـا ئەم جارە بە پێچەوانەوە بێت.

خەڵکەکە دڵیـان خـۆش بـوو. کۆمەڵێ کـچ و کـوڕی هەرزەکـار لەو نزیکـانەوە بوون. کە پاپۆڕ کەوتە ڕێ و جووڵایەوە، کەوتنە قریشکە و چەپڵەلێدان. پاپۆڕ کردی بە ڕاست و گوڕی دایە خۆی، هەر وەک بەو هەموو کەسە بڵێت:

- ئیتـر بەرۆکـم بەردەن و لە کـۆڵم بـنەوە، وا کەوتـمە ڕێ، بەس ببۆڵێنن، خەتای من چییە؟ زەلامەکانی خۆتان دەمهێنن و دەمبەن، ئیتر بۆچی ئەوەندە بەر لەقەم دەدەن و دەمدەنە بەر چەپۆک و شـتم پیـادا دەکێشن. ئەوەیە کە دەڵێن بە کەر ناوێری، بە کورتان شێری.

جەمـاعەت و خەڵـکەکەش خەریکـی نـانخواردن بـوون و تـا درەنـگ هەندێ ڕایان بوارد. ئیتر هەندێکیش ویستیان بچنە شوێنی پاڵکەوتن و نووستنەکەیان. ئەمانیش هەر کەسە چووە ژووری خۆی.

سـەیفەدین و دکتـۆر هـاتبوونە ژوورە بچکـۆلە تەنگەکەیـان کە هەر ئەوەندە جێ بـووەوە ئەو دوو شـوێن نوسـتنەی تیای بـوو کە بتـوانن بنون. سەیفەدین بەدەم داکەندنی پێڵاو و گۆرەوەییەوە گوتی:

- یا ڕەبی ماڵت ئـاوا بێ خـوایە گیـان. وا ئیدی کەوتینە ڕێ. ئـاهوو، ئەمە چەنـد ڕۆژە ئەمـن ژن و منـداڵ و ئەو ئـیش و کـارەم بەجـێ هێشتییە.

دکتـۆر دیـار بـوو زۆر خەیـاڵی لای نەبـوو و دڵـی لای خێـزانەکە و کچەکەیـان بـوو کەوا دەیانویسـت بـێن بـۆ لەنـدەن. بـۆیە بـێ ئەوەی تێکەڵی بۆڵە و گلەیی سەیفەدین بێت و ئەویش خۆشـی یـان ناخۆشـیی خۆی لەسەر ئەم سـەفەرە دەرببڕێت، سـەیرێکی سـەعاتەکەی دەسـتی کرد و گوتی:

– ئۆهـ هێشتا زووە بۆ نوستن. من ئێستە خەوم نایەت، دەچم هەندێ بە ناو ئەو خەڵکەدا دەسووڕێمەوە.

سـەیفەدین کە هەر خەریکـی خـۆی و جلـوبەرگ بـوو و خـۆی بـۆ پاڵکەوتن و نوستن ئامادە دەکرد، بەدەم ئەو کارانەیەوە گوتی:

– کورە بابە زووی چییە؟ سەعات لە ١١ یـازدە تێ پەڕیوە. ئەمن بۆ خۆم دەنووم.

دکتۆر گوتی:

– یاخوا خەوی خێرت بێت، بەڵام من نانووم، دەچمە دەرێ.

دکتۆر وای گوت و دەرکی دەرکەی کردەوە و چووە دەرێ.

سەیفەدین بەدەم باوێشک و پاڵکەوتنەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی:

– دەزانم بۆ دەڵێی و بۆ چووی. بە خـودای بۆ لای ئەو مـاڵە دەچـی و لەبەر ئەو کچەیان دەچی.

سەیفەدین وای گوت و پەتووەکەی ڕاکێشایە سەر خۆی، هەر زوو خەوت لێ کەوت. ئەوەندە کفت و ماندووی ئەمبەر و ئەوبەر بوو، ئەوەندەش ئەو ئێوارەیە نانی خواردبوو.

ڕێبواری ناو پاپۆڕەکەش دەتگوت لە خۆشیی ڕۆیشتن خەویان لێ زڕابوو، بۆیە تازە دانیشتنیان بە کۆمەڵ کۆمەڵ گەرم کردبوو. هیی وا هەبوو کەوتبووە گۆرانیگوتن و چەپڵە و قاقالێدانیش. بەڵام دکتۆر ئاواتی نەهاتە دی، چونکە هەر دەگەڕا و خێزان و کچەکەیانی لێ گووم بووبوو، هەرچەندە ئەمسەر و ئەوسەری پاپۆڕی کرد. یەک دوو جار سەرکەوتە سەرێ و هاتە خوارێ، بەڵام فایدەی نەبوو. بە ناچار بۆ خۆی لە پەنایەک دانیشت، دەستی دایە پاکەتە جگەرەکەی، جگەرەیەکی دەرهێنا و خستیە بەینی لێویەوە و بەدەم خەیاڵی پەرشوبڵاویەوە دەستی گێڕا بۆ شخارتەکە کە جگەرەکەی داگیرسێنێت، بەدەم ئەو خەیاڵەوە سەری بادا و گوتی:

- ئاخ، کاشکی ئەوانیش بە فڕۆکە و تەیارەکەمان دەهاتن بۆ لەندەن. سەیری ئەو ڕێکەوتە بکە چەند خۆش دەبوو ئەگەر پێکەوە بووینایە. بە خوا بە چاوتروکانێک هەموو کارەکانیانم بۆ جێبەجێ دەکردن، هەتا ئەگەر بەو پەلەپەلە فلات و شوقەشم دەست نەکەوتایە. دەمبردنە

ماڵەکەی خۆم. بەڵام ئاخ، ئەوان سێ ڕۆژ لە جزیرەکە دەمێننەوە و وایان حجز کردووە لەبەر ئەو خزمەیان کە لەوێ ئیش دەکات.

دکتۆر بەو دانیشتنە کەوتە خەیاڵێدان کە (ڕۆزە)ی هەژدە بیست ساڵەی کچیان ئاشقی خۆی کرد و ئەوەندەشی نەمابوو بیهێنێ تاوەکو ئەوەیشی بیر چوو کە بەراوردی تەمەنی بکات لەگەڵ تەمەنەکەی خۆیدا کە بە لای کەمەوە چل ساڵیان فەرق بوو. ئەوە بێجگە لە شتی نالەباری تری، بەڵام ئەوە بوو کە وەکو زۆر پیاوی تری کورد کە بە هەزار فرتوفێڵ خۆیان دەگەیاندە وڵاتانی ئەورووپا، ئینجا لەجیاتیی هەموو کردەوە و پیاوەتییەک، یەکسەر دەکەوتنە چاوبڕکێ و چاوبەدووگێڕانی کچ و ژنی ئەورووپی کە هەندێکیان هەر ڕاست بەقەد نەوەکانیان دەبوون و زۆر بێشەرمانە لە شوێنی قەڵەباڵغی وەک ئێستگەکانی شەمەندەفەر یاخود شوێنی چڕی تر لە سەر کورسییەک یا بە سەعات بە پێوە ڕادەوەستان تاوەکو سەیری ئەو کچ و ژنانە بکەن. ئیتر ئەو کابرا چاوبڕکێکەرانە بە جارێک نە خەجیج خانی ژنی لە بیر دەما و نە ئەوانی دیکەش شەمسە و ناجی و مونیرەیان بیر دەما کە ژنە بێچارە ماندووەکانیان بوون.

لە ژووری مامۆستا و خاتوو نەزیرەش بەزمێکی تر ڕووی دابوو. مامۆستا کەوتبووە ناو کاغەز و نووسینەکانی. ئەمی هەڵگرت ئەوی

تری دەپێچایەوە، ئەمی قەد دەکرد، جارێکی تر بۆ دڵنیایی ئەوی دیکەیانی دەکردەوە و جارێکە کە عەینەکەکەی لە سەر لووت و چاوی خۆی دەجوولاندەوە و ڕێکی دەخست و بە جوانی دیسان سەردێڕەکانی دەخوێندەوە و قەدی دەکردنەوە و دەیخستنە ناو جانتاکەیەوە، بەڵام جارێکی تر هەڵی دەڕشتنەوە و دەکەوتە پشکنین و کردنەوە و پێچانەوە و سەردێڕخوێندنەوە. خاتوو نەزیرەی ژنیشی لەژێرەوە هەر سەیری دەکرد و بە ئەسپایی دەستی بە دەستدا دەدا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئامان صەدەق لە کاری خوا، دە تو خوا وەرە بتوانە ئەم دیمەنە هەر لە بەر چاوت بێ.

ئاخری چاری نەما، ڕووی تێ کرد و بە هەندێ توندییەوە گوتی:

- ئەوە بەس نییە؟ ئەوە ماندوو نەبووی؟ لە ڕێی خوادا خەریکم یەخەی کراسەکەم دادڕم. ئەمە تۆ بۆچی دەگەڕێیت؟

مامۆستا شەوکەت سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کرد و بە تووڕەبوونەوە گوتی:

- ئەوە باسی کێ دەکەیت و چی دەڵێیت؟ ئەم کارەی من چەند حەقی هەیە بەسەرتەوە؟ بانگم کردوویت کە بێی کاغەزەکانم بۆ ڕێک

بخەیـت؟ ونبـووەکەم بـۆ بـدۆزیتەوە؟ ئەم بـۆڵە و یەخەی کـراس دادڕانەت لە چییە؟ بۆچی بۆ خۆت نانوویت؟ کەس ڕێی لێ گرتووی؟

خاتوو نەزیرە هەندێ دەنگی نزم کردەوە و گوتی:

– کـورە بـابە ئەمە ئەوەتـی هـاتووینەوە ژووری، ئەمە پـازدە جـار جانتات هەڵڕشت، پڕت کردەوە، لەم ژوورە دوو بست و نیوەدا چۆن دەتوانم بنووم و تۆ ئەوەندە کاغەز هەڵگری و دای دەنێیت و زیقەی جانتـا و خشـپەی کیسـەی نـایلۆن کە تیایاندا دەیپێچیتەوە، وا دەزانـی ئێسـتە یەکێک دێت و پڕیان پیادا دەکات و دەیانفڕێنێت. خۆ تۆ ئەم سـەفەرە چەنـد ڕۆژیـیە ئاگـات لە خـۆت نەبـوو لەبەر ئەم نووسـینە گەوهەر و زێڕینانەی نووسیوتن.

مامۆستا شەوکەت بەبێ گوێدان و بەبێ تووڕەبوون لە قسـەکانی ژنەکەی، بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت لە سەیرکردنی کاغەزەکانی، گوتی:

– وا بزانم بۆ خۆت بنوویت باشترە، ئەگەر دەزانیت چیم لێ ون بووە و بۆچی دەگەڕێم، تۆش وەکو منت لێ دێت.

مامۆستا شـەوکەت لە ژێر عەینەکەکەیەوە سـەیرێکی ژنەکەی کـرد و گوتی:

– تۆ دەزانـی بلیتەکـانی تەیـارەکەم گـووم کـردووە، هیـی مـن و تـۆش، ئەوە گـوتم بـا خەفەتـت نەدەمـێ، بـۆیەش چەنـد جـار لـێم پرسـیت کە

بلیتەکـان لە جانتـا دەسـتییەکەتدا نیـیە، تـۆ هەر بە باشـی جوابـت نەدامەوە.

خاتوو نەزیرە بە حەپەساوییەوە گوتی:

– ئەیەڕۆ بۆ خاتری خوا، ئەمە چەند جار پێم گوتی؟ ئەحمەد بەگیش پێی گوتی کە هیی هەموومان لای ئەوە و ئەو ڕۆژەی گەیشتینە جێ و تووشـی ئەو شەڕەشـەقی ڕێگـە و قەڵەبـاڵغییەکە بـووین، هەمـوو بلیتەکان لای ئەو مانەوە و هەموو پێمان گوت کە با لای یەک کەس بێت لەبەر ونبوون، تۆ خۆشت وات بە باش زانی. ئیتر بلیتی چی و ونبوونی چی.

مامۆستا شەوکەت ڕاپەڕی و دڵی خۆش بوو و گوتی:

– ئەوە بە ڕاستە؟ یاخوا مژدەی خێرت بدەنێ، بە زاتی خوا بیرم نەمابوو. وام دەزانی کە گوومم کردوون. ئۆخەیش، دڵم ئارام بوو. ئیتر وا منیش دەچم جلم دەگۆڕم و دەنووم.

مامۆستا شەوکەت یەک دوو جار لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەلحەمدولیلا، وا نەبوایە دەبوو بلیتی تر بکڕین تاوەکو ستۆکهۆڵم. هەر ئەوەمان کەم بوو. خوا دەیزانی بایی چەند دەبوون، ئینجا کوا پارەمان ئەوەندە پێ دەبوو و لە کوێ پارەم بهێنایە.

ئەحـــــمەد بەگ و گـــــوڵزار خـــــانمیش لە ژووری خۆیـــــان بەدەم خۆئامادەکردن و جانتا پێچانەوەوە خەریکی مشتومڕ و قسـە و باس بوون.

گوڵزار خانم هاتبوویە قسە و گوتی:

- بـزانم سـبەینێ ئینشـائەڵا کە گەیشـتینە جزیـرەکە و فرۆکەخـانەکەی، بەشکم لەوێ شتێک بکڕم بۆ منداڵەکان. داخی ئەم لیستە دوورودرێژەی بۆیان کردووم. هیچ نەبێت دەبێت شتێکی بچووکیان بۆ بکڕم.

ئەحـمەد بەگـی مێـردی کە خەریکـی پەتـۆ و جێگـەکەی بـوو کە پـاڵ بکەوێـــت، بەدەم ئەو کـــارەیەوە بە زەردەخەنەیەکـــی تەوســـاوییەوە وەرامی ژنەکەی دایەوە و گوتی:

- ئاخر تۆ نازانی شێرزادی پاڵەوانی مامیان چۆن باسـی سـەفەرەکەی بۆ دەکـردن. هەر ئەوەنـدەی نەمـابوو کە هەنـدێکیان بڵـێن خۆزگەمـان بەوان، دەبا ئێمەش بەرن لەگەڵ خۆیان. ئیتر ئەوە بوو گوتیـان کەواتە لەجیـاتیی هـاتن، لیسـتەتان بـۆ دەکەیـن شـتمان بـۆ بێـنن. هـاتن نابێت، چونکە ئێوە بە ناو و بە ژمارە دەعوەت کراون.

گوڵزار خانم دەستی دا بە سنگی خۆیدا و گوتی:

- ئۆهـ لە چاو نەچین بۆ خۆمـان دەعـوەت و بە ژمـارە و ناومـان. خـۆ هەموومـان نیوەڕۆح بـووین و نـاوی خۆشـمان لە بیر چـووەوە لەتـاو

ئەم سەفەر و دەعوەتە. یاخوا هەر دوژمنم بانگ کرێتە کۆنفرانس و دەعوەتی وا.

ئەحمەد بەگ ڕاپەڕی و گوتی:

- بۆ بۆ؟ نە یەک جار وا، وەڵا لای من ئەوە نەبێ کە خەڵکەکە یەکجار زۆر بوون و کەس نەیتوانی و دەرەقەت نەدەهاتن ئەو هەموو لێشاوی خەڵکەکە لە هەموو جۆر و پلە و چین بوون بە ڕێکوپێکی ئیدارە بکەن، بۆیە پەت پسابوو و کەس بە کەس نەمابوو. ئەو هەموو جۆرە خەڵکە کە هەر لە سەرەککۆماری کۆنی وڵاتانیان تیادا بوو تاوەکو وەزیر و جەنەراڵی کۆن و پیر لەگەڵ خەڵکی هەرزەکار و شێت و شووریش کە بە خێرێ بە ناوی لێقەوماوەوە بانگ کرابوون تاوەکو دکتۆر و پرۆفیسۆر و نووسەر و گۆرانیبێژ و بازیگەری سینەمای وڵاتان و میللەتان. دە ئەمە ئەم حاڵە؟ چۆن کۆنترۆڵ دەکرا؟ بۆیە نەدەتوانرا بە ڕێکی ئاگاداری میوانەکان بن و بە چاکی کاریان بۆ جێبەجێ بکەن. هەموو خەتای ئەو کەسانە بووە کە ویستبوویان کارێکی بێ فەرق و جیاوازی و لە هەموو جۆر کەس بەرپا بکەن، گوایە ئەمە کۆنفرانسی حقوقی ئینسان و لێقەوماوانی دونیا بوو، بەڵام وەکو گوتم، بەینێکی تر دەبێتە یادگارییەکی خۆشی لەبیرنەچوو. هەر کەسێک هاتبێ بۆ ئەم کۆنفرانسە، وا بزانم تا بەینێکی زۆر هەر باسی

دەکات و ڕووداوەکانی بۆ کەسوکار و ئاشناکانی دەگێڕێتەوە. بە لای منەوە ئەوەندە واش نییە وەکو ئێوە باسی دەکەن. خۆی دیمەنگۆڕین و بینینێکی کەموێنە بوو.

گوڵزار خانم دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

- ئەشهەدوبیللا سینەما و گۆڕین و بینینێکی بێوێنە بوو.

نزیک سەعات پێنجی بەیانی سەیفەدین خەبەری بووەوە و گورج ڕاپەڕی و بە دەنگێکی گڕی خەواڵوویی، بێ ئەوەی گوێ بداتە دکتۆری نوستوو، گوتی:

- ئای، با ئیتر هەستین، خۆ خەریکین دەگەین، لە سەر جێگەکەی هەستا و بە پەلە خۆی گەیاندە پەنجەرەکەی ئەولایان و چاوی پێوە نا و بە خۆشییەوە گوتی:

- ئەی بە قوربانی خودا بم، خۆ وا چرا و گڵۆپ دیارن.

ئاوڕیشی لە دکتۆری نوستوو دایەوە و گوتی:

- کاک دکتۆر، شکور خەریکین دەگەینە جێ. ئەگەر وردەوردە هەستی باشە.

دکتۆر جووڵایەوە و خۆی هەڵگێڕایە سەر لایەکی تری و بە بۆڵەی خەواڵووییەوە گوتی:

- بۆچی سەعات چەندە؟ کورە کاکە هێشتا زۆر زووە.

ســــەیفەدین کە هەر چـــاوی بڕیبـــووە ئەو چـــرا و ڕوونـــاکییە دووردوورانەی بە حاڵ لە هەندێ لاوە دیار بوون، گوتی:

- سەعات نزیک شەشە. تا خۆمان کۆ دەکەینەوە و تاوەکو خۆمان دەگۆڕین و نانێ دەخۆین، دەبێتە درەنگ. وا بزانم هەستی باشە.

دکتۆر لە تووڕەییدا خەریک بوو پەتووەکەی هەڵدات و بۆی هەستێت. بەڵام خـۆی گـرت، چـونکە زۆری خەو دەهـات و حەزی دەکـرد لـێ گەڕێت کە بنوێت. بۆیە بە هەندێ توندییەوە گوتی:

- کـورە کـاکە بـۆچی وازم لـێ نـاهێنی بنـووم؟ هێشـتا نیوەشـەوە. سـەعات شـەش هەسـتم چـی بکەم؟ ئێمە ڕەنگە تـا سـەعات یـانزە و دوانزە دانەبەزین، خۆکۆکردنەوەی چی؟ باروبارخانەمان پێیە؟ خۆمم و دەستە جلەکەی بەرم و ئەو جانتا بچکۆلەیەم.

دکتۆر بۆڵەیەکی تری لێوە هات و سەری داپۆشی و نوستەوە.

سەیفەدین بە نیوەتووڕەبوونەوە گوتی:

- باشە بابەکەم، تۆ لۆ خۆت هەر بنوو، ئەمن لەبەر ئەتوومە، دەنا ئەمن هەقم چییە.

سەیفەدین کەوتە خۆکۆکردنەوە و خۆحازرکردن و خۆپێچانەوە و بە جانتاوە و بە یەکجاری لێیدا چووە دەرەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- شەرت بێ نەیەم خەبەرت بکەمەوە. هەر لێرە بمێنەوە بۆ خۆت.

سەیفەدین چووە دەرێ. هێشتا کەس دیار نەبوو، زۆر زوو بوو، بۆیە هەر هات و چوو بۆ ئەملا و ئەولا و جانتا بچووکەکەشی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. ئاخری ناچار لەبەر قەراخی شوێنێکی فراوانی خۆش کە بە سەر دەریاکە و دەوروبەریدا دەیڕوانی، هەندێ ڕاوەستا. دیمەنەکە یەکجار جوان و دڵڕفێن بوو، بە تایبەتی هەواکەشی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو. ئەو بەیانییە ئاسمان ساف و ساکار بوو، چەند پەڵەهەوری سپی نەبێ کە ئەویش دەتگوت بۆ جوانکردنی ئاسمان لەوێدا ماون. مانگ ئاخروئۆخری بوو، هەرچەندە ڕووناکیی زۆر نەبوو، بەڵام هەر دەتگوت گەوهەرێکی گرانبەهایە لە ناوەڕاستی ئەو ئاسمانە ساکارە و ئەستێرەکانیدا. هەرچەندە دنیا هێشتا تاریک بوو و دیمەنەکان بە باشی دیار نەبوون، بەڵام هەر دیمەنی ئەو دەریا بێپایانە و شەپۆلەکانی دیار بوون، بە تایبەتی کە چرا و گڵۆپەکانی پاپۆڕەکە لە هەندێ شوێنەوە دیار بوون و شەوقیان دەدایەوە.

سەیفەدین بە ماتی ڕاوەستا و سەیری ئەو دیمەنە جوانانەی کرد. بەڵام هەر وەک لە دڵی خۆیدا سەرزەنشتی خۆی بکات کە دکتۆر ڕاستی دەکرد ئەوەتە کەس دیار نییە ئەو نەبێت، بۆیە زۆر کەس بە هەڵەشەی دادەنێن، سەرباقیی دەردانیش، خەریک بوو بچێت لە دەرگای ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانم و مامۆستا شەوکەت و خاتوو

نەزیرەش بدات و بڵێت هەستن درەنگە، بەس نەبوو نەچوو، هەر بە تەواوی دەیانکرد بە کێودا. باشە مەگەر ئەوانیش سەعاتیان نییە؟ ئەوانیش بە تەنگ ئەوەوە نین کە زوو هەستن و فریا بکەون، زوو بگەن و زوو دەرپەڕن و بڕۆن؟

ئەوە بۆچی واز لەو خوو و تەبیعەتە ناهێنی و دەرەقەتی خۆی نایەت کە هەندێ خۆی دوورەپەرێز ڕابگرێت و ئەوەندە خۆی نەخاتە ئیش و کاری خەڵکەکەوە و ئەوەندە لە کارەکانیان هەڵنەداتێ؟

سەیفەدین هەر وەک کابرا گوتەنی بڵێت ئیتر (ئاوهایە و ئاهـ)، ناگۆڕێم و تەبیعەتم وایە، گوێ نادەمێ و خۆمی پێ سەغڵەت ناکەم، دڵم پاکە و هیچ خراپەم نییە، دەبا وا هەڵەوەر بم. بۆیە دیسان گوڕی دایە خۆی کە بە لایەکی تردا بڕوات، دڵێشی بەوە خۆش کرد کە ئەگەر وا زوو هەڵنەسایە، ئەم دیمەنە جوانە دڵڕفێنەی نەدەبینی و ئەم دیکۆر و تابلۆ نایاب و نازدارانەی نەدەبینی کە خوای گەورە دروستی کردوون و کێشاونی کە هەر ئەو نەقش و نیگار و هونەرە بەرز بەرزانە لە خۆی دێت، خۆی تەنیا دەزانێت چۆنیان دروست دەکات، ئیتر خەریک بوو وردەوردە دنیا ڕوون دەبووەوە.

خشپە و تەپە و دەنگەدەنگیش وردەوردە خەریک دەبوو پەیدا دەبوو.

سەیفەدین لە دڵی خۆیدا وای دانا کە نەچێت بە لای کەسەوە و هەقی نەبێ بەسەریانەوە و کەس خەبەر نەکاتەوە، لە هەمووشی باشتر ئەوەیە کە بچێت بەرامبەر دەرکی ڕێستۆرانەکە لە سەر ئەو کورسییە خۆشانە دانیشێت، چاویشی لەو دیمەنە جوانانە بێت کە لە پەنجەرەکانەوە دیارن، هەروەها دەشتوانێت بۆ خۆی چاویشی لێک بنێت و بنوێت.

ئەوەندە نەبوو کە سەیفەدین کورسی و شوێنێکی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو کە هەر ڕاست بەرامبەر دەرکی ڕێستۆرانەکە بوو و جانتاکەشی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو و قۆڵ و ئانیشکی خستبووە سەر، کەچی هەر دوای تۆزێک ملی خوار ببوو و بۆ خۆی خەوی لێ کەوتبوو. دونیا ڕووناک بووەوە، خەڵک هاتن و چوون، دەرکی ڕێستۆران کرایەوە، سەیفەدین بۆ خۆی خۆی کزۆڵە کردبوو و بە دانیشتنەوە خەوی لێ کەتبوو. لای سەعات هەشت و نیو مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرەش گەیشتنە ئەوێ. هەر لە دوورەوە خاتوو نەزیرە مامۆستای مێردی ئاگادار کرد و گوتی:

- چاوت لێیە، بە خوا ئەوە سەیفەدینە، وا دیارە زوو هاتووە و ئێستە خەوی لێ کەوتووە، ئەو وای گوت و سەیفەدین چاوی کردەوە و خەبەری بووەوە. کە چاوی پێیان کەوت، بە ڕوویەکی خۆشەوە هەستایە

سەرپێ و هەر لە شوێنی خۆیەوە بەخێرهاتنی کردن و هەواڵی پرسین، جێی بۆ گرتن و پەلاماری جانتاکانی دان و لەگەڵیان دای نا.

مامۆستا شەوکەت بە سەرسوورِمانێکی نادیارەوە گوتی:

– ئەوە خێرە وا لێرە خەوت لێ کەوتووە؟ ئەی کوا دکتۆر؟

سەیفەدین دەستێکی دا لە ملی و پشتی ملی و گوتی:

– وەڵا دکتۆرم بەجێ هێشت. لە ژوورەکە بوو و گوتی ئەمن خەوم دێ و ئێستا هەڵناسم.

لەو کاتەدا ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانمیش بە جانتا و کەلوپەلیانەوە گەیشتن و ئیتر هەموو خەڵکەکە دڵیان خۆش بوو و خۆیان ئامادە کردبوو بگەنە جێ. بۆیە بەشێکیان بەرەو شوێنی چاخواردنەوە و پاروکرِین و رِێستۆرانەکە دەچوون و دەهاتن. ئەحمەد بەگ و ژنەکەی سەلامیان کرد، بە رِوویەکی خۆشەوە رِوویان کردە سەیفەدین و گوتیان:

– ئەی دکتۆر کوا؟ ئەوە بۆ لێرە نییە؟

سەیفەدین بۆ ئەوانیشی گێرِایەوە کە ئەو گوتوویەتی من خەوم دێت و هەڵناستم. ئەوانیش سەریان سوورِ ما و گوتیان:

– چۆن؟ خۆ ئەوەندەمان نەماوە، رِەنگە فریای بەرچاییش نەکەوێت.

سەیفەدین بە باسی بەرچایی و نانخواردن بە جارێ هەڵبەزی و گوتی:

- کوو؟ فریای نانی دەکەوین، خۆ تازە دەرگایان کردەوە.

هەستایە سەر پێ و گوتی دەی با بچینە ژووری چا و نانەکەمان بخۆین. جەماعەتیش دەستیان دایە کەلوپەلەکانیان بۆ ئەوەی بچنە ناو ڕێستۆرانەکە، بە تایبەت کە ئیتر خەڵک دەچوونە ژووری.

مامۆستا شەوکەت گوتی:

- ئەی ئەو کابرایە چۆن بەجێ بهێڵین؟ نابێ خەبەرێکی بدەینێ؟

سەیفەدین بە هەندێ توندییەوە گوتی:

- وەڵا ئەگەر بەجێ مایە، ئەمن پێی ناڵێم. ئەنگۆ نازانن چیی پێ کردم کە گوتم هەستە ئیتر با خۆمان کۆ بکەینەوە وا ئێستە دەگەین.

سەیفەدین جانتاکەی هەڵگرت و پێشیان کەوت بۆ چوونەناو ڕێستۆرانەکە. کە سەری دکتۆر دەرکەوت، هەموو پێیان خۆش بوو و پێیان گوت خەریک بوو ئێستە یەکێکمان بێت بەدواتدا. بۆچی وا درەنگ هاتی؟ خۆ سەیفەدین گوتی خەبەرم کردووەتەوە، کەچی بە توندی جوابت داوەتەوە.

دکتۆر کە بە چاکی خۆی ڕێک خستبوو و بۆنێکی زۆریشی دابوو لە خۆی، بە جۆرێ کە هەندێ کەسی نزیکی لەوانە بوو پێی تێک بچن،

سەر و پرچیشی هەندێ بریقەی دەهات و دیار بوو شتبووی، خەریکی بووبوو و جێڵ و ڕۆن و ئەو شتانەشی لێ دابوو، ئەگەرچی پرچی ماشوبرنجی بوو و زۆر سپی بوو، بەڵام لێی هاتبوو و سەروسەکوت و قەد و قیافەی وەکو دەڵێن زۆر لەبەرچاو بوو و هەمیشە دیمەنی لە پیاوێکی لێوەشاوە دەچوو، بەڵام خۆی لە دەروونـدا وا نەبوو، زۆر پیاوێکی هاونتەچی و چاوباشقاڵ و چاولەدەر بوو، هەر وەکو ئاشنا و کەسی نزیکی دەیانگوت کە ئەگەر بە لای دیوارێکیشدا تێ بپەڕێت، بە دەستی بێت، لایەکی دەکردەوە و خۆی دادەمەزراند و پێی ڕادەبوارد.

دکتۆر وەرامی ئەحمەد بەگ و ئەوانی دایەوە و گوتی:

- باشە ئێوە دەزانن سەعات چەند بوو کە خەبەری کردمەوە و گوتی هەستە درەنگە؟

دکتۆر سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و گوتی ئێستە سەعات هەشتە، هێشتا پێنج نەبووبوو کە دەیویست هەستم و هەڵی ساندم. باشە من سێ چوار سەعات لەوەوپێش چیم بکردایە؟ پێشم گوت کورە کاکە گیان، خۆپێچانەوە و ئامادەکردنی چی؟ چیمان هەیە؟ پێش سەعاتێک هەڵدەستین.

بەدەم ئەم قسانەوە چوونە ژووریٚ. سەیفەدین لە پێشی پێشیٚ بوو، شتەکانی خۆی هەڵگرتبوو کە ئەمان گەیشتن. ئەو چوو بەرەو مێزێکی شەش کەسی کە دیسان مامۆستا شەوکەت بە دیار جانتاکانی هەموویانەوە دانیشتبوو. سەیفەدینیش چوو لەویٚ دانیشت و چاوەڕێی ئەوانی تریان کرد ئەوانیش بەرەبەرە گەیشتنە جیٚ.

دکتۆر شتەکانی دەستی دانا و سەیرێکی سەیفەدینی کرد، هەر وەک دوایی بیری لیٚ کردبووەوە کە نەدەبوا وا وەرامی سەیفەدین بداتەوە کە خەبەری کردەوە، بۆیە بە زەردەخەنەوە گوتی:

- ها کاک سەیفەدین؟ چەند سەعاتە هەستاوی؟ ئەی نەمگوت هێشتا زووە؟ بزانە لە کەیەوە هەستاوی و چاوەڕێی.

سەیفەدین بەدەم قەپاڵگرتن لە پارووەکەیەوە گوتی:

- هیچ پەشیمان نیم کە زوو هەستام. بۆ خۆم ئیتر سەیری دیمەنی جوانم کرد.

مامۆستا شەوکەت هەڵی دایێ و گوتی:

- بۆ خۆی تێریش نوستبوو. کە هاتین، تازە خەبەری بووەوە.

سەیفەدین فڕێکی گەورەی لە چایەکەی دا و پارووەکەی قوت دا و گوتی:

- بڵێم چی؟ بە خوا من ئاوهام. ڕۆژی سەفەر حەز دەکەم زوو خۆم حازر بکەم و ئارامم لەبەر دەبڕێت.

مامۆستا شەوکەت لە دڵی خۆیدا گوتی: ئینجا هەر بۆ سەفەر وایت؟ ئەی بۆ هاتنە شوێنی نانخواردن و ڕێستۆران و پارووگلاندن؟ لەوێش هەر پەلەتە و پێش هەموو کەس پەلاماری دەدەیت. لەو کاتەدا گوڵزار خانم بە ئەسپایی دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی خزمێکمان هەیە لە ئێران، خزمی باوکمە، هەر کەس ناگاتە ئەو بۆ خۆشپرزەکردن و پەلەپەل ئەگەر ڕۆژێ سەفەری لە پێش بێت. جارێک کە ماڵی باوکم لە تاران بوون و خزمەکەمان هاتبوو بۆ لامان بۆ سەردان و سەر دکتۆر، کە ڕۆژی سەفەرەکەی نزیک بووەوە بگەڕێتەوە بۆ مهاباد، ڕۆژێک چووبوو بۆ ناو شار. کە گەڕایەوە ماڵێ، بە پیاوی ماڵەکەمانی گوت بێزەحمەت بڕۆ لەو نزیکانەتان قاڵبێ بەفر بکڕە و ئەو چەند شووشەیە پڕ بکە لە ئاو و لەگەڵ بەفرەکە بیخەرە ناو سندوقەکەوە کە کڕیومە و لە پشتی ئۆتومبیلەکەمدایە. هەندێ میوەش بکڕە و بیخەرە ناوی، ژنەکەی گوتی باشە بۆچی؟ ئێمە کەی دەکەوینە ڕێ؟ گوتی: دوو سبەی دوای نیوەڕۆ.

باوکم کە لەوێ بوو، ئەو کاتە گوتی: باشە ئەو ئاو و بەفرە چۆن تا دوو سبەی دەمێنێت، کاکە گیان لە چۆڵی قوڵفەدایت؟ شەڕ و حەرب و پەلاماردان و غەزایە. چۆن لە ئێستەوە ئاو و بەفر دەخەیتە ئۆتومبیلەوە بۆ دوو سبەی؟ ئیتر بوو بە هەرا و پێکەنین و

هەریەکەمان دەمی خۆی گرت و لە ترسی کابرای خزممان ڕای کردە شوێنێک لەبەر پێکەنین.

جەماعەت بە پەلە نانەکەیان خوارد و کەوتنە خۆیان، ئیتر ئەوەندەی نەما کە پاپۆڕ ڕاوەستێت و هەموو دابەزن.

دوای چوار سەعاتێک هەموو لە هۆڵی فڕۆکەخانەکە دانیشتبوون و چاوەڕێی چوونە ناو تەیارەکانیان دەکرد کە بانگیان بکەن. فڕۆکەی لەندەن یەکەم جار بوو. دوای ئەوانیش فڕۆکەی ستۆکهۆڵم بوو. گوڵزار خانم هەندێک دڵی ئاوی خواردبووەوە و وەکو دەڵێن و ئارام بووبوو، لەبەر ئەوەی لە بازاڕی ناو فڕۆکەخانەکەدا چەند وردەشتی بۆ منداڵەکانی کڕیبوو و دانیشتبوو هەر دەیکردنەوە و دەیخستەوە ناو کیسە و جانتاکانی و بە خەیاڵ دابەشی دەکرد. ئەم دوو سەرشانە تەنکە هیندستانییە بۆ دوو کچەکەی و ئەم بووکە ئێسکسووکە جل پەڕپەڕ و جوانە بۆ کاڵێ و نەوە جوانەکەی و ئەو سەعاتە مۆسیقالێدەرەش بۆ نەوە جوانەکەی تری کە ناوی زاگرۆزە. لەو کاتەدا دەنگ بەرز بووەوە کە ڕێبواری فڕۆکەی (بریتش ئێروەیس) کە دەچێت بۆ لەندەن، بێن سوار بن. دکتۆر عادل هەستایە سەر پێ و کەوتە دوعاخوازی لەگەڵم ئەوانی تر کە دەچوون بۆ سوید و کەوا

ئەم چەند ڕۆژە زۆر نزیکی خستبوونەوە لەیەک. گوڵزار خانم ڕووی کردە خاتوو نەزیرە و گوتی:

- تو ئەو خوایە ئەگەر نەیەیت بۆ لامان بۆ لەندەن. بە خوا ڕێ و جێیەکی خنجیلانەمان هەیە، بۆ خۆمان ڕادەبوێرین.

خاتوو نەزیریش چاوی خۆی هەڵگلۆفت لەبەر گریان و دەیگوت:

- وەیش بە خوا زۆرت بیر دەکەم. ئەم ماوەیە زۆر پێکەوە بووین. نەوەڵا حەز دەکەم ئێوە بفەرموونە لامان بۆ سوید. هاوینان سوید زۆر خۆشە، دەوری ماڵەکەمان هەمووی جەنگەڵ و بێشەیە و ئاوەکەشمان لە بەردەمە و زۆر نزیکە.

لەولای تریشەوە دکتۆر و سەیفەدین خواحافیزییان لەیەک کرد، دکتۆر بە ڕوویەکی خۆشەوە بە سەیفەدینی گوت:

- تو خوا کاکە سەیفەدین لێم ببوورە ئەم بەیانییە تووڕەم کردیت.

سەیفەدینیش بە گەرمییەوە دەستی گرتبوو و دەیگوت:

- کورە بابم، ئەوە هەر لە بیری خۆتی ببەرەوە. بە خودای هەر لە بیریشم نەمایە، بە پێچەوانەوە کە گەڕامەوە سوید، زۆرت بیر دەکەم.

دکتۆر گوتی:

- تو خوا با هەر تەلەفۆن لەگەڵ یەک بکەین.

هەروەهـــا ئەحـــمەد بەگ و مامۆســـتا و ئەوانـــیش بەدەم قســـەی خۆشەویستی دەربڕینەوە بۆ یەکتری، هەردوو لا لەیەک جیا بوونەوە. کات نزیکی دووی نیوەڕۆ بوو. دکتۆر عـادل، ئەحمەد بەگ و گوڵزار خانم سوار بوون بەرەو لەندەن. دوای بەینێک فڕۆکە بەرز بـووەوە و کەوتە ڕێ.

- ڕێبواری نـاو فـڕۆکەکە لە دوای نـانخواردن و چـا و قـاوەخواردنەوە ئیتـر هەرکەســەیان خەریکــی شــتێک بــوو. هەنــدێ لەوانەی لای پەنجەرەکانەوە بـوون، کەوتنە سـەیری دەشـت و شـاخ و داخ و ئـاو و دەریا کە یەکجار دیمەنێکی سـەرنجڕاکێش و جـوان بـوون لەو هەمـوو بەرزایـیە هەزار بە هەزارەوە، بە تـایبەت کە مـرۆڤ چـاوی دەبـڕییە دوور و گـورج خڕیـی زەمینـی بـۆ ئاشـکرا دەبـوو. کەواتە ئاسـمان و زەمین چۆن دیار دەبوون؟

دیـار بـوو ئەو کەسـانەی ئەو دیمەنانەیـان دەبینـی، هەر کەسـە بەپێـی لێزانـی و خوێنـدەواریی خـۆی بیـری لـێ دەکـردەوە، هیـی وا هەبـوو گـورج ئەو فیلمە جۆشـهێنەر و دڵڕوونکەرانەیـان دەهێنایـە بەر چـاوی خۆیـــان کە لە تەلەفزیۆنـــدا پیشـــان دەدرێـــن، ئەو فـــیلمە نایـــاب و سەرسـووڕمانکەرانەی کە کـاتێ مـانگی دەسـتکرد دروسـت دەکرێن و ڕەوانەی ئاسمان دەکرێن، یاخود ئەو ئێسـتگانەی دەنێـررێن بۆ ئەوێ،

جـاری وا هەیە بە چەنـد مانـگ بە سەرنشـینە پاڵەوانەکانیـانەوە لەو ئاسمانە دەمێنن بۆ تاقیکردنەوە و دۆزینەوەی سەدان چارە و عیلم و زانـین و پێشـکەوتن لە ڕووی فەزا و زەمیـنەوە، ئەوانەی ئەو فیلمانـە دەگرن و ڕەوانەی سـەر زەمینی دەکەن. لەمبەر و ئەوبەر و لە پشت و پێشی فڕۆکەکە، ڕێبوارانی تریش خەریکی جۆری تری سـەرقاڵی و مشـتومڕی سیاسـەت و قسـەگوتن بەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و ئەو حزب و ئەم حزبن، هەندێ تریش هیچ باسێکیان لا باس نەبوو بێجگە لە باسی تیجارەت و پارەپەیداکردن و دۆزینەوەی ڕێگە و مشـوور و هونەر و بلۆفی جۆراوجۆر بۆ دەستکەوتی زیاتر.

هیی دیکەش لە لایان باس هەر باسی نەخۆشـی و عەمەلیات و عیلاج بوو. ئەم شەکرەکەی زۆر بەرز بووەوە، ئەوی دیکەیان لە چەند ڕۆژ لەوەوپێشەوە زەختەکەی هاتبوویە خوارێ، ژنێکیش لەولاوە هاواری قاچی بوو کە ڕۆماتیزمەکەی هەڵی داوەتەوە و جنێوی بەم سـەفەر و ئەو جزیرەیە دەدا، چونکە مانگێکە هاتووە بۆ لای کوڕەکەی کە لەوێ ئـیش دەکـات و جزیـرەکە هەواکەی تەڕە و نمـاوییە و بـۆ ڕۆمـاتیزم خـراپ بـوو، ئەوەتـا هەر بە تەواوی شـەل بـووم و هەمـوو ئێسـقانم هاتووەتە ژان. ژنەکەی تەنیشتیشی کە لە ناسیاری دەچوو، لەژێرەوە لچی لێ هەڵدەقرجاند و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئێستە هەرچییەکیان

بۆ دانابوویت، هەر هەموویت خوارد، تۆ سەموونەکەی منیشت خوارد لەگەڵ کەرەکەی سەر سینییەکەم، لە بەیانییەوە قسە دەکەیت و هەر جنێو بە بووکە قوڕبەسەرەکەت دەدەیت کە مانگێکە خزمەتت دەکات، لەوساوە دانیشتووی عەیب و عاری لێ دەردێنی، کەچی وا لەپڕ دەستت کرد بە هاتوهاوار، تازە بیرت کەوتەوە کە ڕۆماتیزمت هەیە هەی هەمانەکۆن. لە سێ کورسییەکەی پشت دکتۆرەوە سێ ژن دانیشتبوون و لەوساوە کە هاتبوون، هەر پرتەوبۆڵە و دەمەقاڵێیان بوو. گەنجەکەیان کە لە لای پەنجەرەکەوە بوو، زووزوو لووتی دەسڕییەوە و بە دزیی یەکێ لە زەلامەکانی تەنیشتیانەوە دەگریا کە زوو زوو سەری بە لای ژنەکاندا خوار دەکرد و قسەی لەگەڵ دەکردن، زۆر تووڕە دیار بوو و هەر ملی خوار دەکرد بە لایانەوە و دەستی ڕادەوەشاند و بە تووڕەیی قسەی دەکرد. دوو ژنەکەش هەر بەوەدا دەگەیشتن کە پێی بڵێن لەسەرخۆ لەسەرخۆ، چاوت لێیە هەموو سەیرمان دەکەن. ئاخری پیاوە تووڕەکە هەستایە سەر پێ و بە یەکێک لە سێ ژنەکانی گوت کە هەستێت بێتە جێی ئەو و ئەو لە شوێنی ئەو دادەنیشێت. ژنەکە هەستا و وای کرد وەکو پێی گوت. کابرا دانیشت و دانەنیشت لە ناوەڕاست و ژنەکە کە لە لای پەنجەرەکەوە بوو دەگریا، کابرا هەرچووە ئەو شوێنە و سەری بردە

لای گوێچکەی ژنە و چەند قسەیەکی پێ گوت و دەستی بەسەر و پرچیدا هینا، ئاخرییش قۆڵی خستە سەر شانی و ژنەش هەر گورج بێدەنگ بوو. ئەوانی دیکەش بێدەنگ بوون کە سەرقاڵی دەمەقاڵێکە بوون لەگەڵیان. هیی وایان هەستا بچێتە شوێنی دەستوپلشتن، هیی دیکە ملی خوار کرد و چاوی لێک نا. ئەوی دیکەشیان کەوتە دەرهێنان و خوێندنەوەی کتێب.

گوڵزار خانم خەیاڵی دابوونێ و بە ئەحمەد بەگی مێردی گوت:

- ئەمە دەبێ چی لەم کۆمەڵە خەڵکە قەومابێت؟ خۆ خەریک بوو لەم بەرزایی ئاسمانە و لە ناو ئەم هەموو خەڵکە یەکتری بدەنە بەر لەقە و شەق و دەست بدەنە یەخەی یەکتری؟ بەبێ ئەوەی هەر بزانن بە چ زمانێک قسە دەکەن. بە خوا چاوم لە میوانداری فڕۆکەکە بوو دوو سێ جار یەکتریان بانگ کرد و هاتن و چوون و بە پشتەچاویان هەر چاویان تێ بڕیبوون. دیار بوو لە تاو شەڕ و قڕەقڕەکەیان کەوتبوونە مەراقەوە.

دکتۆر کە لە سەرپەڕیان دانیشتبوو، ملی خوار کرد و بە ئەحمەد بەگی گوت:

- بە خوا گوڵزار خانم ڕاست دەکات، چاوم لێ بوو یەک دوانێکیان بە پەلە چوونە ناو کابینەی لێخورەکەوە. دیارە پێیان گوت و پرسیان پێ کرد کە چی بکەن کە ئەگەر کردیان بە شەڕ؟

ئەحمەد بەگ هەڵی دایێ و گوتی:

– ئاخر ناهەقیان نییە. خۆ ئاگاتان لێیەتی لەم بەینە لە ناو تەیارەکاندا چی دەقەومێت. هەر لە تەیارەڕفاندن تاوەکو تەقینەوە و شتی تریش.

گوڵزار خانم بە پەرۆشەوە گوتی:

– ئەیەڕۆ قەزاوبەڵا دوور، یا ڕەبی ماڵی ئەوانە کاول بێت کە ئەو کارانە دەکەن. ئاخر خەڵکی ڕێبوار و بێتاوان و بێگوناهـ هەقیان چییە بەسەر ئەو کارە دڕندانەیانەوە.

گوڵزار خانم بە ئەسپایی سەیرێکی دەوروبەری کرد و گوتی:

– ها ئێستە ئەم هەموو خەڵکە لەم فڕۆکەیە دانیشتوون و خواخوایانە زوو بگەنە شوێنەکانیان. دەقیقە و سەعات دەژمێرن کە بگەین و دابەزین. خەڵکی نەخۆشی تیایە کە هاتوونەتە سەر دکتۆر، پیر و کەفتەکاریان تیایە. ئەوەتە ئەو ژنە بەسەزمانەی ئەولامان ئەوەتی ئێمە سوار بووین، ئەو مناڵەکەی بە باوەشەوەیە و دەیگێڕێت. مناڵیش هەر دەگری و لە نەخۆش دەچێت. لەوساوە ئەم ژنە حاڵی وایە و بە نۆرە لەگەڵ مێردەکەیان دەیگێڕن، کەچی خوانەکردە ئێستە بڵێن دوو کەس بە چەقۆ و دەمانچەوە چوونە سەر سەری لێخورەکە و دەمانچەیان خستە سەر سەری و گوتیان دەی ڕووی فڕۆکەکە وەرگێڕە بۆ لای ئەو لایەی ئێمە دەمانەوێت. گوڵزار خانم بە

گەرمییەوە لە پەنجەرەی تەنیشتییەوە سەیرێکی ئاسمانی کرد و دەستی پان کردەوە و گوتی:

- ئۆهـ خوایە، ئەو جانەوەرە دڕندانە لەناو بەرە و پشتی خۆیان و ئاغایان بشکێنە کەوا ئەزیەتی خەڵک دەدەن و ترس و لەرز و زیڕە دەخەنە دڵیانەوە و سەر لەم عالەمە دەشێوینن.

گوڵزار خانم هەندێ دەنگی نزم کرد و لەژێر لێوەوە گوتی:

- ئۆهـ یاخوا بە کۆی زوخاڵ بن.

لە دوای بەینێک دیسان میواندارەکانی ناو فڕۆکەکە کەوتنەوە عەرەبانەهێنان و دابەشکردنی چا و پاروو بەسەر ڕێبوارەکاندا. ئیتر دوای ئەم ژەمی نانخواردنەش ئەوەندەی پێ نەچوو زەنگی چرا بچووکەکانی بەردەمیان لێ دران کە پشتێن ببەستن وا خەریکن دادەبەزین. ئەحمەد بەگ بەدەم پشتێنبەستنەوە گوتی:

- دەی وەکو کابرای فارس گوتەنی ئەمیشمان بڕایەوە.

گوڵزار خانمیش بە خۆشییەوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

- یا ڕەبی سەد جار شکور، خۆ خەریکین دادەبەزین.

دکتۆر هەناسەیەکی هەڵکێشا و چاوێکی بە دەوروپشتی خۆیدا گێڕا و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ئاخ چەند خۆش دەبوو ئیستە ئەگەر (ڕۆزە) و دایک و باوکیشمان لەگەڵ بوونایە و پێکەوە دابەزینایە. هەر یەکسەر ئەمشەو دەمبردنە شوقەکەی خۆم و دەمگوت تازە شەوە، ئێستە هیچمان دەست ناکەوێت. ئیتر بیانوویەکم بۆ دەدۆزینەوە. بەڵام ئاخ، داخم ناچێت، ئەوە نەبوو و ڕێک نەکەوت.

دکتۆر دڵخۆشیی خۆی دایەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- دەی هەموو سی ڕۆژی تریان ماوە. ئینشائەڵا ئەوسا دێم بە پیریانەوە و هەموو کارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکەم.

ئەو کاتەی فڕۆکەکەی ئەمان خەریکی دابەزین بوو لە لەندەن، تازە فڕۆکەکەی مامۆستا شەوکەت و سەیفەدین و خاتوو نەزیرە لە جزیرەکەوە کەوتبووە جووڵە بۆ فڕین بەرەو ستۆکهۆڵم بۆ سوید.

سەیفەدین بە نارەحەتییەوە هاتە قسە و گوتی:

- دەڵێی کەسیک دوعای لێ کردینە، ئەم سەفەرە ئاوهای بەسەر هات و ڕۆحی دەرهێناین، دەبوو ئێستە لە ستۆکهۆڵم بووینایە، کەچی وا تازە سوار بووین و تازە دەفڕین. ئەگەر دوعا نەبێت، لۆ دیسان تەیارەکەمان ئەوەندە دوا دەکەوێت، پاپۆڕ شەو و ڕۆژەک دوا کەوت و وەکو زیندانی لە ناو دەریا ماینەوە، تەیارەش دوا کەوت. یا ڕەبی خوایە هەر بمگەیەنیتە شوێنەکەم، لای ژن و منالم، جاریکی تر دنیاش

هەستیت ناچم بۆ شوێنی ئاوها، هیچ منی نەدەکوشت کە دەیانگوت کۆنفرانس کۆنفرانس، بۆ کۆنفرانس دەعوەت کراوین.

مامۆستا شەوکەتیش کە بە تەنیشتیەوە بوو، بۆ جاری چەندەم هەر خەریکی لەچاوکردنی عەینەک و گۆڕینی عەینەکی خوێندنەوە و سەیرکردن بوو، هەر بەو ماوە کەمەی کە سوار بوون و تازە فڕۆکەکەیان بەرز بووەوە، ئەو هەر سەیری نوسینەکانی دەکرد و لاپەڕەی دەژمارد. جاری وا هەبوو هەندێکیان لە دەستیشی دەکەوتنە خوارێ، ئینجا سەری لێ دەشێوا، بەڵام سەیفەدین یارمەتیی دەدا و بۆی دەردەهێنا کە دەکەوتنە خوارێ یا ئەملا و ئەولای کورسییەکان.

بەڵام خاتوو نەزیرە کە لای پەنجەرەکەوە دانیشتبوو و مامۆستا لە ناوەڕاستی ئەو و سەیفەدیندا بوو، ئەو قەراری دابوو کە گوێ نەداتە کردار و ڕەفتارەکانی مێردەکەی و کردنەوە و داخستنی جانتا و ژماردنی لاپەڕە، چونکە لای ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەو جۆرە خوو و تەبیعەتەی قەت ناگۆڕێت، چ لە ناو تەیارە بە ئاسمانەوە بێت یاخود لە ناو ژوور و سەرجێگەی نووستن بێت. کەواتە بۆ خۆی ناڕەحەت بکات؟

هەروەها خاتوو نەزیرە خۆشی هەندێ بێباک و دەمبەپێکەنین و ڕووخۆش و قسەلەڕوو و زۆرزان بوو، بۆیە ئەو قسانەی دەیویست،

دەیکردن و توانجی خۆی دەگرتە ئەو کەسەی خوازیاری بوایە، ئیتر گوێ نەئەدایێ و لەسەری نەدەڕۆیشت و بێدڵیی خۆشی نەدەکرد.

لە لەندەن لە فرودگای هیێژروو شێرزادی برای ئەحمەد بەگ لەگەڵ یەکێک لە نەوە هەرە خۆشەویستەکانی گوڵزار خانم و ئەحمەد بەگ کە ناوی سوارە بوو، ڕاوەستابوون و بە گەرمی سەیری ڕێبوارەکانیان دەکرد کاتێ کە بە عەرەبانە و جانتاکانیانەوە دەهاتنە دەرێ. شێرزاد بە گەرمی ڕووی کردە سوارەی برازای کە تەمەنی ١٦ شانزە ساڵ دەبوو و دەیگوت:

- تۆ بزانە ئێستە دێنە دەرەوە و چەند ماندوون، بەڵام چەند دڵیان خۆشە لەبەر ئەم سەفەرە بەنرخەی کە باسی کوردی تیادا کراوە. باش بوو زووتر گەیشتین، تازە فڕۆکەکەیان دابەزی. خۆ دیت ڕێگەکە چەند قەڵەباڵغ و ترافیک چەند ناخۆش بوو. لە کن خۆی شەممەشە کە دەبوو ڕێگە هەندێ چۆڵتر بێت لە ڕۆژانی تر.

سوارە بۆ مامی دەسەندەوە و دەیگوت:

- ئەرێ وەڵا ڕاست دەکەیت. بەڵام هەرچۆنێک بێت، من بەختم هەبوو کە ئەمڕۆ شەممەیە و مەکتەب نییە و توانیم بێم بە پیریانەوە. بە ڕاستی ئەم چەند ڕۆژە ماڵەکەیان چۆڵ کردبوو.

شێرزاد كه هەر ملی بەملاولادا خوار دەكرد و ئاوڕی دەدایەوە و جاری وا هەبوو خۆشی پێ نەدەگیرا و زیاتر دەچووە پێشەوە، لەپڕ دەستی ڕاوەشاند و گوتی ئەوە سەری دكتۆر عادل دەركەوت. بێگومان كاك ئەحمەد و براژنیشم لەگەڵین.

سوارەش دەستی بەرز كردەوە و بە خۆشییەوە گوتی:

- ئەرێ وەڵا دایە گوڵزاریش دیار بوو، وا بابە ئەحمەدیش دەركەوت.

قەڵەباڵغیی ڕێبواران زۆر چڕ بوو و لەوە دەچوو ڕێبواری دوو سێ فڕۆكە كەوتبنە ناو یەكەوە.

ئاخری گەیشتن و كەوتنە چاكوچۆنی و بەخێرهێنانی یەكتری. گوڵزار خانم پێش هەموو شتێك پەلاماری سوارەی خۆشەویستی دا و تێر تێر لامل و سەروگوێلاكی بۆن كرد و ماچ كرد. چاكوچۆنیی گەرمیشی لە شێرزادی شووبرای كرد و سەروملی ئەویشی ماچ كرد. ئەحمەد بەگیش هەروەها.

شێرزاد گوتی:

- دەی فەرموون پێش بكەون، با بڕۆین سواری ئۆتۆمبێل بین.

دكتۆر گوتی:

- نا سوپاس، من خۆم دەڕۆم. بۆ تۆ زەحمەتە، چونكە ئێوە لەمسەری لەندەنن، منیش لەوسەری لەندەنم. ئەوەش زۆر دووورودرێژ و

ئەزیەتە بۆت. من ئێستە سواری شەمەندەفەرەکە دەبم و دەمگەیەنێتە شوێنێک. لەوێشەوە سواری پاس دەبم و دەمگەیەنێتە کۆلانەکەی ماڵی خۆمان.

هەرچەندە شێرزاد گوتی: نە قەیناکە، لەگەڵمان سوار بە، بەڵام دکتۆر خواحافیزیی لێ کردن و بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت. ئەمانیش چوونە لای ئوتۆمبێلەکەی شێرزاد و سوار بوون و کەوتنە ڕێ.

هەر ئوتومبێل کەوتە جووڵە، شێرزاد بە گەرمی و سەرکەوتوانە وەکو چاوەڕێی ئەنجامی کارێکی زۆر خۆش بکات، وردەکۆکەیەکی بۆ کرد و بەدەم لێخوڕینەوە گوتی:

- ئێ، یاخوا بەخێر بێنەوە. ئینشائەڵا سەفەر و کۆنفرانسەکەتان زۆر سەرکەوتوانە و بە دڵ بووە؟

گوڵزار خانم کە دەستی بە سەر و ملی سوارەی نەوەیەوە بوو، هێشتا هەر لە دەستلەملاندا بوو لەگەڵی کە بە ئەسپایی لچی خۆی هەڵقرچاند و هەناسەیەکی هەڵمژی و گوتی:

- ئۆهـ ڕۆڵە یاخوا هەرچی حەزی لێ ناکەیت، بچێتە سەفەر و کۆنفرانسی وا.

گوڵزار خانم دەستی ڕاوەشاند لەگەڵ دەستی و گوتی:

- ئەوەی ئیمە لەم سەفەرەدا دیومانە، لە سینەماکانیشدا قەت کەس نەیدیوە.

شـێرزاد دڵـی داخورپـا و خۆشـییەکەی کەم بـووەوە و بە پەرۆشــەوە پرسیی:

- بۆ؟ خوا نەکا چیتان بەسەر هات؟ تو خوا زوو پێم بڵێن؟

ئەم جارە ئەحمەد بەگ هاتە قسە و گوتی:

- نە بابە، یەکجار وا نەبوو، بەڵام زۆر ماندوو بووین و زۆر تووشـی کێشمەکێش و قەڵەباڵغی و هەرا بووین.

شێرزاد بە نیوەحەپەساوییەوە گوتی:

- چۆن؟ بۆ؟ لە چ ڕوویەکەوە؟ خۆ ئەوان بە منیـان گـوت کە دێن بە پیرتانەوە و ڕەفتاری تایبەتیتان لەگەڵ دەکەن، چونکە کوردن.

گوڵزار پێش ئەحمەد بەگ وەرامـی دایەوە و بەدەم پڕمەی پێکەنینەوە گوتی:

- کـوردین و ڕەفتــاری تایبەتیمــان لەگەڵ دەکەن؟ کـورە بـۆچی هەر کەس تــوانیی دێــڕێکیش لەو نووســینانە بخــوێنێتەوە کە بردبوویــان؟ بۆچی هەر کەس زانیی ئێمە کێین و چین؟

گوڵزار خانم قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

- ئـێمەی چـی؟ ســەرەکوەزیرانی کـۆنی چەنـد وڵاتێـک بـوون بە ژێـر خەڵکەوە، هەر خەریک بوون بمرن و بخنکێن.

ســواره دایه قاقــای پێکەنــین و ســەری نووســاند بە ســنگی دایە گەورەیەوە و گوتی:

- بە ڕاســت؟ ئەوانە بــوون بە ژێــرەوە؟ کەواتە ئەمە چ کۆنفرانســێک بووە؟

گــوڵزار خــانم بە خۆشــییەوە ڕووی کــردە نەوە خۆشەویســتەکەی و گوتی:

- بۆچی هەر ئەوە؟ خۆزگە هەر ئەوە بوایە.

ئەحــمەد بەگــیش هــاتە پێکەنــین کە لە پێشــەوە لە تەنیشــت شــێرزادی برایەوە دانیشتبوو و گوتی:

- وا دیارە خوا شانۆ و حەکایەتی چاکی بۆ ڕەخساندی. وا بـزانم تـا ساڵێکی تر هەر باسی دەکەیت و پێی ڕادەبوێری.

گوڵزار خانم دەستێکی دا لە سەر و پرچی و تۆزێ ڕێکی خستەوە و بەدەم ئەو کارەوە گوتی:

- ئەی چۆن؟ ئەی ناهەقمە؟ جارێ هیکلاکین با بگەینەوە ماڵەوە.

لە فرودگای ستۆکهۆڵمیش مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرە و سـەیفەدین دابەزیبوون لە فڕۆکەکە و هەردوو لایان کەسیان هاتبوون بە پیریانەوە.

سەیفەدین شوانەی مامی بە ئوتۆمبێلە شڕەکەیەوە هاتبوو بە پیریەوە. هەرچەندە سەیفەدین لێی عاجز بوو و سوێندی خواردبوو کە شـەڕی

چاکی لەگەڵ بکات کاتێ کە لێی پاڕابووەوە کە ئەم چەند ڕۆژە لەجیاتیی شەهلا ئاگای لە ساندویچخانەکە بێت و یارمەتیی نەجمەدینی برای بدات تاوەکو ژنەکەشی بەرێت لەگەڵ خۆی بۆ ئەم کۆنفرانسە، کەچی ڕازی نەبووبوو و گوتبووی کە ناتوانێت. دوایی لە ئیشەکە دەری دەکەن. سەیفەدین لەوێ و لەو ئوتێلە خۆشەی جزیرەکە ئەو هەموو خواردن و نانە خۆشانەی دەبینی و دڵی بە شەهلای ژنی دەسووتا و سوێندی لە شوانەی ئامۆزای دەخوارد کە گەڕایەوە وای لێ بکات و وای لێ بکات. بەڵام لە دواییدا کە تووشی ئەو هەموو ناخۆشی و شەڕەشەق و چەقینەوە بوون، سەیفەدین لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- ئۆخەیش شەهلا نەهات و تووشی ئەم هەموو بەزم و هەرایە نەبوو.

بۆیە کە چاوی بە شوانەی مامی کەوت کە هاتووە بەدوایدا، بە گەرمی پەلاماری دا و دەستیان کردە ملی یەک و کەوتنە هەواڵپرسین و خۆشیدەربڕین. سەیفەدین لە دوای خواحافیزیکردن لە مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرە، شوێن شوانە کەوت و سواری ئوتۆمبێل بوون و کەوتنە ڕێ.

سەیفەدین بەبێ وەستان دەستی کرد بە پرسیار لە هەموو جۆرێک، هەر نەیهێشت کوڕەکە پرسیارێکی لێ بکات. سەیفەدین گوتی:

- شەهلا و منالان چۆنن؟ ئەوە بۆ ئەوانیشت لەگەڵ خۆت نەهێنا؟ محێدینی برام کووە؟ کارەکانی بە باشی دەڕۆن؟ ئەوە لۆ کە پێم گوتی لەجیاتی شەهلای بمێنەوە با شەهلاش بێت لەگەڵم ڕازی نەبوویت؟ بەڵام قەیناکا، باش بوو نەهات، ئەتوو کووی؟ هەر خەریکی ساختەچییەتیی خۆتی؟ لەسەر کاری خۆت ماوی؟ یا دەرکراوی؟

کوڕەکەش وەرامی دایەوە و گوتی:

- شەهلا و منالان بۆیە نەهاتن چونکە لە ساندویچخانەکەن و کاک محێدین هەندێ سەرمای بووە و نەچووە بۆ سەر ئیش. منیش ئیشێکی باشم دۆزییەوە.

سەیفەدین بە سەرسووڕمانەوە هەڵی دایێ و گوتی:

- ئەی ئیشەکەی خۆت؟

شوانە گوتی:

- دەریان کردم.

- سەیفەدین بە گەرمییەوە گوتی:

- دەریان کردی؟ لۆ دیسان؟ دەبێ چ کەتنێکت کردبێ ئەم جارە؟ چیت لۆ شکاندن؟ تەلەفزیۆن یاخود کەنتۆر و ئاوێنە؟

شوانە بەدەم لێخورینەوە زەردەخەنەیێ گرتی و گوتی:

- ئەم جارە کارتۆنێ ویسکیم لە دەست کەوتە خوارێ و هەموویان شکان، چونکە شوقەی ماڵەکە قاتی دووەم بوو، ئیتر لە سەر پلیکانەکان لە سەر شانم کەوتە خوارێ.

سەیفەدین دەستی دا بەیەکدا و گوتی:

- بۆ زۆری تیا بوو؟ گوایە چۆن ئەوەت پێ هەڵنەدەگیرا، یا هۆشت لە شوێنێکی تر بوو.

سەیفەدین چەند گاڵتەیەکی بە شوانە کرد و سەری کردە سەر.

شوانە بە هەندێ بە تووڕەبوونەوە گوتی:

- ئیتر چی بکەم؟ هەر ئەوەندە لە حەماڵی دەزانم. داکم حەماڵ بوو، بابم حەماڵە؟

- دەسا وایە. دەبێ حەماڵییش بکەیت و ئاودەستانیش پاک بکەیتەوە. ئەدی خۆ ناتکەن بە سەرەکوەزیر و حاکم؟ لۆ هاتی؟ لۆ لە هەولێر نەمایتەوە؟ بە قەدر و حورمەت بووی، چاوی چەند کەس لە دەستت بوو، نازداری داک و باب و هەموو کەسەکانت بووی، خاوەنی دوکان و مەحەلی ئوتۆمبێلفرۆشتن بووی، دە بخۆ دەی، ئاوها حەماڵی بکە، ئاودەستان پاک بکەرەوە هەر بۆ ئەوەی بڵێن شوانە بەگ لە خاریجە و لە سویدە.

شوانە سوور هەڵگەرا و تووڕە بوو، بە جۆرێک، کە خەریک بوو ئوتۆمبێلەکەی ڕاگرێت و ترسا کە بەو حاڵە لێ بخوڕێت کە هەم

ئوتۆمبێلەکەی شڕ و زۆر باش نەبوو، هەم ئیجازەی لێخوڕینەکەشی هیی خۆی نەبوو و هیی کوڕێکی هاوڕێی بوو. لەوەشدا ساختە و فێڵیان دەکرد کە سوید بەوە ناوی دەرکردووە لە جیهاندا کە زەحمەتە و قورسترین تاقیکردنەوەیان هەیە بۆ وەرگرتنی ئیجازەی لێخوڕین، کەچی تورک و ئێرانی و کوردی ساختەچیی هەڵهاتوو توانیبوویان لەو کارەشدا فێڵ و بلۆف و ساختە بنوێنن و بکەن.

شوانە ئوتومبێلەکەی لە قەراغ جادەکە ڕاوەستاند و ڕووی کردە سەیفەدین و گوتی:

- ئەوە کە ئەوەندە کە خاریج خراپە، ئەدی ئەتوو لۆ هاتی؟ خۆ هەر ئەمن نەهاتووم، ڕۆژی سەدان و دەیان قاچاخچی دەربازیان دەکەن. ئەوە لۆ تەنها لۆ منت کرد بە عەیب و عیللەت؟

سەیفەدین بە گەرمییەوە دەستی هەڵبڕی وگوتی:

- ئەمن بۆچی هاتووم؟ هاتنی من وەختیکی تر بوو، ئەو کاتەی بوو کە هەولێر گیرا و زۆریش خەتای شەهلا بوو. دەبا ئەویش بیخوات. لە هەولێر ئەوەندە نازدار بوو، ئاویان دەکرد بە دەمیەوە. دوو کەس خزمەتیان دەکرد. ئێستە لێرە هەر لە بەیانی سەعات پێنجەوە بە پێوەیە و خەریکی ساندویچ و پاروو و شتن و پاککردنەوەی دوکانە کە هەموو ڕۆژێک کاربەدەستانی بەلەدیە و تەندروستی دێن بۆ

پشکنین و تەفتیش. دائیم دەستمان لە سەر دڵمانە بۆ دوو مناڵەکەمان کە ئیستە گەڕابنەوە لە مەکتەب، ئاخۆ چووبنەوە ماڵێ یا هەر لە کۆڵان بن تاوەکو بە پەلە یەکێکمان دەگەینە لایان. من ئەگەر دەمزانی وایە و وام بەسەر دێت، ماڵ و حاڵی خۆم جێ دەهێشت؟ ئەم هاتنانە بۆ هەندێ لات و لەوات باشە کە لە کوردستانیش بێکارە و هیچن و خاوەنی نەک ماڵ و خانوو، بگرە خاوەنی دیوارێکیش نین، بۆ ئەوانە باشە کە لێرە بن و لەوێ بن هەر عەینی کاریان دەبێت. بەڵام پیاو و خەڵکی حاڵ باش و خاوەن خانوو و ماڵ و گوزەران ئا بەم هاتنە زۆر پڕ لە شوورەییە کە دێن، لێرە یەکەم جار لە سەر سنوورەکان دەگیرێن کە ئەگەر بەختیان هەبێت بگەنە سەرسنووران و قاچاخچی بە نوقمدان و بەرەو فەوتانیان نەبات. ئینجا بە خێرێ کە دەگەنە سنوورەکانی وڵاتان، ئەوە دەگیرێن و دەخرێنە ئۆردوگاکانەوە. ئەوەتا لەم بەینە ڕەسمەکانی هەندێکیانمان بینی لە ناو تەلەفزیۆن و چۆن سەموون و نانیان بەسەردا دابەش دەکرا و چۆن وەک دز و جەردە دەور درابوون کە زۆریشیان ڕەنگە پیاوی ناسراوی وەک جەنابیشتیان تیا بێ کە چەندەها هەزار دۆلاری دابێ بە قاچاخچیی دەستبڕ بۆ ئەوەی دەربازی کات. هیی واشیان هەیە خانووشی بۆ دەفرۆشێت، وەکو ئەو ماڵەی چەند مانگێکە لە تورکیا گیریان

خواردووه بە دەست قاچاخچییەوە. ئاخری گیران و گەڕانەوە، دەست لە ئەژنۆ درێژتر، بێ خانوو و بێ کاسپی کە بۆ چوونەخارج هەموویان فرۆشتبوو، ئەو چەند مانگە لە تورکیا نیوەیان خەرج کرد و قاچاخچیی بلوفچی بردی. دە ئەمە زۆر باشە وا دەکەن؟

سەیفەدین بە تووڕەبوون و بە دەنگی بەرز ڕووی کردە شوانە و گوتی:

- چەند جار جوابم بۆ ناردن کە نەخەڵەتابیت، من پەشیمانم و هەر توانیم بە زووترین کات دەگەڕێمەوە. بە خودای هیی وا هەیە کە ئەگەر لە کوردستان بڕوات بە ڕێوە، دە کەس لە دوایەوە دەڕۆن، ئەوەندە ڕێزی لێ دەگیرێ و بەڕێزە، کەچی لێرە دەبینی ئەو کەسە لە دوکانان وەک حەماڵ کارتۆنان هەڵدەگرێ یا سەبەتەی داناوە لە بەردەمی خۆی و سەوزە و تەڕەپیاز دەفرۆشێت.

سەیفەدین ئاخێکی هەڵڕشت و بە هەڵچوونەوە گوتی:

- ئەرێ بابم ئەو کاتەی ئێمەمانان هاتین، جیا بوو لەگەڵ ئیستە و ئەم کاتانە. ئێستە شکور وەزع ئەوەندە باش و خۆشە، کورد لە ژیانیدا کاتی وای بە خۆیەوە نەدیوە لە سایەی خوا و گورزی ئەو وڵاتانەی پێیان دەڵێن کافر. کافر کوردی موسلمان دەپارێزێ لە دەست موسڵمانی ناموسڵمان. خوا لە ناو دەمیان بدات بۆ خۆیان و

موسڵمانێتییان. حەیف و خەسارێ، بە خودای ئەوانە ناوی موسڵمانی خۆشەویستیان پیس و گڵاو کرد.

شوانە کەوتبووە ناو گێژاوەوە و خواخوای بوو زوو بگەنە جێ و لەم قسە و عیلمهەڵڕشتنەی سەیفەدینی ئامۆزای ڕزگاری بێت. شوانە بەدەم لێخوڕینەوە بیری لەوە دەکردەوە کە سەیفەدین لە کن خۆی بە نەخوێندەوار لە قەڵەم دەدرێت چونکە مەکتەبی تەواو نەکردبوو، وازی هێنابوو و کەوتبووە کاسپی لەگەڵ باوکی، چونکە دەوڵەمەند و حاڵ باش بوون، کەواتە گەر خوێندەواری باش بوایە، دەبوو قسەی چۆن بکات. شوانە بەدەم ئەو بیرانەوە بە ئەسپایی سەری ڕاوەشاند و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- ڕاست دەکەن، کاسپی پڕ تەجرووبە و زیرەک لەگەڵ خوێندەواری چەندەها پلە شارەزا و زۆرزانترن.

شوانە بەدەم ئەو بیرانە و لێخوڕینەوە گوتی:

- ئێستە بچینە ماڵێ یا ساندویچخانە؟

سەیفەدین بە پەلە و سەرسووڕمانەوە وەڵامی دایەوە و گوتی:

- ماڵی چی؟ بمبەرە دوکان، کن شەهلا و منداڵان. چەند ڕۆژە نەمدیون. خەریکم شێت دەبم لۆ منداڵان.

شوانه ویستی هەندێ خۆشی بکات و قسەی گاڵته و پێکەنین بکات لەجیاتیی ئەم شەڕەدەنووکەی بەینی خۆی و سەیفەدینی ئامۆزای. بۆیە بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی:

– هەر لۆ منداڵان خەریکی شێت ببیت و بیریان دەکەیت؟ ئەدی شەهلا خان؟

سەیفەدین هەندێ هاتەوە سەر خۆی و پێکەنیی و گوتی:

– لێ خورە لێ خورە، زۆر چەنە مەدە، ئەتوو هەر لۆ چەنەبازی چاکی.

شوانە وەک هەرەشە گوتی:

– ئێ لۆم ڕاوەستە، ئەگەر بە شەهلا خانم نەگوت.

مامۆستا شەوکەت و نەزیرە خانمیش گەیشتبوونە ماڵەکەیان کە لە گەڕەکێکی هەنێ ناوبانگی باش نەبوو لە ڕووی چڕی و قەڵەباڵغییەوە کە زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی هەموو بێگانە و پەنابەری جۆراوجۆر بوون لە عەرەب و کورد و ئێرانی. زۆر جار لەو ناوچە و گەڕەکە ڕووداوی سەیرسەیر دەقەومان، وەکو شەڕ و دزی و کار و کاسپیی قەدەغە و فرتوفێڵ و دەستبڕین. بۆیە هەمیشە پۆلیسی سویدی خەریکی ئەو ناوچەیە بوون و ئەوانە بووبوون بە تەگەرە و ئەرکێکی گران لەسەریان کە سەرەڕای داڵدەدانیان کە هەر کەسەیان

بە هەزار فرتوفێـــڵ و درۆ و دەلەســـــە خـــۆی گەیانـــدبووە ئەوێ، سـویدیش چـونکە ئەوەنـدە وڵاتەکەیـان پـاک و تەمیـز و خـۆش بـوو، میللەتەکەشیان ئەوەندە نفوسی زۆر نەبوو، بۆیە بۆیە حەزیـان دەکرد کە بێگانە بێن بۆ وڵاتەکەیان تاوەکو ئەو جۆرە ئیشانەیان بۆ بکەن کە خەڵکی خۆیان هەندێ جار بێزیـان نەدەهـات بیکەن. هەرچۆنێک بێت، گەیشـتبوونە شـوقەکەیان کە لە چینی سـێهەمی بینـایەکی چـوار چینـی بــوو، هەر چیــنە بریتــی بــوون لە شـــەش حەوت شــوقە. دەرگـــا بە دەرگـاوە و بەرامـبەر بـەیەک و لە تەنیشـت یەکەوە، ئیتـر کـە ماڵێکیـان دەرگـاکەی دەکـردەوە و دەهــاتە دەرێ، لەگەڵ دراوسـێکانی تووشــی یەک دەبوون. جاری وا هەبوو ئەگەر ڕیک بوونـایە پێکەوە، دەکەوتـنە قسـە و دەڕۆیشـتنە خـوارێ، سـواری پـاس دەبـوون و هەر کەسـەیان ڕووی دەکردە شوێنێک و دەڕۆیشـتن بۆ ئیشـەکانیان. هەنـدێ جـار وا ڕێک کەوت کە ئەو یەک دوو کەسە لە شوێنێک ئیشیان دەکرد و ئیتـر پێکەوە دەچـوونە سـەر ئیشـەکەیان و هەروەهـا پێکیشـەوە دەگەڕانەوە ماڵەکانیـان. بەڵام هەنـدێ جـار ئەو دراوســێ و دەرگـا بە دەرگـانەوە ڕقیان لەیەک دەبوو، تووشـی شـەڕ و قڕە دەبوون، بە تـایبەتی ئەگەر منـاڵی ورد یا گەورە و هەرزەکاریان هەبوایە.

خاتوو نەزیرە لە هۆڵە بچووکەکەدا لە سەر قەنەفەیەکی هەندێ کۆن دانیشتبوو و باسی سەفەرەکەی بۆ دوو کچە گەورەکەی دەگێڕایەوە کە لەگەڵ منداڵەکانیان هاتبوون بۆ ماڵی دایک و باوکیان. دەیانزانی ئەمڕۆ دەگەنە جێ و دەبوو دەستێ بە ماڵەکەدا بێنن و نانیان بۆ حازر بکەن، لەبەر ئەوەی لە بۆڵەوخوتەی باوکیان شارەزا بوون.

کچە گەورەکەی خاتوو نەزیرە و مامۆستا شەوکەت کە ناوی بەهرە بوو، کچێکی گورجوگۆڵ و ئازا بوو، سێ منداڵی دە ساڵ و حەوت ساڵ و پێنج ساڵی هەبوو. مێردەکەی کوڕێکی باشی ئێرانی بوو، بەڵام بەهرە ئەوەندە زاڵ بوو بەسەریدا، خستبوویە کونەوە و وەک دەڵێن، نەیدەتوانی لەبەری فزە بکات. کاتی خۆی بە هۆی پەنابەریی کوردەکانی عێراق بۆ ئێران ماڵی باوکی هەردوو لا ئاشنایەتییان پەیدا کردبوو. لە دواییدا بەهرە و فەرهادیش لەگەڵ یەک ڕێک کەوتبوون و هاوسەرگیرییان کردبوو. ئەوانیش بە هۆی مامۆستا شەوکەتەوە لە ئێرانەوە خۆیان گەیاندبووە ئەوێ و لەوساوە لە سوید دەژیان. هەرچەندە فەرهاد کوڕێکی خوێندەوار و ڕێکوپێک بوو، بەڵام ئەو ڕەفتارانەی بەهرەی ژنی قبوڵ دەکرد، چونکە ئەو ژنە هەر بە ڕاستی بەهرە بوو لە ئازایی و گورجوگۆڵیدا کە زۆر جار و تێکڕا خەڵک باسیان دەکرد و حەسوودییان پێی دەهات، ئینجا عەیبوعاریان لێ

دەردەهێنا کە: وەی چەند پوولەکییە، خۆی کوشت ئەوەندە ئیش دەکات، تۆ وەرە هەم موعەلیمە بە بۆ دەرسی کوردی بە منداڵانی کورد، هەم لە خەستەخانە ئیش بکە بە شەو و هەم دیسان شەممان و یەکشەممان لەو سۆپەرمارکێتە گەورە بەناوبانگە ئیش بکە. ئەوی دیکە دەیگوت تۆ بڕۆ سەیری ماڵ و خانوو و حاڵی بکە، بەینێکی تر ڕەنگە بۆ هەر منداڵێکی خانوویەک بکڕێت. بۆیە بەهرە زۆر بەکارە و چاولەدوو بوو و ئەوەندە کوردی پەنابەری وەکو خۆیان باسیان دەکرد و حەسوودی و بەغیلییان پێ دەبرد، کە هەر خوا خۆی لە بەڵا و قەزاوقەدەر پاراستبووی. بەڵام کچەکەی تری نەزیرە خان و مامۆستا شەوکەت بە پێچەوانەی خوشکی بوو، ناوی ڕووناک بوو، ئەویش دوو منداڵی هەبوو. ئەو ئەوەندە تەمەڵ بوو، تاوەکو ئیشی ماڵەکەشی بە تەکان و شەڕوشۆڕی مێردی کە زۆری هەموو شتێک هەر مێردەکەی دەیکرد. ئەو کچە نە ئیشی دەکرد و نە کار، بە بیانووی ئەوەی منداڵی وردی هەیە شەو و ڕۆژ بە ڕێگەی دکتۆر و خەستەخانەوە بوو کە نەخۆشە، بۆ ئەوەی لە ماڵ دانیشێت و پارە لە حکومەت وەربگرێت کە گوایە ناتوانێت ئیش بکات و نەخۆشە. مێردی ڕووناک کە خزمی خۆیان بوو، ئەویش بە ساختە خۆی گەیاندبووە سوید و لەوێش ڕووناکی هێنابوو و لە قەسابخانەیەک ئیشی دەکرد.

زۆری ئیشی بە شەوان بوو، لەبەر ئەوە بە ڕۆژ خەریکی ماڵ و دوو منداڵەکەی بوو کە دەیبردن بۆ (داگیز)[1] و دەیهێنانەوە. بۆیە ئەو دوو خوشکە زۆر زۆر پێچەوانەی یەکتری بوون، کەچی دایک و باوکیشیان زۆر بڕوایان بە فیشاڵ و درۆی ڕووناک بوو کە تەمەڵ نییە و نەخۆشە و دائیم لەسەریان دەکردەوە و نازداری مامۆستا شەوکەتی باوکی بوو.

لە گەرمەی قسە و باسەکانیاندا لەپڕ خاتوو نەزیرە ڕووی کردە بەهرە و گوتی:

- ئەریٚ بە ڕاست، هیچ خەبەرێکی تەهای خوشکەزام نەبوو؟ بە خوا بە خوا بە درێژایی ئەم چەند ڕۆژەی ئەم سەفەرە هەر دڵم لە لایان بوو و دەمگوت ئاخۆ مەحکەمە و لێپرسینیان چیی بەسەر هاتبیٚ؟ تۆ بڵێی ڕەوانە کرابنەوە و دەرنەکرابن؟

ئەم جارە ڕووناک گورج بووەوە و پێش خوشکی کەوت و بە گەرمی گوتی:

- ئۆهـ ئوهـ بیرمان چوو پێت بڵێین، وەڵا شکور قبوڵ کران بە پەنابەر، بە تایبەتی کە کوڕەکەیان بینی وا نەخۆشە، قبوڵیان کرد و یەکسەریش ئاواتی کوڕیان ناردبووە خەستەخانە.

---

[1] ڕەوزە و شوێنی حەوانەوەی منالانی بچووک کە هێشتا تەمەنی مەکتەبیان نەهاتبوو.

خاتوو نەزیرە دڵی خۆش بوو و ڕاپەڕی و گوتی:

- شـەرت بێ مـژدانەت کەوتە سـەرم. یـا ڕەبـی شـکور بـۆ خـوا. هەر لەبەر ئەو کـوڕە نەخۆشـە بێچـارەیە بەو ئیفلیجـی و بەسـەزمانیەوە، چۆن ئەو هەمـوو ڕێگـەیە هێنابوویـان بەو هەمـوو ڕێگـە خەتەرنـاک و مەترسـییەی قاچـاخچییە ئاگرتێبەربووەکـان، ئەو منـداڵە بێگوناهەیـان ئەمە چوار مـانگە لەم ئۆردوگـا و لەو ئۆردوگـایە، حەپسـن و دەگیـرێن لە سەر سنوورەکان و ئەو مناڵە ئەزیەت دەدەن لەبەر خـاتری خۆیـان کە بێن بۆ ئەورووپا و خارج.

خاتوو نەزیرە جارێکی تر گوتیەوە:

- یا ڕەبی شـکور، هەر لەبەر ئەو منـاڵە بەسـەزمانە. مـاڵی سـوید ئـاوا بێت، خـوا دەزانێت ئێسـتە چەنـد چارەسـەری دەکەن و چەنـد گـوێی دەدەنــێ. بەڵام بە خــوا ئەوە زۆری ڕەنــگە لەبەر خــاتری ئەو منــداڵە ئەوانیان قبوڵ کردبێت.

ئەم جـارە بەهـرە هـاتە قسـە، بەدەم پێکەنینەوە ڕووی کـردە دایکـی و گوتی:

- ئەی بۆ ناپرسیت خەجە خانی خەسووی کاک تەها چۆن بوو؟ چیـی لە خۆی کردبوو؟

خاتوو نەزیرە دایە پرمەی پێکەنین و گوتی:

- بۆ ئەو چیی بوو؟ چیی لێ هاتبوو؟

بەهرە هەر لەسەر هەمان خەندە و پێکەنین وەرامی دایکی دایەوە و گوتی:

- پەنا بە خوا، بە خوا و بە سەری باوکم دەتگوت دوو سێ ساڵە هەر لە سوید و ئەورووپا بووە و ئەو نەبووە کە دوو مانگە لە ئۆردوگا حەپس و دەستبەسەر بووە. ئەوە چوار مانگیش نییە لە سەر سنووران و لە ناو کەشتی و بە دەست قاچاخچی گیری خواردبوو. بەهرە دەستی کێشا بە سنگی خۆیدا و گوتی: ڕۆڵە ئەو خەجە خانە کە لە ژیانیدا وا بزانم دوو جار بەغدای دیبوو و دوو سێ جاریش کەرکووک، هەموو ژیانی هەر لە گەڕەکی مەڵکەندی دوور نەکەوتبووەوە.

لێرەدا خاتوو نەزیری دایکی بە بێزارییەکەوە دەستی هەڵبڕی و بە کچەکەی گوت:

- دە زووکە پێم بڵێ خەجیج خان چیی لێ هاتبوو؟ بۆ ئەوەندە درێژدادڕی؟

بەهرە چاوی خۆی لە فرمێسکی پێکەنین سڕییەوە و گوتی:

- دە تۆ جارێ ڕاوەستەکە چیی کردبوو. خەجیج خان بە قەڵەوی و ورگ و قەوارەیەوە یەک پانتۆڵی جینزی لە پێ کردبوو کە وەکو فیل تیا جەڕابووەوە و یەک پشتێنی کابۆیەکانیشی لە سەر بەستبوو. ئینجا

بلوز و چاکەتێکی پیاوانەی فشی قاوەییان بە سەریدا کردبووە بەری و لەچکێکی گوڵگوڵیشیان بە سەریەوە بەستبوو.

یەک قاقای بەرزی لێ دا و گوتی هیچ منی نەکوشتووە جانتاکەی نەبێت کە وەکو وەرزشکارەکان کردبوویە کۆڵ. ئینجا هاتەوە سەر خۆی و گوتی: کە دوو هەفتە لەوەوپێش چووین سەریان بدەین لە ئۆردوگاکە، هەر جلی کوردیی خۆی لە بەردا بوو، کراس و کەوا و کۆڵوانە و سەروبەست و سەرپۆش بە سەریەوە، ڕێکوپێک خەڵک دڵی ڕوون دەبووەوە، بەڵام تۆ بڵێ بەو ڕۆژە و بەو پەلەپەلە ئەو جلەیان لە کوێوە بۆ پەیدا کردبوو؟

بەهرە گوتی:

– ئاخر ئەوە لێپرسراوی پەناهەندەکان ئەو جل و کەلوپەلانەیان بۆ دەبەن و بەسەریاندا دابەشی دەکەن.

خاتوو نەزیرە بۆ کچەکەی تەواو کرد و گوتی:

– ڕاست دەکەیت، ئەی نەبوو کە ئێمەش هاتین، وایان بۆ کردین. ئینجا دەستی دا لە قەنەفەکەی لە سەری دانیشتبوو و گوتی: ئەی قەنەفە و کەلوپەلەی ئێمەش هەر هیی ئەوان نەبوو کە تازە هاتین وەرگیران.

مامۆستا شەوکەت لە ژوورەکەی خۆیەوە هاواری لێ هەستا کە لەو کاتەی گەیشتبووە جێ، دیسان خەریکی پشکنینی نووسین و کتێب و کەلوپەلەکانی بوو. بۆیە هاتە قسە و گوتی:

- ئەوە بە چی ئەوەندە پێکەنین؟ ئەوە بۆ هەڵناسن نانێکمان بدەنێ؟

هەردوو کچەکەی هەستانە سەر پێ و گوتیان بە سەر چاو، هەموو شتێک ئامادەیە.

مامۆستا شەوکەتی باوکیان بەدەم خشەی لاپەڕەی نووسینەکانیەوە گوتی:

- بزانم پێتان نەگوتم لەوساوە بە چی پێدەکەنن؟ کێ چیی لێ قەوماوە؟

خاتوو نەزیرەی ژنی هەر لە شوێنی خۆیەوە بە بەرزییەوە گوتی:

- ئەوە باسی ماڵی تەهای خوشکەزامیان دەکرد. شکور ئیشی پەنابەرێتییەکەیان جێبەجێ بوو و قبوڵ کران. کوڕە نەخۆشەکەشی ڕەوانەی خەستەخانە کرا. لە ئۆردوگاکەش هەر ڕەوانەی خەستەخانە کرابوو.

لەو کاتەدا بەهرەی کچی بە سینییە خواردنەوە گەیشت و گوتی:

- وەڵا بابە گیان ئەوە بە خەجە خانی خەسووی کاک تەها پێکەنین، چونکە لە یەکەم ڕۆژەوە پانتۆڵی جینزی لە پێ کردبوو پشتێنی کاوبۆی بەستبوو بە پشتیەوە.

مامۆستا شەوکەت هەندێ لێوی پشکوت و زەردەخەنەی گرتی، زۆر کەم پێکەنیی و گوتی:

- پـانتۆڵی جینـزی لە پـێ کردبـوو و پشـتێنی کـابۆی بەسـتبوو؟ ئەوە هیچ نییە. ئێوە دوعا بکەن (بۆی فرێندێکیش) نەگرێت باشە.

خاتوو نەزیرە بە هەندێ تووڕەبوونەوە گوتی:

- ئەوە بـۆ وا بەو فەقیـرە دەڵێـی؟ ئەیەڕۆ ئەو لەوەدا مـاوە وای پـێ بڵێیت؟ گوناحت دەگات قسەی وا مەکە.

مامۆستا شەوکەت گەیشتە لای و سەیرێکی کرد و گوتی:

- بۆچی وا نەڵێم؟ ئەی کە ئەو ڕازی بێت پانتۆڵی جینز لە پێ بکات و پشـتێنی کـاوبۆی ببەسـتێ، بـۆچی ئەوەش ناکـات. بـۆچی ئەوانـەی هاتوون وایان نەکردووە؟

خاتوو نەزیر بە هەڵچوونەوە هەستایە سەر پێ و گوتی:

- ئەیەڕۆ تـو خـوا ئەوە قسـەیە دەیکەیـت؟ ئەیەڕۆ سـەیرکە چـی بەو داماوە دەڵێت.

کچەکانیان ترسان لەوەی دایک و باوکیان بیکەن بە شـەڕ، بە تـایبەتی کە خەتـای ئەوان بـوو ئەو قسـە و باسـەیان دامەزرانـد. بـۆیە کـچە بچووکەکەیان کە خۆشەویستی بـاوکی بـوو، لێیـان هـاتە پێشـەوە و بە دایکی گوت:

- دایە گیان ئەوە باوکم بە گاڵتەوە وا دەڵێت بۆ ئەوەی پێبکەنین.

خـاتوو نەزیـرە چـوو دەسـتی بشـوات تـاوەکو بێت نـان بخـوات. کە گەڕایەوە لایـــان، ســـەیری مێـــرەکەی کـــرد و بە زەردەخەنەیەکـــی تەوساوییەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ ئینجـا ئەوانەی هـاتوون و وایـان کـردووە، ئەوان گەنجـن و لەگەڵ مێردەکانیان تێک دەچن و هار دەبن و جیا بوونەتەوە. پیاوەکە شوێن یەکێ دەکەوێت و ژنەکەشی شوێن پیاوێکی تر، هیی واشیان هەیە بەینێکـی تـر دەگەڕێـنەوە لای یەکتـری دوای ئەوەی شـوقەی یەکێکیان دەدەن بە کرێ، چونکە کە جیا بوونەوە، شوقەیەکی دەدەنێ بـۆ خـۆی و منـاڵی کە تیایـدا بێـت پیـاوەکەش دیـارە شـوقەیەک وەردەگرێت. ئیتـر دوایـی وا دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ لای یەکتری و شـوقەی یەکێکیـان دەدەن بە کرێ. ئەمەش بۆ کاسپی و تیجـارەت وا دەکەن.

بەهرەی کچیان هاتە قسە و گوتی:

- دەی جـارێ وەرن و نانەکەتـان بخـۆن. سـەری خۆتـان بەو جـۆرە ساختەچییانەوە گێژ مەکەن. جاران کە دەمانگوت کوردین، ئەورووپـی خەریک دەبـوون بۆمـان دەگریـان. بەڵام ئێسـتە بە خـوا خەڵـک ڕووی نـایەت بڵێت کـوردم، ئەو بلـوفچی و هەرچیوپەرچیانە ئەوەنـدە شـتی خراپ دەکەن و ئابڕووی کورد دەبەن.

بەهرە دەستی دا بە سنگی خۆیدا و گوتی:

- ئۆهـ ئەگەر گوێتان لەو کچەی هاوڕێم دەبێت کە تەرجمانی دەکات لە بەینی ئەو پەنابەرانە و بەینی کاربەدەستانی حکومەت کە پەنابەر وەردەگرن، بە خوا دەیگوت هەر بۆ ئەوەی وەریان بگرن، نەوعێ قسە دەکەن، خەڵک هەر سەری سووڕ دەمێنێ. کچەکە دەیگوت زۆری ڕووم نییە بیڵێم. لە سەر مێزە بچووکەکەی نانخواردن دانیشت و دەستی دایە قاپ و کەوچک و کەوتە برنجتێکردن، بە ئەسپایی سەری لەقاند و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- دەی گوێ مەدەنێ، نانی خۆتان بخۆن. ئەوانە بە ئێمە چار ناکرێن و باسی پیسیی ئەوانە هەر نابڕێتەوە.

ئیتر هەموویان کەوتنە نانخواردن و پارووگلاندن و ملچەملچ.

مامۆستا شەوکەت بە گوپی پڕەوە ڕووی کردە کچەکانی و گوتی:

- دەستان خۆش بێت. ئەمە کامتان ئەم پلاوە خۆشەتان لێ ناوە؟ هەر بە ڕووتی دەخورێت بەبێ شلە و هیچ.

ڕووناک پێکەنیی و گوتی:

- دیارە بەهرە لێی ناوە.

دایکیشی پاروەکەی دەمی قوت دا و سەیرێکی کرد و گوتی:

- ئۆف دەستت نەناڵێ، ماشەڵڵا هەموو کارێک هەر لە خۆت دێت.

بەهرەش بە دڵێکی خۆشەوە گوتی:

- یاخوا نۆشی گیانتان بێت. باش بوو شکور ئەمڕۆ شەممە بوو و توانیم بێم. ئەگینا دام نابوو ئەگەر هاتنەکەتان ڕۆژێکی تر بوایە، دەبوو ئیزن وەربگرم لە ئیش.

لەو کاتەدا چرکەی کلیلی دەرگا هات، دەرگا کرایەوە مێردی بەهرە و مێردی ڕووناک و کوڕە گەورەکەی مامۆستا شەوکەت و خاتوو نەزیرە کردیان بە ماڵدا.

- هەموویان بە گەرمی کەوتنە بەخێرهێنانی یەکتری و دەستلەملان و هەرایەکی زۆر.

ئەمان لە سەفەر هاتبوونەوە و زۆر نەبوو گەیشتبوونە ماڵ، ئەو کوڕانەش لە دەرەوە و لە ئیش هاتبوونەوە. جەماعەت لە سەر سفرە جێیان بۆ کردنەوە و گوتیان دەی ئێوەش وەرن نان بخۆن. ئێستە زۆرتان برسییە. نەورۆزی کوڕی خاتوو نەزیرە کە تەمەنی نزیک ٣٠ ساڵ دەبوو و کوڕی گەورەی بوو، کە دایکی هاتە پێشەوە و دەستی کردە ملی، نەورۆز بەدەم ماچکردنی دایکیەوە گوتی:

- یاخوا بەخێر بێیتەوە. جێتان ئەوەندە دیار بوو، دەتگوت چەند مانگێک بوو دوور کەوتبوونەوە لێمان.

نەورۆز دایکی بەردا و چووە لای باوکی، لەوێش دەستیان کردە ملی یەک.

– وەرن باوکە، وەرن دانیشن، ماندوون دەزانم. کچەکانیش هەستان و جێیان بۆ کوڕەکان چۆڵ کرد و هەر کەسەیان قاپەکەی برد و چووە شوێنێکی تری ژوورەکە.

خاتوو نەزیرە سەیرێکی کوڕەکەی کرد و گوتی:

– ئۆهـ دایکت بمرێ، ئەوە بۆ ئەوەندە چڵکن دیاری؟ دەست و پلت هێشتا هەر ڕۆنی پێوەیە، قۆڵت، شانت، ئەمە چیت کردووە؟

نەورۆز پێکەنیی و گوتی:

– ئەمە لە کەیەوە خۆمم پاک کردووەتەوە و دەست و پلم شتووە، کەچی سەیرکە چیم پێ دەڵێن.

نەورۆز قسەکەت تەواو کرد و گوتی:

– لە بەیانیەوە لەژێر ئوتومبێلم و خەریکیانم ڕۆنیان دەگۆڕم و تایەیان دەگۆڕم. دە دیارە وا دیار دەبم. نەورۆز سەیرێکی دایکی کرد و بە گەرمی و خۆشییەوە گوتی:

– قەیناکە، ئەمرۆ دکتۆرە ملیۆنێرەکەی ئاشنام کە هەموو جارێک ئوتومبێلەکەی بۆ پاک دەکەمەوە، دەزانی ئەمرۆ چیی پێ گوتم؟ گوتی:

ئوتومبێله بچووکەکەم دیسان ڕۆنی لێ دەچێت. قەرارم داوە بیدەم بە تۆ، چونکە ئەوەندە ئیشت ڕێکوپێکە.

خاتوو نەزیری دایکی گوتی:

- ئینجا بە چەند دەتداتێ؟ پارەت لە کوێ بوو؟

نەورۆز بە خۆشییەوە گوتی:

- پارەی چی و بایی چەندی چی؟ هەروا بە خۆڕایی دەمداتێ بۆ خۆم. تۆ دەزانی ئەو دکتۆرە چەند دەوڵەمەندە؟

خاتوو نەزیرەی دایکی و خوشکەکانی و هەموویان دڵیان خۆش بوو.

دایکی هاتە قسە و گوتی:

- ئۆهـ یا ڕەبی خوا سەد ئەوەندەی تری بداتێ. ئەمە چۆن دکتۆرێکە، خەڵکی وا کوا ماوە و کوا هەیە لەم زەمانەدا.

فەرهادی مێردی بەهرە کە ئەویش لە کتێبخانەی گشتیی ستۆکهۆڵم ئیشی دەکرد، بەدەم گازگرتنەوە لە پاروو گوتی:

- دیارە ئوتۆمبێلەکەی زۆر کۆنە.

هەر خۆی وەرامی خۆی دایەوە و گوتی:

- ئینجا با کۆنیش بێت، هەر ماڵی ئاوا بێت.

نەورۆز پێکەنیی و بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

- کوره کاکه کۆنی چی؟ ڕاسته تازه نییه، بەڵام ئەو دکتۆره ملیۆنێره سـواری ئوتـۆمبێلی کـۆن و پەکـکەوته نـابێ. ئەوه ئەم ئوتـومبیله سووکەڵه بوو پێی دەچووه خەستەخانەکەی و سـەری نەخۆشـەکانی دەدا، چونکه سووکەڵه بوو.

مامۆستا شـەوکەتیش کەوته قسـه که لەوسـاوه زۆرتـر هـەر گـوێی لـێ دەگرتن. بەدەم نانخواردنەوه گوتی:

- وەڵا بابه کاری ڕاست بێت و لەجیاتیی ئێمەش سوپاسی بکه. ئینجا لەوه باشتر چی هەیه، مامۆستا شەوکەت سـەیرێکی کوڕەکەی کـرد و به خۆشییەوه گوتی:

- هەتیو ئیتر بۆ کوێم ویست، دەبێ بەبێ وەستان بمبەی.

فەرەیدوونی مێردی ڕووناک به گلەییەکی گاڵتەوه گوتی:

- تازه هات کۆنه خەڵات؟ ئەی مـامه گیـان مـن هەمـوو جـارێ نـاتبەمه ئەو مـاڵی ئاشـنایانەت و بـۆ ئەو شـوێنانەی بـۆی دەچیـت؟ لەپـڕ فەرەیدوون باسەکەی گۆڕی و گوتی:

- ده ئێـوه جـارێ باسـی سـەفەرەکەتانمان بـۆ بـکەن. ئێـوه بـۆ ئەو کۆنفرانسـه گەورەیه دەعـوەت کرابـوون، بـزانم هەر باسیشـی نـاکەن. ئێمه لەو ڕۆژەوه که ڕۆیشتبوون، خۆمان بۆ ئەو باسـه خۆشـه حـازر کردبوو که بزانین چیتان بۆ کورد کردووه.

خاتوو نەزیرە لە سووچێکی ژوورەکەوە هاتە قسە و گوتی:
- باسی کۆنفرانسەکەمان دەڵێیت؟ ئەو باسە بەم جۆرە باس ناکرێت. دەبــێ لە نــانخواردن ببیــنەوە و دانیشــین، بەدەم چــاخواردنەوەوە لەسەرخۆ باسی بکەین، باسی ئەو سەفەر و ئەو چوونە بۆ کۆنفرانس دانیشتنی تایبەتی پێویستە.
هەمــوو دانیشــتوان کردیــان بە هەرا و خۆشــی. هەر کەســێکیان قسـەیەکی کـرد و بە پەلە چـاوەڕێی گێـڕانەوەی بـوون. لە نـانخواردن بوونەوە، سفرە هەڵگیرا و مێزی نانخواردن سڕایەوە و سینی و پیاڵە و ترمـزە چـای لە سـەر ڕیـز کـرا. جەماعـەت هەمـوو کـۆ بـوونەوە و دانیشــتن. ڕوونــاک هەنــدێ خــۆی گــورج کــرد و دەســتی کــرد بە چــاتێکردن و دابەشــکردنی بەســەریاندا. کە ڕیــزی چادابەشــکردن گەیشتە مامۆستا شەوکەتی باوکی، باوکی دەستی برد بۆ چایەکەی و بە ڕوویەکــی خۆشــەوە ســەیرێکی ڕوونــاکی کچــی کــرد کە زۆر بە تەمبەڵـی و دەمدرێژ و بیانووگر نـاوی دەرکردبوو. بـاوکی سـەیرێکی دانیشتوانی کرد و هەر وەک ڕقیان هەستێنێ، گوتی:
- بێنە هەی دەسـتەکانت خۆش بێ، دەبـا هەر بڵێن ئەم کچە جـوانەم کەمتــەرخەم و تەمەڵ و قڕەقـڕکەرە. ئەوانەی وا دەڵـێن بـۆ خۆیـان وا

دەڵـێن، دە سـەیری ئەم چـایە جـوانە بـکە و ئەم کـووپ و پیـاڵە پـاکە، بزانە چای دەستی کێ وا بەتام و ڕێکوپێکە.

فەرەیدوونی مێردی ڕووناک هەڵی دایێ و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- بـۆچی مـامە گیـان؟ تـۆ هێشـتا چـایەکەت خـواردەوە وا کەوتیـتە مەدحی؟

لێرەدا ڕووناک بە سینییە چایەکەوە یەک ئاوڕی لە مێردەکەی دایـەوە کە دە سـاڵێک لە خـۆی گەورەتـر بـوو. بە یەک شـریخە قیڕانـدی بەسەریدا و گوتی: ئەوە بۆ وا دەڵێیت؟ ئەم داخە چییە لە دڵتدا؟

خـاتوو نەزیـرە بە هەنـدێ هەڵچـوونەوە هـاتە قسـە، ڕووی کـردە کچەکەی و گوتی:

- ئەوە چییە کچم، پەنا بە خوا قسەی گاڵتە و خۆشیش نەماوە، بۆچی فەرەیدوون چیی گوت؟

نەورۆز کە زۆر ڕووخـۆش و گـاڵتەچی بـوو، چـایەکەی لە دەسـت ڕووناکی خوشکی وەرگرت و بە ئەسپایی سەری لێ بردە پێشـەوە و پێی گوت:

- ئـای بـرا کە هـار و دەمـدرێژی. بە ڕاسـتی لەم هـونەرەدا یەکەمـی لە چاو نەچی. تاوەکو ئامە جەندرمەشت ناگاتێ.

ڕووناک لەجیاتیی تووڕە بێت، بە پێچەوانەوە، بە قسەی براکەی زۆر پێکەنیی، چونکە لەگەڵ براکەی زۆر ڕێک بوون و زۆری خۆش دەویست. بۆیە بەدەم قاقای پێکەنینەوە بە براکەی گوت:

- ئامە جەندرمە کێیە؟

خاتوو نەزیری دایکی هەڵی دایێ و لەجیاتیی کوڕەکەی وەرامی دایەوە و گوتی:

- ئامە جەندرمە ژنێکی هاری جەربەزە بوو لە گەڕەکی قەزازەکانی سلێمانی. لەبەر ئامە جەندرمە زۆر جار کەم کەس دەیانوێرا بە کۆڵانەکەدا تێ بپەڕن ئەوەندە بیانووی پێ دەگرتن و شەڕی پێ دەفرۆشتن. لە ناو بازاڕ و قەیسەرییشدا خەڵکی خۆیان لێی لادەدا.

مامۆستا شەوکەت قومێکی لە چایەکە دا و گوتی:

- یەعنی لای ئێوە ڕووناک وایە؟ ئەوەندە هارە؟

نەورۆز بە پێکەنینێکی لەسەرخۆوە گوتی:

- وەڵا بڵێم چی؟ تۆزێکی ماوە وای لێ بێ.

ڕووناک قسەی نەکرد، کووپە چایەکەی برد و بەدەم بۆڵەبۆڵەوە چووە چێشتخانە.

بەهرە و مێردەکەی هەر وەک دەیانویست ئەو باسە کۆتایی پێ بێنن، بۆیە یەک لە دوای یەک پەلەی گێڕانەوە و باسی کۆنفرانسەکەیان

کـرد. بە تـایبەتی کە دەبـوو بگەڕێـنەوە ماڵەکەیـان کە دوور بـوو و دەبوو دوو شەمەنەفەر بگۆڕن تاوەکو دەگەیشتن.

ئاخری خاتوو نەزیرە سەیرێکی مێردەکەی کرد و گوتی:

- دە باسیان بۆ بکە. ئیتر ئێمەش ناخۆشمان کرد.

مامۆستا شەوکەت سەیرێکی کرد و گوتی:

- ئەی تـۆ بـۆ باسـیان بـۆ ناکەیـت، تـۆ لە مـن باشـتری دەگێـڕیتەوە. وردەبابەتەکانیشی باشتر دەزانیت.

خاتوو نەزیرە بە زەردەخەنەوە گوتی:

- باشە مـن ئەو باسـەتان بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام بـا ڕووناکیش بێت و گوێ بگرێت. چونکە باسی تۆزێکم بۆ کردن لەگەڵ بەهرە.

نەورۆزی بـرای بـانگی کـرد و ڕووناکیش بێدەنگ هـات دانیشـت، هەر وەک لە دەروونیدا لە خۆی تووڕە بووبێت.

- ڕاسـت دەکەن خەریکـم لە تـامی دەردەکەم. بـۆ ئەوەنـدە دەقیـڕێنم بەسـەر هەمـوو کەسـێکدا؟ وەڵا ئیتـر هەوڵ دەدەم وا نەکەم. ئەو فەرەیـدوونە دامـاوە چیـی گـوت وا چـووم بە گژیـدا و شـاتاندم بەسەریدا.

خاتوو نەزیر سەیرێکی دانیشتوانی کرد و گوتی:

- فایدەی چی؟ کەس نەبوو فیلمێکی ڤیدیۆییمان بۆ بگرێت، تاوەکو بتاندییایە کە چۆنمان ڕادەبوارد.

نەورۆزی کوڕی بە گەرمییەوە دەستی هەڵبڕی وگوتی:

- ئاخ خۆزگە لەگەڵتان بوومایە، ئەوسا ئیتر هەر خەریکی ڕەسمگرتن و ڤیدیۆگرتن دەبووم.

مامۆستا شەوکەتی باوکی سەری ڕاوەشاند و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- دە تۆ جارێ ڕاوەستە با باسەکەتان بۆ بکات.

فەرهادی مێردی بەهرە بە خۆشییەوە هاتە قسە و گوتی:

- هەی دەستتان خۆش بێت. بە ڕاستی بانگکردن بۆ ئەم جۆرە کۆنفرانسانە زۆر قازانجی هەیە. ئینجا دەست کێ دەکەوێت؟ ئینشائەڵا کورد بەختی هەستاوە.

مامۆستا شەوکەت لەم هەموو پێچوپەنا و دوورودرێژییە تاقەتی چوو، ڕووی کردە ژنەکەی و بە هەندێ هەڵچوونەوە گوتی:

- دە بیبڕێنەوە و قسەکەت تەواو بکە.

دانیشتوان هەر کەسە قسەیەکی کرد و چاویان بڕییە دەمی خاتوو نەزیرە.

خاتوو نەزیرە چاری نەما، بە پێکەنینەوە دەستی کێشا بە سنگی خۆیدا و گوتی:

- ئۆهـ ڕۆڵە یاخوا کەس کۆنفرانسی وا نەبینێت، کۆنفرانسی چی؟ هەر ئەوەندەمان خۆش بوو تاکو گەیشتینە جزیرە خۆشەکەی نزیک یۆنان. خاتوو نەزیرە تۆزێ ڕاوەستا و بیری کردەوە، دوایی گوتی: وەڵا بیرم نییە، ناوی جزیرەکە هەندێ قورسە. دەی هەرچۆنێک بێت، تا ئەوێمان خۆش بوو، ئیتر لەوێوە پەنا بە خوا کافر بە حاڵمان بوایە، هەر کەس بە کەس نەبوو، خەڵک دەبوون بە ژێر پێوە، حەواڵە بە خوایانە ئەوەندەیان خەڵک بانگ کردبوو، لە هەموو شوێن و کەرت و قوژبنی دونیاوە، هەر باس ناکرێت و ناگێڕرێتەوە، ئەشهەدوبیلا هەر نانی زۆر هەبوو و خواردنی زۆر و مشە هەبوو و هیچی کە.

نەورۆزی کوری بە سەرسووڕمانەوە سەیری کرد و گوتی:

- ئەی باسی کورد؟ نامە و سکاڵاخوێندنەوە کە باوکم بەسەزمانە مانگێک بوو خەوی لێ حەرام بووبوو؟

خاتوو نەزیر بە ئەسپایی پێکەنیی و گوتی:

- سکاڵانامەی چی و پسووڵە و کاغەزی چی؟ تۆ هەر بڵێ باش بوو بە سەلامەتی گەڕاینەوە. ئەمە دوو شەو بوو لە ناو پاپۆڕدا گیرمان خواردبوو و نەدەبوو دابەزین.

مامۆستا شەوکەت بە گەرمییەوە گوتی:

– قەیناکا، هەندێکیان گوتیان سکاڵانامەکانتان بە پۆست بنێرن بۆ جێ گشتییەکەی حقوقی ئینسان، ئەدرەسەکەشیان داینێ.

خاتوو نەزیر هەستایە سەر پێ و گوتی:

– دە یا خوا وابێت، بەڵام بە خوا باوەڕیان پێ ناکەم، ڕەنگە ئەوساش کەس سەیریان نەکات. خاتوو نەزیر وای گوت و ڕووی کردە حەمامەکە و گوتی: با جارێ بچم نوێژەکانم بکەم، زۆر قەرزارم هەموویم لەسەر کۆ بووەتەوە.

کوڕەکان و کچەکان هەموو سەریان لەو قسانە سووڕ ما. هەندێ جنێویان پێ دان کە کەی کەس هەبووە لەسەر فەقیر بکاتەوە و گوێ لە سکاڵاکانی بگرێت. هیی دیکەشیان پێکەنین و گوتیان:

– گوێ مەدەنێ. هەر چۆنێک بێت، بۆ خۆتان سەفەرێکتان کرد و ناوچەگۆڕینتان کرد و بینی.

دکتۆر عادلیش لە لەندەن هەر سەعات و ڕۆژی دەژمارد کە کەی ڕۆژی پێنجشەممە دێت تاوەکو بچێت بە پیر ڕۆزە و دایک و باوکیەوە و لەوساوە کە لە سەفەری کۆنفرانس گەڕابووەوە، دوو سێ جار تەلەفۆنی بۆ کردبوون و هاتنەکەیان هەر دوا دەکەوت. بەڵام ئەم پێنجشەممەیە تەواو، یەعنی دوو ڕۆژی تر دەگەنە لەندەن. دکتۆر سەری خۆی قاڵ

کردبوو. ئەو چەند ڕۆژە و ئەوەتی گەڕابووەوە، هەر خەریکی شوقەکەی و شتنی بەرگەنوێن و کڕینی بەرگەسەرین و پڕکردنی سەلاجە بوو لەبەر ڕۆزە و دایک و باوکی، بۆیە لە سەر ئاگر چاوەڕێی دەکردن.

ڕۆژی پێنجشەممە گەیشت. دکتۆر عادلیش گەیشتە فرودگای هێژروو، خۆشی بە چاکی تاسولووس دابوو و شیک کردبوو، بە پەرۆشەوە هەر سەیری تەلەفزیۆنی فرودگای دەکرد و ژمارە و ناوی فڕۆکەکانی دەخوێندەوە و بە خەیاڵ هەموو کارێکی بۆ خۆی ئاسان کردبوو.

ئێستە فڕۆکەکە نیشتەوە و ڕۆزە و دایک و باوکی دێنە دەرەوە، یەکسەر سواریان دەکات و دەیانباتە فلات و شوقەکەی خۆی تا پشوو بدەن و نان بخۆن. دوایی دەیانباتە دەرەوە و لەندەنیان دەگێڕێ، ڕەنگە هەر ڕازییان بکات شوێنی کرێ نەگرن و لە فلاتەکەی ئەودا بن، لەوانەیە پێشیان بڵێت:

- ئێوە لێرە بن و خۆم دەچم بە شەو لەگەڵ هاوڕێکەم دەبم، ئەی بۆ نا؟ لەوە باشتر؟ هەمووی دوو هەفتەیە، بۆ من ئاسانە و بۆ خۆشیان قازانجە. پارەکەیان بۆ دەمێنێتەوە، ئەو هەموو کارانەی من دەیکەم و دە ئەوەندی تریش هەر ناکاتە زەردەخەنەیەکی ڕۆزەی جوان.

دکتۆر عادل لەو خەیاڵانەدا بوو کە لەپڕ سەری هەڵبڕی سەیری تەلەفزیۆنەکە بکات کە لیستەی فڕۆکەکان چی دەڵێت، دکتۆر یەک

مـوچڕکی خۆشـی پیـادا هـات کە بینیـی فـڕۆکەکە نیشـتووەتەوە و وا ڕێبوارەکان لە هۆڵی جانتـا و کەلـوپەل وەرگرتـدان. دکتـۆر عـادل وەک منـداڵ و هەرزەکـاری لـێ هـات و کەوتە چـاوگێڕان و ڕاوەسـتان و پیاسـە، ڕێبـوار بە لێشـاو دەهـاتنە دەرێ، بەڵام پـارچە نووسـینەکانی سـەر کەلوپەلەکانیـان دیـار بـوو کە لە شـوێنێکی تـرەوە هـاتوون و بە فڕۆکەی تر هـاتوون، ئاخری لە دوای پەرۆشـی و چاوەڕوانییـەکی پڕ هەراسـان، سـەری دایـک و بـاوکی ڕۆزە دەرکەوت، ئەمە ڕۆزەش بەدوایـانەوەیە. ئەی ئەمە کێـیە لە تەنیشـتیەوە وا بە گەرمـی قسـەی لەگەڵ دەکات؟ ڕەنگە یەکێ لە خزمەکانی ئەوییـان بێت کە ئەو چەند ڕۆژە لەماڵیان بوون لە جزیرەکە. لە دوورەوە ڕۆزە چاوی بە دکتـۆر کەوت و کەوتە دەسـتبەرزکردنەوە و دەستڕاوەشـاندن بـۆی بەدەم زەردەخەنە و ڕووی خۆشەوە. بە گەیشتنی دایک و باوکی باوەشیان کرد بە دکتۆردا و بە گەرمییەکی زۆرەوە هەواڵیان پرسی.

ڕۆزەش دەستی دایە دەستی دکتۆر و دەستی گوشـی و باوەشـی پێدا کرد و ماچیشی کرد.

دکتۆر چاوی لە خۆشـیاندا ڕێشکەوپێشـکەی کرد و وەک سەرخۆشـی لێ هات.

- ئەی هاوار خوایە گیان ئەوە چ بوو؟

- وای لەو دەم و لێوە گەرم و بەتینە.

- هاوار کاس بووم لە بۆنی عەتر و گوڵاوی.

دکتۆر لەپڕ هاتەوە سەر خۆی و سست بوو کە ڕۆزە ڕووی کردە کوڕەکەی لەگەڵی بوو، سەیرێکی دکتۆری کرد و بە یەکی ناساندن.

بە کورەکەی گوت: ئەمە (اونکل) (مام یا خاڵ) دکتۆر عادلە و بە دکتۆر عادلیشی گوت: ئەمە هێنریی دەستگیرانمە.

باوکیشی زۆر بە گەرمی سوپاسی دکتۆری کرد و گوتی:

- بە تەلەفۆن ئوتێلێکی باش و هەرزانمان لە ناو لەندەن دەست کەوت، بۆیە ئیتر تۆ ئەزیەت مەکێشە، خۆمان دەڕۆین. دوایش تەلەفۆن لەگەڵ یەک دەکەین بۆ ئەوەی یەکتر ببینین. لەگەڵ ئەم قسەیە لێیان دا و شوێن کوڕەکە کەوتن کە یەکێ لە ناسیاوەکانی کوڕەکە هاتبوو بەدوایاندا.

دکتۆر لە شوێنی خۆی سڕ بوو، بە حەپەساوی ڕاوەستا و نەجووڵایەوە. پاشان بە مەلولی و هەنگاوێکی بێتین و لەسەرخۆ و وەک نەخۆشێکی بێحاڵ ڕووی کردە شوێنی ڕاگرتنی ئوتومبیلەکەی و گەڕایەوە ئەو شوێنەی لێی هاتبوو.

**گەلاوێژ**

**لەندەن ٢٠٠٣**